
# رۆژنامە

لە ئێستادا هەفتانە کۆمپانیای وشە دەریدەکات

ژمارە 552 سێشەممە 20/ 10/ 2009 نرخ 750 دینار No.552 Tue 20/ 10/ 2009


٥

## یەکێتی زیاتر لە (٣٤٠) ملیار دیناری حکومەت دەبات

# نەوشیروان مستەفا: پێویستە دەزگای لێپرسینەوە دروستبکرێت

# پەرلەمانتارێک: عەدنان موفتی دەدەینە دادگا، چونکە زانیاریی شاردووەتەوە

# چاودێری دارایی: راپۆرتەکانمان بۆ گفتوگۆکردن ناردووە بۆ پەرلەمان

**رۆژنامە**

فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان داوای لێپێچینەوە لە سەرۆکی پێشووی پەرلەمان دەکات، بە هۆی ئەوەی کە «راپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی لەسەر گەندەڵی دەزگاکانی حکومەت شاردووەتەوەو نەیخستووەتە بەردەم پەرلەمانتاران بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەسەر ئەو راپۆرتانە».

د.ڕێباز فەتاح ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان بە رۆژنامەی راگەیاند: لە سەردانێکماندا بۆ لای سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی، بۆی ئاشکرا کردین، کە راپۆرتەکانی سالی (٢٠٠٨) و (٢٠٠٩)ی دیوانی چاودێری دارایی ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوەو لەلایەن عەدنان موفتی سەرۆکی پێشووی پەرلەمانەوە وەرگیراون.

د.ڕێباز زیاتر وتی: بەڵام نازانین بۆچی ئەو راپۆرتانە لە پەرلەمانتارەکانی خولی دووەم شاردراونەتەوەو نەخراونەتە بەردەستیان بۆ تاووتوێکردنی، هەربۆیە لیستی گۆڕان بەنیازە رێوشوێنی یاسایی لە دژی عەدنان موفتی سەرۆکی پێشووی پەرلەمان بگرێتەبەرو سکاڵای یاسایی لە دژی تۆمار دەکەین، ئەگەر روونکردنەوەی پێویست نەدات بە دەستەوە.

هاوکات عومەر عەبدولڕەحمان ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی کوردستانی، کە هاوکات لە خولی دووەمیشدا پەرلەمانتار بووە، بە رۆژنامەی وت: «ئاگاداری ئەو راپۆرتەی دیوانی چاودێری دارایی نین‌و نازانم، ئەگەر هاتبێتە سەرۆکایەتی پەرلەمان یان نا، ئەگەر هاتبێتیش نەخراوەتە بەردەستی ئێمە، وتی: «پێویستە هەموو راپۆرتەکان لە پەرلەماندا تاووتوێ بکرێت، بەتایبەت راپۆرتە داراییەکان هەڵوەستەی لەسەر بکرێت‌و تەعمیم بکرێت بۆ پەرلەمانتارەکان، ئەو پەرلەمانتارە وتیشی: «بەپێی یاساش شاردنەوەی زانیاری بە تاوان ئەژمار دەکرێت‌و پێویستە روونکردنەوەی بەدوادابێت».

عەدنان موفتی سەرۆکی پێشووی پەرلەمان لە چاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستاندا تەئکیدی لەسەر ئەوە کردەوە، کە راپۆرتی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی وەرگرتووە، «بەڵام بەشێوەیەکی شەخسیی بووە، نەک بە فەرمی»، بەڵام سەرچاوەیەکی ئاگادار لە دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی، دوێنێ ئەوەی بۆ رۆژنامە تەئکید کردەوە، کە دیوانی چاودێری دارایی (سلێمانی) لە ساڵی (٢٠٠٨)دا (١٣) راپۆرتی لەدوای بەستنەوەی دیوانی چاودێری دارایی بە پەرلەمانی کوردستانەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان ناردووە، بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەناو هۆڵی پەرلەماندا.

هەر بەپێی لێدوانی ئەو سەرچاوەیەی دیوانی چاودێری دارایی، تا رۆژی (٢٠٠٩/٨/٢٠)، (٤٠) راپۆرتی دیکەی ساڵی ٢٠٠٩یان ناردووە بۆ پەرلەمان‌و سەرچاوەکە ئەوەشی رەتکردەوە، کە راپۆرتەکان بە شەخسیی نێردرابن‌و دووپاتیکردەوە کە ناردنی ئەو راپۆرتانە بە رەسمیی بۆ پەرلەمان بووە.

لەلایەکی دیکەوە، نەوشیروان مستەفا، نەبوونی دامەزراوەیەکی باڵا بۆ چاودێریکردن‌و لێپێچینەوە لە کارەکانی نوێنەرانی هەرێمی کوردستان لە بەغدا، بە کێشەیەکی یاسایی‌و دەستووریی دەزانێت، بە پێویستیشی دەزانێت لە قۆناغی داهاتوودا ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت، لە لێدوانێکیدا بۆ کەناڵی ئاسمانی (KNN) نەوشیروان مستەفا رایگەیاند: «لە کوردستانی عێراقدا هیچ دەزگایەک، دامەزراوەیەک‌و شوێنێک نییە، بەرپرس بێت لەو کەسانەی نوێنەرایەتی هەرێم دەکەن لە بەغدا، چ لە وەزارەتەکانی عێراقدا وەکو وەزیر، چ لە پەرلەمانی عێراق وەکو نوێنەرانی هەرێم، دەزگایەک نییە دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت لێپرسینەوە لەمانە بکات، نە حکومەتی هەرێم، نە سەرۆکایەتی هەرێم‌و نە پەرلەمان، بزانێت ئەدایان لەو ماوەیەدا کە لە بەغدا کاربەدەست بوون لە حکومەتی ناوەندیدا، یان وەکیلی وەزیر بوون، یان ئەندام پەرلەمان بوون، یان سەفیر بوون لە وەزارەتی دەرەوە، بزانرێت ئەدایان چۆن بووە».

**لە ل (٢و ٤) دا دوو راپۆرت لەوبارەیەوە بڵاوکراوەتەوە**

## «کورد بە کەمتر لە نیوەی کورسییەکانی کەرکوک رازییە» ل٢

## «ئەگەری زۆر هەیە کۆمەڵ نەچێتە ناو حکومەت»

**بەرهەم خالید**

راوێژکاری ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیی رایگەیاند: ئەگەری بەشدارینەکردنی حیزبەکەی لە حکومەتدا بەهێزترە، تا بەشداریکردن.


کامەران بابانزادە، راوێژکاری عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان لە لێدوانێکدا بە رۆژنامەی راگەیاند: « ئەگەر حکومەت بە مەرجەکانمان بۆ بەشداریکردن رازی نەبێت، بەشداریی کابینەی شەشەم ناکەن‌و وەک ئۆپۆزسیۆن دەمێننەوە».

وتیشی: رەتکردنەوەی مەرجەکان، کۆمەڵی ئیسلامیی دەخاتە بەردەم دوو ئەگەر: یان دەبێت بەبێ مەرج بەشداریی بکات، یاخود بەشداریی حکومەتی داهاتوو نەکات، کە بەپێی وتەی کامەران بابانزادە؛ «ئەگەری دووەم بەهێزترە لەبەر ئەوەی چاوەڕوان ناکرێت حکومەت مەرجەکانی کۆمەڵ قبوڵ بکات».

راوێژکاری ئەمیری کۆمەڵ ئەوەشی ئاشکراکرد؛ «زۆرینەی سەرکردایەتی کۆمەڵ لەگەڵ بەشداریکردندایە بە مەرج، بەڵام لە حالەتی جێبەجێنەکردن‌و رەتکردنەوەی مەرجەکانیان پێیان باشە بەشداریی حکومەت نەکەن».

١٦-١٧

## خاوەن پرۆژەکان سوودمەندی سەرەکین لە سندوقی نیشتەجێبوون، نەک هاوڵاتی



## بەڕاست کێ دۆڕاوە؟

٤ بابەکر دڕەیی

١٢

## کار بۆ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی وەزیری ناوخۆ دەکرێت









# سەرۆکی پەرلەمان، گفتوگۆی پەرلەمانتارانی لەگەڵ وەزیردا سنووردارکرد

# کوێستان محەمەد: «وەڵامەکانی ئاشتی هەورامی قەناعەتپێکەر نەبوون»

**ئیبراهیم عەلی**

بەشێک لە پەرلەمانتارانی کوردستان پێیانوایە؛ وەڵامەکانی ئاشتی هەورامی نەیتوانی گومانەکان بڕەوێنێتەوە. ئەمەش دوای ئەوەی کە دوێنی وەزیری سامانە سروشتییەکانی هەرێمی کوردستان لە دانیشتنی پەرلەمانی کوردستاندا وەڵامی بەشێک لە پرسیاری پەرلەمانتارانی دایەوە، کە تایبەت بوون بەو گومانانەی کە هەن لەمەڕ دۆسیەی دەرهێنانو فرۆشتنی نەوت لە هەرێمی کوردستان.

فراکسیۆنی گۆڕان، کە چەند ڕۆژێک بەر لە ئێستا لە ڕێگەی دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە داوایان لە ئاشتی هەورامی کرد بێتە هۆڵی پەرلەمانو ڕاستییەکانی کێشەی نێوان کۆمپانیای (دی ئێن ئۆ)ی نەرویجیو بۆرسەی ئۆسلۆ، هەروەها تێوەگلانی ئاشتی هەورامی لەم ڕووەوە بۆ پەرلەمانتاران روون بکاتەوە.

کوێستان محەمەد سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان، لە پەرلەمانی کوردستان ئەوەی ڕاگەیاند؛ ئەوان ڕێگەیان پێ نەدراوە تەواوی پرسیارەکانی خۆیان بکەنو ئەو پرسیارانەشی کە ئاراستەی وەزیریان کردووە، وەڵامەکانی وەزیر وەڵامی قەناعەتپێکەر نەبوون.

کوێستان محەمەد پشتیوانی فراکسیۆنی گۆڕانی لە پەیڕەوکردنی سیاسەتێکی ستراتیژی ڕۆشن کرد لەمەڕ گەڕانو تەنقیبو بەرهەمهێنانی نەوتو گاز لە کوردستان.

لەلایەکی دیکەوە فراکسیۆنی گۆڕان لە ڕوونکردنەوەکەیدا ئەوەی خستووەتە ڕوو، کە ئەوان پێشوازی لە سەرمایەگوزاری جیهانیو هاتنی کۆمپانیا خاوەن سومعە گەورەکانی جیهان دەکەنو دژی هەموو ئەو پیلانو کۆششانەن، کە نەیارانی ئەزموونی هەرێمی کوردستان دەیخەنە گەڕ بۆ شکستهێنان بە پیشەسازیی نەوت لە کوردستان.

ئاشتی هەورامی وەزیری سەرچاوە سروشتییەکانی حکومەتی هەرێم سەبارەت بەو کێشەیەی کە ڕوویدا ڕایگەیاند: ئەوان وەک حکومەتی هەرێم بەشێک نەبوون لەو کێشانەو ئەسڵی کێشەکە لە نێوان بۆرسەی ئۆسلۆو کۆمپانیای (دی ئێن ئۆ) بووە، بەڵام «گرفتی گەورەی بۆرسەی ئۆسلۆ ئەوە بووە، کە زانیاری نەبووە لەمەڕ کڕیاری ئەو پشکانەی کۆمپانیای (دی ئێن ئۆ)، هەروەها ئەو کۆمپانیایەش ئەو زانیارییانەی لە بۆرسەکە شاردووەتەوە».

ئاشتی هەورامی لە کۆبوونەوەکەی پەرلەمانی کوردستاندا ڕەخنەی لە ڕۆژنامە کوردییەکان گرت، بەوەی کە «زانیاری نادروست»یان لەم بارەیەوە بڵاوکردووەتەوەو بۆ پشتڕاستکردنەوەی هیچ زانیارییەک پەیوەندییان بە وەزارەتەکەیەوە نەکردووە، ئەمە لە کاتێکدا خودی وەزیر لەدوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکەی پەرلەمان، هۆڵی کۆبوونەوەی جێهێشتو وەڵامی پرسیارەکانی هیچکام لە ڕۆژنامەنووسانی نەدایەوە.

لەدانیشتنەکەی دوێنێدا سەرۆکی پەرلەمان گفتوگۆی پەرلەمانتارانی لەگەڵ وەزیری بانگهێشتکراو سنووردارکردو داوایکرد کە هەر لیستێک دەبێت چەند ئەندامێکیان پرسیار بکەن، کە لە لیستی کوردستانی پێنج ئەندام قسەیان کردو گۆڕانیش تەنیا کوێستان محەمەد پرسیاری کرد، هەروەها لە لیستی خزمەتگوزارییو چاکسازیش دوو پەرلەمانتار قسەیان کرد، لە هۆڵی پەرلەماندا کوێستان محەمەد ڕەخنەی لەو جۆرە ڕێگەدانە گرتو ڕایگەیاند «هیچ بڕگەو مادەیەک لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەماندا نییە، کە بەمشێوازە قسەکردن لەنێو هۆڵدا دابەشبکرێت».

ئەحمەد سلێمان ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی خزمەتگوزارییو چاکسازی سەبارەت بە ڕێگەنەدان بە بەشێک لە پەرلەمانتاران، کە پرسیار ئاراستەی وەزیری سامانە سروشتییەکان بکەن بۆ ڕۆژنامە وتی: «دەبوو دەستەی سەرۆکایەتی ڕێگەیان بە تەواوی پەرلەمانتاران بدایە پرسیار بکەن، چونکە زۆر پرسیار هەبوو لای پەرلەمانتاران بەبێ وەڵام ماونەتەوە».

# یەکگرتوو و کۆمەڵ ناڕازین

# پارتیو یەکێتی پۆستی باڵیۆزەکانیان دابەشکرد

**ئارام شێخ وەسانی**

پاش ئەوەی هەریەکە لە سەرۆک وەزیرانو سەرۆکی کۆمار ڕەزامەندییان نیشاندا بە دانانی (٥٣) باڵیۆز لە وڵاتانی دەرەوە، کە (١٣)یان بەر کورد کەوتوون، پارتیو یەکێتی هەریەکە (٦) باڵیۆزیان بۆخۆیان داناوەو یەکێکیشیان داوە بە یەکگرتوو.

د.محەمەد ئەحمەد، سەرۆکی کوتلەی یەکگرتوو لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند «وەک هەموو پۆستەکانی دیکە پارتیو یەکێتی ئەو (١٣) باڵیۆزەیان دابەشکردووە لەنێوان خۆیاندا، (هەریەکەیان ٦ باڵیۆز)، یەکگرتووش باڵیۆزێکی بەرکەوتووە، بەڵام ئێمە چاوەڕێی دوو باڵیۆزمان دەکرد، ئێمە پێنج کورسیی پەرلەمانیشمان هەیە، بەڵام بە هەزار حاڵ ئەو باڵیۆزەشمان پێدراوە».

لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵی ئیسلامیی کە لە هەڵبژاردنی ڕابردوودا هاوپەیمانی لیستی پارتیو یەکێتی بوو، بەڵام وەک ئەندامێکی مەکتەبی سیاسییان باسیدەکات، «تائێستا هیچ حیسابێکیان بۆ نەکراوە» نەک لە پۆستی باڵیۆزەکاندا، بەڵکو لەهەموو ئیمتیازو پۆستەکانی بەغداش بێبەشکراون.

زانا ڕۆستایی، ئەندامی سەرکردایەتی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامیی لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئێمە لەگەڵ ئەوەی کە هاوپەیمان بووین لەگەڵ یەکێتیو پارتیدا، بەڵام تائێستا لە هیچ ئیمتیازێک نە لە بەغداو نە لە دەرەوە، وەک باڵیۆزەکان سوودمەند نەبووین، تەنانەت کارمەندێکمان نییە لە وەزارەتەکانی بەغدادا».

ڕۆستایی، پێیوایە، ئەو هەڵسوکەوتەی پارتیو یەکێتی ئەزموونێکی خراپ بوو لە ڕابردوودا، بۆیە حیزبەکان لە هەڵبژاردنی ئەمجارەدا ڕەچاوی ئەو ئەزموونە دەکەن «لە ڕاستیدا ئەوە شتێکی خراپەو وادەکات کە حیزبەکان لە هاوپەیمانێتیی پارتیو یەکێتی بترسن لەوەی کە ئیمتیازاتەکانیان دەفەوتێت، ئێمە نموونەمان هەیە، وەک یەکگرتووی ئیسلامیی کە بەجیا بەشداریی هەڵبژاردنەکانی کرد، سەنگی زیاترەو حیسابی زۆر باشتری بۆ کراوەو لە ئیمتیازاتەکان بێبەش نەکراوە».

## قسەیەک لە ئاگاییەوە

لە ژمارەی (٥٠٠٢)ی (کوردستانی نوێ)دا، وتارێک بە ناوی «بەشی هەواڵو سیاسەت»ەوە بڵاوکراوەتەوە، بە ناونیشانی «ئەی کێ لە ئێوە بپرسێتەوە»، بە بۆچوونی خۆیان ئەو وتارە وەڵامێکە بۆ ئەو چاوپێکەوتنەی کە ڕۆژێک پێشتر نەوشیروان مستەفا لەگەڵ کەناڵی KNNدا کردبووی‌و تێیدا وتبووی «لە کوردستانی عێراقدا هیچ دەزگایەک، دامەزراوەیەک، لایەنێک، شوێنێک نییە، نە حکومەتی هەرێمی کوردستان نە سەرۆکایەتی هەرێمو نە پەرلەمانی کوردستان، بەرپرس بێت لەوەی ئەوانەی نوێنەرایەتی هەرێم دەکەن لە بەغدا، چ لە وەزارەتەکانی عێراقدا وەکو وەزیر، چ لە پەرلەمانی عێراق وەکو نوێنەرانی هەرێم، دەزگایەک نییە دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت لێپرسینەوە لەمانە بکات، بزانێت ئەدایان لەوماوەیەدا کە لە بەغدا کاربەدەست بوون لە حکومەتی ناوەندیدا، یان وەکیلی وەزیر بوون، یان ئەندام پەرلەمان، بوون یان سەفیر بوون لە وەزارەتی دەرەوە، بزانرێت ئەدایان چۆن بووە».

کوردستانی نوێ سەرەڕای ئەوەی هەر لە بنەڕەتەوە بە هەڵە لە قسەکانی نەوشیروان مستەفا تیگەیشتووە، یان لەوانەشە بە مەبەست ئەو کارەی کردبێت، چەند پرسیارێکی ورووژاندووە بۆ ئەوەی خوێنەرانی خۆی پێ لە خشتەبباتو لە ئەسڵی مەتڵەبەکەیان دووربخاتەوە. یەکێک لەو پرسیارانەی کە ورووژاندوویەتی بریتییە لە «وەختێک ئێوە لەبەغدا بوون چیتان بۆ کورد کرد؟ بۆ ئەوکاتەی بەغدا لاوازبوو پرسی (کەرکوکو خانەقین)تان نەبردە پێشەوە؟ بۆ ڕازیبوون خاک بخرێتە ڕاپرسییەوە؟».

لە مێژووی کوردستاندا دوو جار کەرکوک بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕزگارکراوە، جارێکیان لە ڕاپەڕینی(١٩٩١)و جارەکەی دیکەش لە(٢٠٠٣)دا، هەردوو جارەکە نەوشیروان مستەفا فەرماندەیی ئەو شەڕانەی کردووەو لەمەدا کەس نکوڵی نییە. سەبارەت بەوەی کێ ڕازی بوو خاک بخرێتە ڕاپرسییەوە؟ تکایە وەک بەشی هەواڵو سیاسەتی کوردستانی نوێ بگەڕێنەوە بۆ دوای قۆناغی نووسینی قانونی ئیدارەی دەوڵەتی عێراقی، بۆ ماوەی گواستنەوەو بزانن نوێنەری کورد لەو دانیشتنەدا کێ بوو؟ سەرۆک کۆماری ئێستای عێراق بوو، یاخود نەوشیروان مستەفا؟ کێ بوو بۆ موجامەلەکردنی ئەمریکاو عەرەبی سوننە ڕازیبوو سێیەکی زەویی کوردستان لە تاریکیو لە پشتی خەڵکەوە بخاتە سەر ڕێگەی هاتو نەهاتی بازاڕی ڕاپرسییەوە؟ تکایە سەیرێکی ئەو چاوپێکەوتنەی نەوشیروان مستەفا بکەن لە ڕۆژنامەکەی خۆتاندا کە وتبووی، ئەگەر کەرکوک نەخرێتەوە سەر هەرێم عوسیانی مەدەنی دروست دەبێتو دواتر سکرتێری گشتیی (ی.ن.ک) لە ڕوونکردنەوەیەکیدا بۆ «الشرق الاوسط» وتی، ئەوە گوزارشت لە بۆچوونی خۆی دەکات، نەک یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان.

دووەم پرسیاری بەشی هەواڵو سیاسەتی کوردستانی نوێ بریتییە لە «بۆ بەغداتان بەجێهێشتو لەو ململانێیە بێتاقەت بوون کە بۆ کوردو کوردستانو کەرکوک زەرووری بوو؟»

لەمەشیاندا بەشی هەواڵو سیاسەتی کوردستانی نوێ زاکیرەی زەعیف بووەو لە بیریچووە کە هاتنەوەی نەوشیروان مستەفا بۆ هەرێمی کوردستان، پەیوەندی هەبوو بە گەڕانەوەی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە بۆ بەغداو دەستکردن بە موجامەلەی سیاسیی لە سەر حیسابی کورد، زەقترین ئەو موجامەلاتانەش بریتییە لە ڕازیبوون لە سەر تەعدیلی دەستوور.

ئەو پرسیارانەو پرسیارەکانی دیکەتان، کە دیارە ئەوەی کردوونی هیچ ئاگای لە ڕووداوە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان نییە، جگە لەوەی دەیەوێت لە ڕێگەیانەوە ئەسڵی مەتڵەبەکە ئاوەژوو بکات، هیچی دیکە نییە. پێشنیازەکەی نەوشیروان مستەفا بۆ حکومەتو پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوە نەبووە کە هەر ئێستا دەست بکرێت بە لێکۆڵینەوەو سزادانی ئەو بەرپرسانەی کورد کە لە بەغدان، بەڵکو خۆتان باش دەزانن کە خەڵک بە دەنگیان سزای داونو خەڵکی کەرکوکو خانەقینو مەخمور... کە پێشتر هەلی ئەوەیان بۆ نەڕەخسابوو، لە هەڵبژاردنەکانی(٢٠١٠/١/١٦) سزای خۆیان بە سەر ئەوانەدا دەدەن کە بەو دەردەی ئێستایان بردوون.

**ڕۆژنامە**

# نەوشیروان مستەفا: لە کوردستانی عێراقدا هیچ دامەزراوەیەک نییە لێپرسینەوە لە نوێنەرانی هەرێم لەبەغدا بکات

**ڕۆژنامە**

نەوشیروان مستەفا ئەمین، نەبوونی دامەزراوەیەکی باڵا بۆ چاودێریکردنو لێپێچینەوە لە کارەکانی نوێنەرانی هەرێمی کوردستان لەبەغدا، بەکێشەیەکی یاساییو دەستووریی دەزانێت، بەپێویستیشی دەزانێت لەقۆناغی داهاتوودا ئەو کێشەیە چارەسەربکرێت، هەروەک نەبوونی مەرجەعێک بۆ چاودێریی ڕێکەوتنی نێوان لایەنە سیاسییەکان بەکێشە دەزانێت لەحاڵەتی پابەند نەبوون بەڕێکەوتنەکانی نێوانیانەوە.


لە لێدوانێکیدا بۆ کەناڵی ئاسمانی (KNN) نەوشیروان مستەفا ڕایگەیاند: «لەکوردستانی عێراقدا هیچ دەزگایەک، دامەزراوەیەکو شوێنێک نییە، بەرپرس بێت لەو کەسانەی نوێنەرایەتی هەرێم دەکەن لەبەغدا، چ لە وەزارەتەکانی عێراقدا وەکو وەزیر، چ لەپەرلەمانی عێراق وەکو نوێنەرانی هەرێم، دەزگایەک نییە دەسەڵاتی ئەوەی هەبێت لێپرسینەوە لەمانە بکات، نە حکومەتی هەرێم، نە سەرۆکایەتی هەرێمو نە پەرلەمان، بزانێت ئەدایان لەوماوەیەدا کە لە بەغدا کاربەدەست بوون لە حکومەتی ناوەندیدا، یان وەکیلی وەزیر بوون، یان ئەندام پەرلەمان بوون، یان سەفیر بوون لە وەزارەتی دەرەوە، بزانرێت ئەدایان چۆن بووە».

ئەمەشی بە کێشەیەکی دەستوورییو یاسایی زانی لە کوردستاندا، بەپێویستیشی زانی لەداهاتوودا چارەسەربکرێت، لەوبارەیەوە وتی: «ئێستا لەبەردەم هەڵبژاردنێکی تازەداین بۆ پەرلەمانی عێراق، دوای هەڵبژاردن، وەزارەتی تازەش لە عێراقدا دروست دەبێت، کە بەشی کوردی تێدا دەبێت، کورد هەندێک وەزارەت وەردەگرێت چ سیادی بێت یان خزمەتگوزاریی، یەکێک لە پۆستە سیادییە گەورەکان وەردەگرێت، یان سەرۆکایەتی کۆمار، یان سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران یان سەرۆکایەتی پەرلەمان، بەڵام کێن ئەوانەی کە ئەم نوێنەرانە دیاریدەکەن. لەو چوارچێوەیەدا نموونەی ئەوەی هێنایەوە کە د.بەرهەم ئەحمەد ساڵح پێش ماوەیەک جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بووە بە نوێنەرایەتی کورد، ئەو پۆستە چۆڵ بووەو هاتووەتەوە بۆ کوردستانو دەبێتە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، وتی: چەند مانگە یەکێتیو پارتی ڕێکنەکەوتوون لەسەر ئەوەی چۆن ئەو پۆستە پڕبکەنەوە، «لایەنێک نییە لە د.بەرهەم بپرسێتەوەو بڵێت تۆ ئەو چەند ساڵەی کە لە بەغدا بوویت نوێنەرایەتی کوردت لە حکومەتی عێراقدا کردووە، چیتکردووەو لە چ بوارێکدا سەرکەوتووبوویتو لە چیدا سەرکەوتوو نەبوویت»، وتیشی: ئەمە گرفتێکە، بە ڕای من دەبێت لە چەند ساڵی داهاتوودا چارەسەربکرێتو کێن ئەو لایەنانەی نوێنەرانی کورد دیاریدەکەن بۆ بەغداو کێن ئەو لایەنانەی دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە لە حاڵەتی پێویستدا لێپرسینەوەیان لەگەڵدا بکەنو چاودێرییان بکەنو بزانن ئەدائیان چۆنە.

هەر لەو لێدوانەدا نەوشیروان مستەفا ئاماژەی بە کێشەیەکی دیکە کرد کە بریتییە لە نەبوونی مەرجەعێک بۆ ئەو لایەنانەی ڕێکەوتن دەکەن لە کوردستانو وتی: کێشەیەکی دیکە هەیە، کە لەماوەی (١٨) ساڵی ڕابردوودا لە کوردستانی عێراقدا هەبووە، یەکێک بووە لەو هۆکارانەی کە یەکێتیو پارتی، یاخود یەکێتیو پارتیو حیزبەکانی دیکە نەیانتوانیوە وەکو پێویست ئەو ڕێکەوتنانەی لە نێوانیاندا بووە جێبەجێبکرێت، هەندێکجار هەندێک لایەن خۆی دزیوەتەوە لە جێبەجێکردنی ئیلتیزاماتەکانی، هۆکارەکەی نەبوونی مەرجەعیەتە، لە حاڵەتێکدا کە کێشە دروست بوو لەسەر بەندەکانی ئەو ڕێکەوتنە، لایەک جێبەجێی کردووەو لایەک جێبەجێی نەکردووە، لەم حاڵەتەدا پەنا بۆ کوێ دەبەیت؟، لەحاڵەتێکدا ئەگەر ناکۆکیو ململانێ لەنێوان حیزبە سیاسییەکانی کوردستان دروست بوو، چ مەرجەعێک هەیە بۆ چارەسەری ئەو گرفتانە، غەیری تەوازوونی هێز نەبێت، شتێک نییە زەمانی جێبەجێکردنی بەندەکانی ئەو ڕێکەوتنە بکات».

ئاماژەی بەوەشدا: «چ مەرجەعێک هەیە لە کوردستاندا، یەکێتیو پارتی یاخود ئێمە ئەگەر چووینە نێو ڕێکەوتنێک، لەگەڵ هەر لایەنێکی سیاسیداو کێشە کەوتە نێوانمانەوە وەک مەرجەع بگەڕێینەوە بۆلای، ئەگەر هێز نەبێتو هێزی چەکدارو سیاسییو ئیداریت لە پشتەوە نەبێت، ئەم کێشەیە چۆن چارەسەر دەکەیت».

سەبارەت بە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەش نەوشیروان مستەفا وتی: دەبێت بیری لێبکەینەوەو میکانزمێک بدۆزینەوەو مەرجەعێک هەبێت لە کوردستاندا، وەکو چۆن کۆمپانیای نەوت کاتێک ڕێکەوتنێک دەکات یان گرێبەست ئیمزادەکات، یەکێک لە بەندەکانی ئەو ڕێکەوتنە ئەوە دەبێت، ئەگەر کێشە کەوتە نێوانیانەوە، بە یاسای وڵاتێک یان لە دادگای وڵاتێک جێبەجێدەکرێتو هەردوولاش بڕیارەکانی جێبەجێ دەکەن، زۆربەی کۆمپانیا نەوتییەکانی جیهان دادگاکانی بەریتانیایان هەڵبژاردووە بۆ داوەریکردنی ئەو کێشانە، هەندێکی دیکەیان دادگاکانی فەرەنسایان هەڵبژاردووە، لەلای ئێمە هیچ لەمانە نییەو زەمان چییە بۆئەوەی لە حاڵەتێکدا هەردوولایان بەهێزبنو ڕێکەوتن ئیمزابکەن، دواتر یەکێکیان بە بەهێزیی بمێنێتەوەو لایەکیان لاواز بێت، لا بەهێزەکە ئیلتیزام بە ڕێکەوتنەکەوە نەکات، لەو کاتەدا پەنا بۆ کێ دەبرێت، ئەمە کێشەیەکەو دەبێت لە پەرلەمانو سەرۆکایەتی هەرێمو ئەنجومەنی وەزیراندا باسی لێوەبکرێتو چارەسەربکرێت.



# بەرپرسێکی یەکگرتوو: کورد بە کەمتر لە نیوەی کورسییەکانی کەرکوک ڕازییە

**هەستیار قادر**

کەرکوک بووە کێشەی سەرەکی پەسەندنەکردنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و سەرۆکی لیستی یەکگرتووش دەڵێت «ئەگەر بڕیاربدرێت (١١) کورسی وەک کۆتا بۆ کەرکوک دابنرێت، ئێمە وەک کورد بە (٥) کورسییان ڕازین».

لەگەڵ ئەوەی بڕیاربوو دوێنێ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی داهاتووی بەدەنگدان یەکلایی بکردایەتەوە، بەڵام کێشەی هەڵبژاردنی کەرکوک بووە هۆی ڕێکنەکەوتن لەسەر یاساکەو بڕیاردرا ئەو باسە بۆ دانیشتنی ئەمڕۆی ئەنجومەنی نوێنەران دوابخرێت، تا ئەوکاتەی سەرۆکی لیستە سیاسییەکان لەسەر چارەسەرێکی تەوافوقی ڕێکدەکەون.

لەوبارەیەوە د.محەمەد ئەحمەد سەرۆکی لیستی یەکگرتوو لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند «لایەنە عەرەب و تورکمانەکان داوای پێداچوونەوە بە تۆماری دەنگدەرانی کەرکوک و دیاریکردنی کۆتا دەکەن بۆ شارەکە، کە بەشێوەیەکی یەکسان بەسەر پێکهاتەکانی ئەو شارەدا دابەش بکرێت، ئێمەش پێمان وتوون ئەگەر لێکۆڵینەوە لە تۆماری دەنگدەراندا بکرێت، پێویستە لەشارەکانی دیکەشدا ئەو هەنگاوە ئەنجامبدرێت، ئەگەر ڕێشکەوتین لەسەر دانانی (١١) کۆتا بۆ کەرکوک، ڕازی دەبین (٥)یان بەر کورد بکەوێتو ئەوی دیکەیان بەسەر پێکهاتەکانی دیکەدا دابەش بکرێن».

سەرۆکی لیستی یەکگرتوو بەدووریشی زانی لە دانیشتنەکەی ئەمڕۆدا بەدەنگدان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ئەو مەسەلەیە یەکلایی بکرێتەوە، وتیشی: چارەسەرکردنی کێشەی هەڵبژاردنی کەرکوک پێویستی بە تەوافوقی سیاسییە.

هاوکات سەرچاوەیەک لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بەتەنیا کێشەی هەڵبژاردنی کەرکوک نەبووەتە کۆسپ لەبەردەم یەکلاییکردنەوەی کێشەی یاسایی هەڵبژاردن، بەڵکو مشتومڕێکی زۆریش لەسەر شێوازی ئەو لیستەیە کە لە هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەراندا پیادە دەکرێت، کە بڕیارە لە ٢٠١٠/١/١٦دا ئەنجامبدرێتو وتی: شیعەکان لەبەر ڕۆشنایی لێدوانەکانی عەلی سیستانی مەرجەعی شیعەکان سورن لەسەر پیادەکردنی لیستی کراوەو کردوویانەتە هێڵی سوور، کە نابێت ببەزێنرێت و قایلیش نین کار بە یاسا کۆنەکەی هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٠٥ بکرێتەوە بە بێ هەموارکردن، بەو پێیەی لیستی داخراوی تیا پەیڕەو کرا».

# دەست بەسەر (٤٠٠) ئۆتۆمبێلی جام ڕەشدا دەگیرێت

**شارا عەبدولڕەحمان**

لە ماوەی دوو ڕۆژی سەرەتای ئەم هەفتەیەدا لە سلێمانی، (٤٠٠) ئۆتۆمبێلی جام ڕەش دەستیان بەسەردا گیراوە، بەڵام تەنیا بە بڕێک پارەی کەم غەرامە دەکرێن.

بەپێی زانیارییەکانی ڕۆژنامە تەنیا لە ماوەی ئەو دوو ڕۆژەی ڕابردوودا (٤٠٠) ئۆتۆمبێلی جام ڕەش دەستیان بەسەرداگیراوە.

نەقیب نەبەز تالیب، بەڕێوەبەری هاتوچۆی ناوشاری سلێمانی ئەوەی بۆ ڕۆژنامە خستە ڕوو؛ سەرجەم ئەو ئۆتۆمبێلانەی، کە جامیان ڕەشەو لەلایەن مەفرەزەکانی هاتوچۆوە دەستیان بەسەردا دەگیرێت بە بڕی (٢٠) هەزار دینار غەرامە دەکرێنو وتیشی: «زۆربەی ئەو ئۆتۆمبێلانە شۆفێرەکانیان گەنجنو ئەگەر بۆ جاری دووەم ئەو لەزگە ڕەشە بەکاربهێننەوە، ئەوا ئیجرائات لەگەڵیاندا قورستر دەبێت».

# هیچ جۆرە هەماهەنگییەک لە نێوان لیستی هاوپەیمانیو پەرلەمانی کوردستاندا نەبووە

**بەهادین یوسف**

لەماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا، هیچ هەماهەنگییەک لە نێوان لیستی هاوپەیمانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو پەرلەمانی کوردستاندا نەبووەو لەکاتی ڕێکەوتنو بڕیارو گفتوگۆ چارەنووسسازەکاندا نەگەڕاونەتەوە بۆ پەرلەمانو بە مەرجەعی خۆیانیان نەزانیوە.

سەرەڕای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان بە بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی (٢٠٠٥) کە لە ژمارە (٥٨)ی ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستاندا بڵاوکراوەتەوە، خۆی وەک تاکە مەرجەعی سیاسییو دەستووریی بۆ بڕیاردان لەسەر پرسە چارەنووسسازەکان داناوەو نوێنەرانی گەلی کوردستانی لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق پابەندکردووە بەوەوە کە لە کاتی خستنەڕووی هەر حوکمو مادەیەکدا کە پەیوەندیی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی بە بەرژەوەندیی گەلی کوردەوە هەبێت، بگەڕێنەوە سەر پرسو ڕای پەرلەمانی کوردستان، بەڵام لەماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا هیچ کات نوێنەرانی کورد لە بەغداو لیستی هاوپەیمانی نەگەڕاونەتەوە بۆ پەرلەمانو وەک مەرجەعێک هیچ پرسو ڕایەکیان پێ نەکراوە.

زانا ڕۆستایی، ئەندامی لیژنەی یاسایی خولی دووەمی پەرلەمانی کوردستان بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لەخولی دووەمدا تەنیا دوو کۆبوونەوەمان لەگەڵ لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی کردووە، نەک دانیشتنی پەرلەمان کرابێتو ئەوان بەشدار بووبێتن، بەڵکو وەکو لیژنەیەکی پەرلەمانی لەگەڵیان کۆبووینەتەوەو داوامان لێکردوون هەماهەنگییەکی باشیان هەبێتو لە پەرلەمانی کوردستانیش بڕیارمان بۆ دەرکردوون کە پەرلەمانی کوردستان مەرجەعێکی سەرەکییە بۆ هەموو پرسە چارەنووسسازەکانی کوردستان، بەداخەوە هیچ جۆرە تەنسیقو هەماهەنگییەکمان نەبووە، ئەو بڕیارەو کۆبوونەوەکانیش هیچی بەدوادا نەهات».

ئاماژەی بەوەشکرد، چەندینجار داوایان لە سەرۆکایەتی پەرلەمان کردووە کە ئالیەتێک بدۆزنەوە بۆ ئەو پەیوەندییو هەماهەنگییە، چۆن بتوانین شارەزایی خۆمان بگەیەنینە ئەوانو ئەوان بتوانن سوود لە ئێمە وەربگرنو بگەڕێنەوە بۆ پەرلەمان لەکاتی پرسە چارەنووسسازەکاندا، نە ئەوان گەڕانەوە بۆ پەرلەمانی کوردستانو نە ئێمە توانیمان سوود لە ئەوان وەربگرین».

سەبارەت بەوەی لیستی هاوپەیمانیو نوێنەرانی کورد لە بەغدا تاچەند پەرلەمانیان بە مەرجەع زانیوە لە کاتی بوونی کێشەو دانوستانەکاندا، زانا ڕۆستایی وتی: «لە کاتی ڕێکەوتنو دانوستاندنو گفتوگۆو کێشەکاندا، هیچ کاتێک نوێنەرانی بەغداو لیستی هاوپەیمانی نەگەڕاونەتەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان، نە بەنووسراوێکی ڕەسمیی نە بە وەفدێک ئاگاداریان نەکردووینەتەوە تابزانن پەرلەمان بیروڕای چییە لەسەریان».

# چەند مەکتەبو دەزگایەکی یەکێتی زیاتر لە (٣٤٠) ملیار دیناری حکومەت بۆ خۆیان دەبەن

**ئەلەند مەحوی**

## بەشی یەکەم

لەژێر ناوی «خەرجی تایبەت»دا، ساڵانە یەکێتی زیاتر لە (٣٤٠) ملیار دیناری سامانی گشتی بۆ خزمەتی مەکتەبو دەزگاکانی خۆی بەکاردەهێنێت، بەبێ ئەوەی ئەم بڕە پارەیە هیچ داهاتێکی لێ بگەڕێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان.

بەپێی زانیارییە بەدەستهاتووەکان، مەکتەبەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەشێکی مووچەی کارمەندەکانیان بەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەدەنو هەر کادیرێکی یەکێتیش لەبەرامبەر پۆستە حیزبییەکەیدا پۆستێکی حکومیی بۆ دانراوە، ئەمەش ئەو کادیرانە ناچاردەکات «بۆ لەدەست نەچوونی مووچەکانیان هیچ هەڵوێستێک نەنوێنن، کە بەرپرسانی یەکێتی بەدڵیان نەبێت».

ئەو بودجەیەی حکومەت دەیداتە مەکتەبەکانی یەکێتی، پێشتر بەشێکی لە ڕێگەی بەڕێوەبەرێتیی ڕێکخراوەکانەوە تەرخاندەکرا، ئێستا دوای هەڵوەشاندنەوەی ئەو بەڕێوەبەرێتییە لە ڕێگەی مەکتەبی سیاسیی و مەکتەبی ڕێکخستنو مەکتەبی داراییەوە بودجەکەی حکومەت بۆ مەکتەبەکان دیاریدەکرێت.

ئەم بودجەیەش بەشێکە لەو (٣٥)ملیۆن دۆلارەی مانگانە یەکێتی لە حکومەتی دەسەنێت، جگە لەم پارەیەش، ئیدارەی گشتیی مانگانە نەسریە بۆ هەموو مەکتەبەکان تەرخاندەکات، «لەسەر ئەو داهاتانەی کە لە پڕۆژەکانی ئیدارەی گشتیی و گروپی کۆمپانیاکانی نۆکانو پڕۆژەی لابەلای دیکە دەستیدەکەون، هەروەها سکرتاریەتی سکرتێری گشتیی یەکێتیش بودجە بۆ هەندێک لە مەکتەبەکان دابیندەکاتو خۆشی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە ساڵانە (١,٣٩٥,٠٠٠,٠٠٠) یەک ملیارو سێسەدو نەوەدو پێنج ملیۆن دینار وەردەگرێت».

لەهەمووشی سەیرتر «کادیرەکانی یەکێتی لە ئەندام کۆمیتەوە تا بەرپرسی مەڵبەند بۆ (٣٧) مەڵبەندی یەکێتی مووچەیان وەک کارمەندێکی حکومیی و بە پلەی حکومیی بۆ تەرخاندەکرێت»، ئیدارەی گشتیش مووچەی ئەو کادیرانەی خوارتر دابیندەکات.

## سکرتاریەتی سکرتێری گشتیی

ئەو بودجەیەی حکومەت بۆ سکرتاریەتی سکرتێری گشتیی یەکێتی تەرخانیدەکات، لە بودجەی هەر یەک لە مەکتەبەکانی یەکێتی زیاترەو بەڵگەنامەکان دەریدەخەن کە لە ساڵی (٢٠٠٧)دا ئەم دەزگایە مانگانە بودجەکەی بڕی (١٠,٥٠٠,٠٠٠,٠٠٠) دە ملیارو پێنجسەد ملیۆن دینار بووە، بەڵام ساڵی(٢٠٠٨) بە بەراورد بە ساڵی(٢٠٠٧) ئەم دەزگایە بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش بودجەکەی کەمدەکاتو دەبێتە (١,٣٩٥,٠٠٠,٠٠٠) یەک ملیارو سێسەدو نەوەدو پێنج ملیۆن دینار بۆ یەک مانگ.

## مەکتەبی سیاسی

گەورەترین مەکتەبی یەکێتییە لە ڕووی دەسەڵاتەوە، ساڵی(٢٠٠٧) ئەو بڕە پارەیەی ئەم مەکتەبە مانگانە لە حکومەتی هەرێمی وەردەگرت بڕی (٢٤٠,٠٠٠,٠٠٠)دووسەدو چل ملیۆن دینار بووە، بەڵام دوای ئەو پێداچوونەوانەش کە یەکێتی هەندێکجار بە بودجەی مەکتەبەکانیدا کردوویەتی، بودجەی مەکتەبی سیاسیی نەگرتووەتەوە، بۆیە بەپێی ئەو بەڵگانەی لەبەردەستدان ساڵی(٢٠٠٨) ئەم مەکتەبە بودجەکەی هەر وەک ساڵی(٢٠٠٧) بووەو هیچ کەمی نەکردووە.

## مەکتەبی ڕێکخستن

مەکتەبی ڕێکخستن یەکێکی دیکەیە لە مەکتەبە گەورەکانی یەکێتیو «هیچ شەفافیەتێکی تیا نییە»و زۆربەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیش هیچ زانیارییەکیان نییە لەبارەی کاروبارو خەرجیو بودجەی ئەم مەکتەبەوە.

سەرچاوەیەکی نزیک لە مەکتەبی ڕێکخستن ئاشکرای دەکات «ئەرسەلان بایز نەیهێشتووە هیچ کەسێک بودجەو نەسریەی مەکتەبی ڕێکخستن بزانێت، تەنانەت بودجەی مەکتەبی ڕێکخستنی لەجێگرەکانیشی شاردووەتەوە».

بەڵام زانیارییە بەدەستهاتووەکان باس لەوەدەکەن «مەکتەبی ڕێکخستن مانگانە (١,٨٠٠,٠٠٠,٠٠٠)یەک ملیارو هەشتسەد ملیۆن دینار وەک نەسریە لە ئیدارەی گشتیی وەردەگرێت».

## مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندن

لە ڕووی زۆریی بودجەو ستافو خەرجییەوە یەکێکی دیکەیە لە مەکتەبە زەبەلاحەکانی یەکێتی، ئەم مەکتەبە پێکهاتووە لە ستافی مەکتەبو کەناڵەکانی کوردستانی نوێ، سەتەلایتو لۆکاڵیو ڕادیۆکەی گەلی کوردستان، ئیتحاد، PUK Media.... هتد.

بەپێی بەڵگەنامەکان «ساڵی (٢٠٠٦) ئەو پارەیەی کە مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندن بۆ یەک مانگ لە وەزارەتی دارایی وەریدەگرت، بڕی (٧,٥٠٠,٠٠٠) حەوت ملیۆنو پێنجسەد هەزار دینار» بووە.

زانیارییەکان باس لەوەش دەکەن، بودجەی مەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندن پێش دامەزراندنی سەتەلایتی گەلی کوردستان «نزیکەی (١,٥٠٠,٠٠٠,٠٠٠) یەک ملیارو پێنجسەد ملیۆن دینار بووە، بەڵام پاش دامەزراندنی ئەو سەتەلایتە بودجەکەیان دەگاتە زیاتر لە (٢,٠٠٠,٠٠٠,٠٠٠) دوو ملیار دینار».

ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانەئەوەیە کە بەشێکی زۆری ستافەکانی ئەم مەکتەبە ڕۆژنامەوانو لە هەمانکاتیشدا کارمەندی فەرمانگەیەکی حکومین، تا پێش هەڵوەشاندنەوەی بەڕێوەبەرێتیی ڕێکخراوەکان چاوپۆشییان لێدەکرا، بۆ ئەوەی دەوامە ڕەسمییەکەیان لەو بەڕێوەبەرێتییە، یان بەڕێوەبەرێتیی ڕاگەیاندن نەکەنو لەبەرامبەردا لە کەناڵەکانی یەکێتیدا کاربکەن.

## مەکتەبی کۆمەڵایەتی

بەپێی نووسراوێکی مەکتەبی ڕێکخستن/ بەشی مووچە، لە لیستێکدا ئاماژە بە ناو و مووچەی (٦٢) کادیری مەکتەبی کۆمەڵایەتی/ ناوەندی شارەزوور کراوە، کە مووچەکانیان لەسەر وەزارەتی داراییەو مانگانە کۆی گشتیی مووچەکەیان تەنیا بۆ ئەو ناوەندە دەکاتە (٢٩,١٩٥,٧٥٠) بیستونۆ ملیۆنو سەدو نەوەدو پێنج هەزارو حەوتسەدو پەنجا دینار، واتە لە ساڵێکدا (٤٣٧,٩٣٦,٢٥٠) چوار سەدو سیو حەوت ملیۆنو نۆسەدو سیو شەش هەزارو دووسەدو پەنجا دیناریان لە حکومەت وەرگرتووە تەنیا بۆ ئەو ناوەندە.

## مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان

بەپێی هەندێک بەڵگەنامەی «تایبەت» کە لای ڕۆژنامە پارێزراون «لە ساڵی (٢٠٠٧)دا ئەم مەکتەبە مانگانە «بڕی (٤٦٢,٥٢٩,٠٠٠)چوارسەدو شەستو دوو ملیۆنو پێنجسەدو بیستونۆ هەزار دیناری لەلایەن حکومەتەوە بۆ تەرخانکراوەو بڕی (٢٧٠,٥٢٩,٠٠٠)دووسەدو حەفتا ملیۆنو پێنجسەدو بیستونۆ هەزار دینار لەو پارەیەش دراوەتە مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان، ئەو بڕەی دیکەشی کە ماوەتەوە، دراوەتە لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستانو یانە وەرزشییەکانو لیژنەی ئۆڵۆمپی کوردستان نوێنەرایەتیی کەرکوک.

لەلایەکی دیکەشەوە بەڵگەنامەکان ئاشکرایدەکەن«بودجەی ڕێکخراوەکان لەساڵی (٢٠٠٨)دا لە مانگێکدا بەرزبووەتەوە بۆ (١,٣٨٠,٠٠٠,٠٠٠) یەک ملیارو سێسەدو هەشتا ملیۆن دینار، جگە لەوەی سەرچاوەیەکی نزیک لەم مەکتەبە نایشارێتەوە کە «مانگانە ئیدارەی گشتیش وەک نەسریە نزیکەی (٢٦٠)ملیۆن دینار دەدات بە مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان».

## مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوە

بەپێی نووسراوێکی ڕەسمیی مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتی کە لای ڕۆژنامە پارێزراوە، ئەم مەکتەبە مانگانە (٢٠)ملیۆن دیناری لە حکومەت وەرگرتووە بۆ ستافەکانیو کادیرەکانی ئەم مەکتەبەش لە لیستێکی مووچەدا کە دوای ئیمزاکردنی وەرگرتنی مووچە بۆ بەڕێوەبەرێتیی کاروباری ڕێکخراوەکان نێردراوەتەوەو لە بەرامبەر پلە حیزبییەکانیاندا پۆستێکی حکومیی وەک ڕاوێژکارو بەڕێوەبەر نووسراوە.

هەر بەپێی زانیارییەکان مەکتەبی پەیوەندییەکانی دەرەوەی یەکێتی جگە لە بودجەی حکومەت، مانگانە (٢٥)ملیۆن دینار وەک نەسریە لە ئیدارەی گشتیی وەردەگرێتو پێشتریش بودجەیەکی دیکەی هەبووە لەلایەن سکرتاریەتی سکرتێری گشتیی یەکێتییەوە، بەڵام ئەو بودجەیە بەردەوام نەبووە.

## مەکتەبی دارایی

لەڕووی داراییەوە بەگەورەترین مەکتەبی یەکێتی حسابدەکرێت، بەپێی زانیارییەکان ساڵی (٢٠٠٧) بودجەی یەک مانگی ئەم مەکتەبە کە لە حکومەت وەریدەگرت (١٠,٥٠٠,٠٠٠,٠٠٠) دە ملیارو پێنجسەد ملیۆن دینار بووە، بەڵام ساڵی (٢٠٠٨) ئەم بودجەیە زیادیکردووەو بووەتە (١١,٥٠٠,٠٠٠,٠٠٠) یانزە ملیارو پێنجسەد ملیۆن دینار بۆ یەک مانگ. ئەم مەکتەبە بەڕەسمی کەمال فوئاد سەرپەرشتی دەکات، بەڵام دلێر سەید مەجید کە بەرپرسی ئیدارەی گشتییە بەڕێوەی دەبات.


کەژاوەی ئۆتۆمۆبێلەکانی سکرتێری گشتیی و مەکتەبی سیاسی لە فڕۆکەخانەی سلێمانی

# قاعیدەو سەحوەو مخابرات


پشکۆ ناکام

هێشتا سەرەتای بانگەشەی هەڵبژاردەکانی هەرێم بوو، دەسەڵاتی سەوز کەوتە هێرشی کلاسیکی باو کە لیستی گۆڕان لەلایەن گەورە تیرۆریستی جیهانی بە ناوبانگ «مەلا کرێکار»ەوە پشتگیری لێ ئەکرێو ئەوەش مەترسیەکی زۆری هەیە بۆ سەر کوردستان، لەوانەیە «گۆڕان» بێت بە بەشێک لە ـ قاعیدە ـو دووریش نییە، چەند لۆریەکی پڕ لە عەمامەو سەڵتەو وێنەی ـ ئوسامە ـ لە ئەفغانستانەوە بۆ گردەکە ڕەوانە بکرێت.

نەخێر، ئەم باوو باڵۆرەیە هێندەی پێ نەچوو، هەمان دەسەڵات کەوتنە هۆنینەوەی نوکتەیەکی تر، ئەویش ئەوە بوو کە گوایە ـ لیستی گۆڕان ـ چرپەچرپی لەگەڵ «مالکی» کردووە، لەوانەیە گردەکە لە ژێرەوە کەینو بەینێکی هەبێ کە ببێتە مایەی پشتگیری «مالکی» لە «گۆڕان» لەو ڕێگەیەشەوە پارەو پوڵێکی زۆر ڕووبکاتە گردەکەو هەر لەم سەودایەی نێوان گۆڕانو مالیکیدا، هێزەکانی ـ سەحوە ـ پشتگیری لە گردەکە بکەنو لابەلا دەنگی بۆ بدەنو ئەگەر پێویستیشی کرد ئەوا چەکدارەکانی ـ صحوە ـ هاوکاری عەسکەری گردەکە ئەکەن لەو کودەتایەی بەنیازن دژ بە دەسەڵاتی هەرێم بیگەیەننە ئەنجام!!

> بەڕاستی برادەرانی دەسەڵات پێویستیان بە تازەبوونەوە هەیە لە ـ پڕوپاگەندەش ـدا، چونکە ئەم جۆرە پڕوپاگەندە هەزەلیانە، کولتوری شاخەو ماوەتەوەو ئەو برادەرانە وەکو جگەرە بۆیان تەرک نادرێت


ئەم هێرشەش وەک ئەوەی پێشوو، نەبووە مایەی هیچ جگە لە پێکەنینو بەزەیی هاتن بە دەسەڵاتو کەسانێک کە لەو هەموو گرفتو نەهامەتیانەی کوردستان هەیە، خۆیان بە کاری واوە خەریک بکەنو سەلماندێکیشە کە ئەوان جگە لە خۆیان ڕاستو چەپ زەربێک بە هەموو بەرامبەرێکدا ئەهێنن.

دوای هەڵبژاردنو ئەو وەزعە تووشی دەسەڵاتی سەوز بوو کە ماوەیەکی زۆری پێ ئەچێ تا «پەنجەکە» بەری ئەدا، پڕوپاگەندەیەکی تر هاتە گۆڕێ، گەرچی ئەم نوکتەیەیان کۆنەو (سابق لاوانة)، بەڵام هەر ئەڵقەیەک بوو لە زنجیرەی هەڵمەتە شارستانیەکانی دەسەڵاتی سوسیال ـ دیموکرات! ئەمجارە وتیان کە (لیستی گۆڕان) چەندجارێک لەگەڵ ـ موخابەراتی سوریا ـ دا کۆبۆتەوەو «چەندین بڕیاری دوو قۆڵی گومان لێکراویان داوەو موخابەراتی سوری هاوکاریەکی تەواوی گردەکە ئەکات»و لەوانەیە لەبەر ئەوەی قاعیدەو سەحوە درەنگیان پێ چووەو هێشتا نەگەیشتوونەتە گردەکە، ئەوان، واتە موخابەراتی سوری جێیان بگرنەوە!! گڕی ئەم پڕوپاگەندەیەش ـ شلەتێن ـ بوو هەر زوو بە هەناسەی ئەو منداڵانەی سروودەکانی گۆڕان ئەڵێن کوژایەوە...

ـ بەڕاستی برادەرانی دەسەڵات پێویستیان بە تازەبوونەوە هەیە لە ـ پڕوپاگەندەش ـ دا، چونکە ئەم جۆرە پڕوپاگەندە هەزەلیانە، کولتوری شاخەو ماوەتەوەو ئەو برادەرانە وەکو جگەرە بۆیان تەرک نادرێت.. هەر ئەو کولتورەیە خۆمان لە شاخ پەیڕەومان ئەکردو زۆرجاریش بە زەرەر ئەگەڕایەوە بۆمان، بۆ نموونە، سەردەمی (قیادة موقتة) ئێمە ئەمان وت، ئەوان ئیسرائیلو ئەمریکاو موسادو ساواکو موخابەراتی عێراقیو... تاد لە پشتەو هاوکاریان ئەکەن، بەڵام کاتێک کە خەڵک ئەیپرسی: ئەی ئێوە کێتان لەگەڵە؟ ئەمان وت: هەر ئێوە، خەڵکیش یەکسەر ئەیان وت: نە، بە قوربانتان بین، پشت بە ئێمە مەبەستن، ئەوان ئەو هەمووەیان لە پشت بێو ئێوەش هەر بە تەنیا بە تەمای ئێمە بن، ئەوان مسۆگەر ئەیبەنەوە..

خۆ ئەگەر ئەو پڕوپاگەندە بەردەوامەی دەسەڵاتی سەوز هیچ بنەماو ڕاستیەکی تیادا بوایە، هەر لە بەرژەوەندی «ئاسایشی نەتەوایی»! ئەبوایە کەمێکیان لێ بڵاوبکردایەوە، وەک نەسیحەتێکی برایانەش: با دەسەڵات، نەیارەکانی خۆی بە زۆر وا زلو قەبە نەکات، بۆ ئەوەی لایەنگرەکانی ڕۆحیان نەچێ! چونکە هەڵبژاردنی ترمان لەڕێ دایە....

# بەڕاست کێ دۆڕاوە؟


بابەکر دڕەیی

ماوەیەکە رۆژنامەی «کوردستانی نوێ» شەڕێکی توندوتیژی دژی بزووتنەوەی گۆڕان دەستپێکردووەو دەتوانین بڵێین سنوور نەماوە کە ئەم رۆژنامە حزبییە تێی نەپەڕێنێ.

جێی سەرنجە کە دەسەڵاتدارانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بۆ مەبەستێکی خراپو بۆ غەرەزێکی شەڕانگێزانەی خراپتر، «کوردستانی نوێ» کە رۆژنامەو زمانحالی حیزبەکەیانە لە رۆژنامەیەکی سیاسییەوە کردە دەزگایەکی فیتنەسازیی و بە هێنانی ستافی تایبەت بەکاری فیتنەیی و ئاژاوەگێڕیی، دەریانخست تا چ ئەندازەیەک نیەتی دەعواو تێکدانی فەزای کوردستانیان لەبن سەرەوەیە.

«کوردستانی نوێ» لەچەندین هەواڵو راپۆرتی ئەم هەفتەیەیدا باس لەوە دەکات کە بزووتنەوەی گۆڕان لە دادگای فیدڕالی بەغدا دۆڕاندوویەتی و بە خەتی گەورە نیشانی خەڵکی دەدات کە گوایە ئاسۆی ئەم بزووتنەوەیە بەهۆی بڕیارێکی دادگای فیدڕالییەوە بووەتە تونێلێکی تاریکو داخراو.

هەقە بپرسین: ئایا دۆڕان ئەوەیە کە حزبێک یان بزووتنەوەیەکی سیاسیی تەمەن یەک ساڵ کێشە یاساییەکانی میللەتەکەی خۆی بەرێتە بەردەم دادگاو بە رێگای یاسایی و ئوسولی داوای هەقی خەڵک بکات، یان دۆڕان ئەوەیە کە حزبێکی سیاسیی تەمەن ٣٤ ساڵ لەو ناوچەیەدا کە ١٨ ساڵە حوکمڕانی تیا ئەکات شکست بخوات و لە بەرەنجامی هەڵبژاردنێکی نیمچە دیموکراتیدا ببێتە حزبی سێهەم و چوارەم؟

ئایا دۆڕان ئەوەیە کە بەهۆی جۆرەها هۆکاری سیاسیی و یاسایی و هونەرییەوە بزووتنەوەیەکی سیاسیی لە بڕگەیەکی بچووکی پێکدادانێکی سیاسیی گەورەدا سەرکەوتوو نەبێ، یان ئەوەیە کە حزبێکی سیاسیی خۆبەگەورەزان لای جەماوەری خەڵک دەست بە سنگییەوە بنرێ و بخرێتە ئەرشیفەوەو متمانەی ئەبەدی لەدەست بدات؟

> ئایا دۆڕان ئەوەیە کە بەهۆی جۆرەها هۆکاری سیاسیی و یاسایی و هونەرییەوە بزووتنەوەیەکی سیاسیی لە بڕگەیەکی بچووکی پێکدادانێکی سیاسیی گەورەدا سەرکەوتوونەبێ، یان ئەوەیە کە حزبێکی سیاسیی خۆبەگەورەزان لای جەماوەری خەڵک دەست بە سنگییەوە بنرێ و بخرێتە ئەرشیفەوەو متمانەی ئەبەدی لەدەست بدات؟

دەپرسین: ئایا دۆڕان ئەوەیە کە بەسەر بزووتنەوەی گۆڕاندا هاتووە کە رۆژ بە رۆژ خەڵکی لێ کۆدەبێتەوەو شەرعیەتی سیاسیی زیاد دەکات، یان ئەوەیە کە بەسەر پشتگیرییەکانی ستافی نوێی کوردستانی نوێدا هاتووە کە رۆژ بە رۆژو سەعات بە سەعات شەرعیەتی سیاسیی و مۆڕاڵیی لای میللەتەکەیان کەمدەبێتەوە؟

بێگومان ئاشکرایە کە لەبزووتنەوەیەکی گەورەی وەک گۆڕاندا دەیان و سەدان کادیرو خەڵکی تێکۆشەر خەریکی چالاکی سیاسیی و قانونین، هەروەها ئەم هەڵسوڕاوانە ناتوانن بەیەک ئەندازە ئەرکی سەرشانیان جێبەجێبکەن و رێی تێ ئەچێ لە نوسینی عەریزەیەکدا، لە ئامادەکردنی راپۆرتێکدا، لە ئامادەنەبونی مەوعیدێکی دادگادا، هەڵەو کەموکوڕی روبدات و وەک هەندێک لە ناحەزانی گۆڕان دەڵێن ئێمە سەرکەوتو نەبین، بەڵام ئەوەی جێی گومان نییەو ئیمانی تەواومان پێی هەیە ئەوەیە کە ئێمە لە کۆی جوڵانەوەکەماندا بەرەو پێشەوە دەڕۆین و هیچ هێزێک نییە بتوانێ ئیرادەی گۆڕان لە میللەتەکەمان بسەنێتەوە.

سەرکەوتن و شکست لە نەبەردە بچووکەکاندا رووئەدات و ئەوەش سروشتی ژیانە..... گرنگ ئەوەیە کە مرۆڤ یان جوڵانەوەی سیاسی شەرعیەتی سیاسی و ئەخلاقی لەدەست نەدات و میللەت بەچاوی رێزەوە لێی بڕوانن و متمانەی پێ بکەن و لەکاتی دەنگدان و ململانێی سیاسیی ئاشتیانەدا بەهانایەوە بێن و پشتی بگرن.

بزووتنەوەی گۆڕان بەوەی تا ئێستاش ئەنجامیداوە، واتا بەو دەستکەوتە سیاسییانەی کە لەئەنجامی هەڵبژاردن و لە رێگای هۆشیارکردنەوەی خەڵکەوە ئەنجامیداوە، نیشانیداوە تا چ رادەیەک توانای سەرکەوتن و هۆشیاری بەخشینی هەیە بە کۆمەڵانی خەڵک. هەروەها هەر ئەمەشە بووەتە مایەی توڕەبوونی ژمارەیەک لە فیتنەو شەڕخوازەکانی بەرامبەڕی...

ئەم بزووتنەوەیەماڵی ئەو کەسانەیە بە سەبرێکی ئەیوبییەوە دەیانەوێ میللەت رۆشن بکەنەوەو رێگای راست و ئیمانی تەواو بە گۆڕان بخەنە دڵ و روحیانەوە، خودی بزووتنەوەی گۆڕان و مانەوەو بەردەوامبوونی سەرکەوتنەو گەورەترین سەرکەوتنە..... لەم قۆناغەدا دەوڵەت و دەسەڵات و زۆرشتی دیکەش پیرۆزی ئەوانە بێ کە بە هەمو نرخێک ئامادەن پۆست وەربگرن و با لە هەر لایەکەوە بێت شەنی پێ بکەن... کاری گۆڕان و گۆڕانخوازەکان جارێ نیشاندانی قوژبنە تاریکەکانی سیاسەتی کوردی و روحی تاریکی کادیرە فیتنەکان و گیانی خۆپەرستانەو کورتبینانەی ئەو کەسانەیە کە خۆیان لە میللەت و لە شەهیدان و لە خەباتی نەتەوەیی و ماندوویی و عەدالەتخوازی هەزاران هەزار کەسی ئەم وڵاتە لا گەورەترو پیرۆزترە.

# عەدنان موفتی تۆمەتبارە بە شاردنەوەی زانیاریی و گەندەڵیی ئیداریی

شارا عەبدولڕەحمان


عەدنان موفتی

فراکسیۆنی گۆڕان لەپەرلەمانی کوردستان داوای لێپێچینەوە لەسەرۆکی پێشووی پەرلەمان دەکات، بەهۆی ئەوەی کە راپۆرتی ساڵانەی دیوانی چاودێری دارایی شاردووەتەوەو نەیخستووەتە بەردەم پەرلەمانتارەکان بۆ گفتوگۆکردن لەسەری، ئەمەش دوای ئەوە دێت کەلەلایەن سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی و سەرۆکی پێشوی پەرلەمانەوە تەئکید کرایەوە کەراپۆرتەکان نێردراوە بۆ پەرلەمان.

بەپێی مادەی سێیەم لە یاسای دیوانی چاودێری دارایی، کە ساڵی (٢٠٠٨) دەرچووە، دیوانەکانی چاودێری دارایی راستەوخۆ بە ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانەوە دەبەسترێنەوەو بەپێی بڕگەی یەکەم لە مادەی نۆیەمی ئەو یاسایە دەبێت دیوانەکانی چاودێری دارایی راپۆرتی ساڵانە پێشکەش بە سەرۆکایەتی پەرلەمان بکات و تیایدا تێبینییەکانی خۆیان لەسەر بارودۆخی دارایی و کارگێڕیی و ئابووری لە بواری چاودێری دارایی لەسەر وەزارەت و ئەو لایەنانە روونبکەنەوە کە دەکەونە ژێر حوکمی چاودێرییەوە، هەروەها راپۆرتەکە کورتەیەک لە کاروباری دیوانی چاودێری دارایی لە ماوەی ئەو ساڵەدا لەخۆدەگرێت، بەڵام لەخولی دووەمی پەرلەماندا (عەدنان موفتی) سەرۆکی پێشووی پەرلەمان، راپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی نەخستووەتە بەردەم پەرلەمانتارەکان.

بەوهۆیەشەوە لە دانیشتنی هەفتەی رابردووی پەرلەماندا فراکسیۆنی گۆڕان یاداشتێکی بۆ روونکردنەوەی ئەو حاڵەتە ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کرد.

د.رێباز فەتاح ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر فراکسیۆنی گۆڕان بە رۆژنامەی راگەیاند: لە سەردانێکماندا بۆ لای سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی، بۆی ئاشکرا کردین، کە راپۆرتی ساڵی (٢٠٠٨)ی دیوانی چاودێری دارایی ئاراستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کراوەو لەلایەن عەدنان موفتی سەرۆکی پێشووی پەرلەمانەوە وەرگیراوە.

لەبەرئەوە بە وتەی د.رێباز لەم حاڵەتەدا پرسیارەکە رووبەڕووی سەرۆکی پێشووی پەرلەمان دەبێتەوە، کە ئایا بۆچی ئەو راپۆرتە لە پەرلەمانتارەکانی خولی دووەم شاردراوەتەوەو نەخراوەتە بەردەستیان بۆ تاووتوێکردنی؟، وتیشی: «بۆ روونکردنەوەی ئەو حاڵەتە یاداشتمان ئاراستەی د.کەمال کەرکوکی کردووە، کە لە خولی دووەمدا جێگری سەرۆکی پەرلەمان بووەو ئێستاش سەرۆکە، دەبێت ئەو ئاگاداربێت».

تائێستا داواکەی فراکسیۆنی گۆڕان لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە وەڵامنەدراوەتەوەو بەپێی پەیڕەوی ناوخۆ دوای ماوەیەکی کەم وەڵامی یاداشتەکەیان دەدرێتەوە، د.رێباز تەئکیدیشی کردەوە؛ کە بەدواداچوون بۆ ئەنجامی یاداشتەکەیان دەکەن و لێناگەڕێن تا وەڵامی دروستیان دەست نەکەوێت، وتیشی: «لە کۆتایی یاداشتەکەدا داوامان کردووە، کە راپۆرتی ساڵی (٢٠٠٩)ش بێتە پەرلەمان و لە بەردەستی ئەندام پەرلەمانەکاندا تاووتوێبکرێت».

عەدنان موفتی سەرۆکی پێشووی پەرلەمان لەچاوپێکەوتنێکی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستاندا، تەئکیدی لەسەر ئەوەکردەوە کەراپۆرتی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی وەرگرتووە «بەڵام بەشێوەیەکی شەخسیی بووە نەک بەفەرمی».

سەرچاوەیەکی ئاگادار لە دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی، ئەوەی بۆ رۆژنامە تەئکید کردەوە، کە دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی لە ساڵی (٢٠٠٨)دا (١٣)، راپۆرتی گرنگی هەستیاری بە نووسراوی فەرمی بۆ پەرلەمانی کوردستان ناردووە، بە مەبەستی گفتوگۆکردن لەناو هۆڵی پەرلەماندا.

هەر بەپێی لێدوانی ئەو سەرچاوە ئاگادارو بەرپرسەی دیوانی چاودێری دارایی، تا رۆژی (٨/٢٠)ی رابردوو (٤٠) راپۆرتی دیکەیان ناردووە بۆ پەرلەمان و سەرچاوەکە ئەوەشی رەتکردەوە، کە راپۆرتەکان بە شەخسیی نێردرابێت.

بەو هۆیەشەوە ئەندامانی خولی پێشووی پەرلەمان بێ ئاگان لەراپۆرتەکانی دیوانی چاودێری دارایی و لەلایەن سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە پێیان رانەگەیەنراوە کە راپۆرتی دیوانی چاودێری دارایی دەگاتە پەرلەمان.

عومەر عەبدولڕەحمان ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر فراکسیۆنی کوردستانی، کە هاوکات لە خولی دووەمیشدا پەرلەمانتار بووە، بە رۆژنامەی وت: «ئاگاداری ئەو راپۆرتەی دیوانی چاودێری دارایی نین و نازانم ئەگەر هاتبێتە سەرۆکایەتی پەرلەمان یان نا، ئەگەر هاتبێتیش نەخراوەتە بەردەستی ئێمە، چونکە هەر شتێک لە سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە نەنێردرێت، پەرلەمانتارەکان بێ ئاگان لێی».

سەبارەت بەشاردنەوەی ئەو راپۆرتەو نەخستنە بەردەستی پەرلەمانتارەکان، لیستی گۆڕان بەنیازە رێوشوێنی یاسایی لە دژی عەدنان موفتی سەرۆکی پێشووی پەرلەمان بگرێتەبەرو ئەگەر روونکردنەوەی پێویست نەداتە دەستەوە، ئەوا سکاڵای یاسایی لە دژی تۆمار دەکەن.

ئیسماعیل سەعید گەڵاڵەیی ئەندامی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان، ئاماژەی بەوە کرد، کە ناکرێت راپۆرتەکانی چاودێری دارایی لە ناو رەفەکانی پەرلەماندا هەڵبگیرێن، بەڵکو دەبێت بهێنرێنە پەرلەمان بۆ گفتوگۆکردن، وتیشی: «عەدنان موفتی تۆمەتبارە بەوەی، کە راپۆرتەکانی چاودێری دارایی شاردووەتەوە، هاوکات تۆمەتباریشە بە ئیهمالیی و شاردنەوەی گەندەڵیی و تاوانی ئیداریی و دارایی، کە رەنگە لەو راپۆرتانەدا روویاندابێت، هەر بۆیە دوای ئەوەی روونکردنەوەی پێویستمان دەستنەکەوت دەتوانین بەوتۆمەتانە عەدنان موفتی بدەینە دادگا».

فراکسیۆنەکانی دیکەی پەرلەمانی کوردستانیش هاوڕان لەگەڵ فراکسیۆنی گۆڕان و ئاماژە بەوە دەکەن؛ کە پێویستە ئەو راپۆرتانە بهێنرێنە بەردەستیان بۆ تاوتوێکردنی.

د.سەباح بەرزنجی ئەندامی فراکسیۆنی خزمەتگوزاریی و چاکسازی لە پەرلەمانی کوردستان، بە رۆژنامەی راگەیاند: ئێمە پشتگیریی هەرشتێک دەکەین، کە لە قازانجی میللەتەکەمان بێت، ئەوەی کە لیستی گۆڕان داوای کردووە مافێکی سروشتی خۆیەتی و پێویستە شەفافیەت بەرپابکرێت و تەمومژ نەمێنێت لە نێوان دەسەڵات و خەڵکدا، هاوکات ئەوە کاری پەرلەمانە کە چاودێریی ئەو دۆسیانە بکات».

هاوکات بە بڕوای عومەر عەبدولڕەحمان ئەندامی فراکسیۆنی کوردستانیش، پێویستە لێپرسینەوەو لێپێچینەوە لە هەموو کارمەندو کاربەدەستێک بکرێت لەسەر کێشە دارایی و کارگێڕییەکان و لەو بارەیەوە وتی: «پێویستە هەموو راپۆرتەکان لە پەرلەماندا تاووتوێبکرێن، بەتایبەت راپۆرتە داراییەکان هەڵوەستەی لەسەر بکرێت و تەعمیم بکرێت بۆ پەرلەمانتارەکان، هاوکات بەپێی یاساش شاردنەوەی زانیاری بەتاوان هەژمار دەکرێت و پێویستە روونکردنەوەی بەدوادابێت».

# خوێندکارانی گەرمیان ناڕەزایەتییەکانیان توندتر دەکەنەوە

ڕامیار عەبدولڕەحمان

خوێندکارانی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی کفری، ناڕەزایەتییەکانیان بۆ دامەزراندن توندترکردەوەو دوێنێ(١٠/١٩) رێگەی سەرەکیی کەلار-سلێمانییان گرت و ئەگەر داواکارییەکەشیان بۆ دامەزراندن قبوڵ نەکرێت، لە مانگرتنەکەیان بەردەوام دەبن.

شەماڵ رەئوف، نوێنەری خوێندکارە مانگرتووەکان بە رۆژنامەی راگەیاند «لەم مانگرتنەدا بۆمان روونبووەوە کە بەڕێوەبەرێتیی پەروەردەی گەرمیان ناوەکانمانی ناردووە بۆ وەزارەتی پەروەردە، ئەوە وەزارەتە داماننامەزرێنێت».

ناوبراو وتیشی «لە مانگرتنەکەمان بەردەوام دەبین، تا ئەوکاتەی داواکارییەکەمان جێبەجێدەکرێت، بەپێچەوانەوە رێگاکانی دیکەش دادەخەین».

هەر لەم بارەیەوە فریاد حسێن، بەرپرسی راگەیاندنی پەروەردەی گەرمیان بۆ رۆژنامە وتی «دامەزراندن لە دەسەڵاتی ئێمەدا نییە، تەنیا ئەوەندەمان لەسەرە ناوی خوێندکارەکان بۆ دامەزراندن بەرزبکەینەوە بۆ وەزارەتی پەروەردە».

خوێندکارە مانگرتووەکانی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی کفری، ژمارەیان (٦١)خوێندکاربوو کە خەڵکی هەموو ناوچەکانی گەرمیان بوون.

## ئاگاداری

گۆڤارێکی نوێ بەزمانی کوردی و بەناوی (دەنگ)ەوە دەردەچێتە بە شێوازی مانگانەو بە خاوەنی ئیمتییازی(بەندەن ئەبوبەکر ئەحمەد) دانیشتووی شاری سلێمانی-گەڕەکی شێخان بە سەرنووسەریی (دانا سلێمان حەسەن) دانیشتووی شاری سلێمانی-ناحیەی بەکرەجۆ، هەر کەس و لایەنێک لاریی هەیە دەتوانێت بە ژمارە تەلەفۆنەکانی (٠٧٧٠٢١٤٤٨٣٠-٠٧٧٠١٠٠٨٩٩١) پەیوەندی بکات.

# ـــدەرانیش دەیباتەوە

ناچاره هەوڵبدات دڵی تاک رابگرێت، راگرتنی دڵــی تــاک دەبـێـت بەهۆی باشبوونی ئەدای حوکمەت‌و دەسەڵات، لە بەغداش بە تەنیا یەکێتی‌و پارتی لەوێ نابن تا بە ئـارەزووی خۆیان‌و بە تەنیا بە گوێرەی بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆیان دانوستان بکەن، بەڵکو هێزی کوردستانیی دیکە لەوێ دەبێت، کە ناهێڵێت هەروا وەکو شەش ساڵی رابردوو سیاسەتی هەڵەو چەوتی نا نیشتمانی درێـژەی هەبێت، ئەمانە شەش ساڵە لەبەغدا شەڕ بۆ خۆیان دەکەن، ئەگەر لیستی گۆڕان دەنگی باش بهێنێت، لەوێ شەڕی بەرژەوەندییە گشتییەکانی خەڵکی کوردستان دەکات.

**رۆژنـــامـــە: بـە حوکمی ئــەوەی ماوەیەکی زۆر لە ئەوروپا ژیاویت‌و لەکاتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی کوردستاندا لە ئەوروپا بوویتە ئایا رۆڵی دەنگدەرانی رەوەندی کوردی بۆ ئەم هەڵبژاردنە چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟ بەتایبەت کە لە هەڵبژاردنی هەرێمدا نەیانتوانی بەشداریی دەنگدان بکەن.**

* دەنگی کوردەکانی دەرەوەی وڵات کاریگەرییەکی گەورەی دەبێت لەسەر ئەم هەڵبژاردنە، چونکە ئەگەر لێرە هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار ئینتیمای گەنجیان کوشتبێت، ئەوا لەوێ رۆحی کوردپەروەریی‌و نیشتمانپەروەریی زۆر بـەرزەو حەماسێکی زۆر هەیە بۆ دەنگدان، ئەوەشمان لە هەڵمەتی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا بینی. بە گوێرەی زانیاریی‌و بۆچوونم ئەوەی لە دەرەوە زاڵە لیستی گۆڕانەو پشتیوانییەکی زۆری لێدەکرێت، پێشبینی دەکـەم لە نیوە زیاتری دەنگەکانی دەرەوە بۆ بزووتنەوەی گۆڕان بێت و لەهەندەران بیباتەوە.

**رۆژنامە: وەک چاودێرێکی سیاسیی، پێتانوایە لیستی گۆڕان لە پەرلەمانی عێراق چۆن دەتوانێت بەرگریی لە مافە نەتەوەییەکان بکات؟ ئایا ئالییەتی کارکردنی چۆن دەبێت لە بەرامبەر لایەنە عەرەبیی‌و کوردییەکاندا؟**

* لەماوەی شەش ساڵی رابردوودا دەرکـــەوت کاربەدەستانی کـورد لە بەغدا پۆستە سیادییەکانیان بۆ شەڕی ئیمتیازات‌و دەستکەوتی مادیی‌و حکومیی بۆ خۆیان بەکارهێناوە، نەک بۆ بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان تێکۆشابن، ئـەوان دەبـوو لە رێگەی پـێـشـکـەشـکـردنـی پـرۆژەیـاسـای جـــۆراوجـــۆرەوە داوای مـافـە دەستوورییەکانی کوردیان بکردایە، ئەو مافانەی دەستووری هەمیشەیی عێراق سەلماندوونی، بەڵام لەو ماوە دوورو درێـژەدا چەند پرۆژە یاسای وەهایان پێشکەش کردووە؟ بێگومان هیچ! لە بەرامبەردا شەڕێکی زۆریان بۆ پارەو بۆ کۆنتراکتی نەوت کردووەن کۆنتراکتەکانی نەوت بە شیرینییەکەیان‌و بە بەرهەمەکەیانەوە چەندی بۆ خەڵکی کوردستان بووە؟ بێگومان، دیسانەوە هەر هیچ!، بەڵام لیستی گۆڕان کە چووە بەغدا ستراتیژێکی تەواو پێچەوانەی دەبێت لە لیستی یەکێتی‌و پارتی، ئێمە بەجۆرێکی دیکەو بۆ مەبەستێکی دیکە ململانێی دیموکراسی دەبەینە بەغدا: بایەخ نـەدان بە پۆستەکان، ئەگەر هـەر بۆ مەکسەبی حیزبی‌و شەخسی بن، لەبەرامبەردا تێکۆشان بۆ سەقامگیرکردنی تەواوی مافەکانی خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی دەستووردا وەکو دیاریکردنی سنووری هەرێم، بە نیزامیکردنی هێزی پاسەوانی هەرێم، بەکارهێنانی زمانی کوردی وەکو دووەم زمانی رەسمیی لە عێراق، بەربەرەکانیی گەندەڵیی‌و رێگەگرتن لە بەفیرۆدانی بودجەی کوردستان‌و سامانی گشتیی‌و زۆری دیکە.


مەحموود رەزا

---

# پرۆفیسۆر دلاوەر عەلائەدین:
# ئۆپۆزسیۆنیش دەکەوێتە ژێر تاقیکردنەوەی دەنگدەرەوە

**سازدانی رۆژنامە**

پرۆفیسۆر دلاوەر عەلائەددین رای وایە کە لە دۆخی سیاسی داهاتوی کوردستاندا ئۆپۆزسیۆنیش وەک حکومەت دەکەوێتە ژێر تاقیکردنەوەی سیاسی‌و خەڵکی دەنگدەر چاودێریی ئەوانیش دەکات‌و چاوەڕێی حیکمەت لە هەڵسوکەوت‌و بڕیاردانی ئەوانیش دەکات. پرۆفیسۆر عەلائەدین ئاماژە بۆ ئەوەشدەکات کە لە ئێستاداو لەژێر سیستمی دیموکراسییەتدا هەرێم پێویستی بە حیزبی چەکدار نەماوە.


دلاوەر عەلائەدین

**رۆژنامە: لەدوای ئاشکراکردنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان‌و دەرکەوتنی بزووتنەوەو هێزی ئۆپۆزسیۆن پێتوایە گۆڕانکارییەکان بە ئاراستەیەکی ئیجابیدا دەڕوات؟**

* لە سیستمی دیموکراسیدا، تەنانەت لە هی وڵاتانی گەشەکردووشدا، هەموو هەڵبژاردنێک بازێکە بەرەوپێشەوەو قۆناغێکی گرنگە لە پرۆسەی سیاسیدا. لە هەرێمی کوردستانیشدا، واتە لە وڵاتێکدا کە هێشتا پرۆسەی داهێنانی دیموکراسییەت لە دەستپێکدایە، هەموو هەڵبژاردنێک فرسەتێکی مێژووییە بـۆ بـازدانـی مــەزن بـەرەوپـێـشــەوە. دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەوجارەش بـوونـە مـایـەی جۆشدانی پێشبڕکێی سیاسی‌و بـەخـۆداچـوونـەوەی هەموو حیزبەکانی گۆڕەپان، لەوانەش گرنگتر ئەوەبوو کەوا خەڵکی دەنگدەری هەرێم بە رەزامەندییەوە هەستیان بە بەشدارێتی فیعلیی کـردو بـۆیـان دەرکـــەوت کە دەنگەکانیان بەهای هەیەو لە رێگەیەوە دەتوانن وا لە بەرپرسان بکەن، کە ئاوڕ لە خوازو ئاوات‌و پێداویستییەکانیان بدەنەوە، ئەوانەش دەبنە هاندەر تاوەکو خەڵکی هەرێم لە بەشداریکردن‌و لە دەنەدەربڕین بەردەوام بن، ئەوانەیش کەفیلن بەوەی کە ئاڕاستەی گۆڕانکارییەکان هەر بەرەو ئیجابییەت بێت.

**رۆژنامە: ئایا ئێمە لە ئێستای کوردستاندا پێویستمان بە هێزی سیاسی‌و حیزب ماوە؟**

* لە رابردوو و لە ئێستاو لە ئایندەشدا، کوردستان پێویستی بە هێزی سیاسی‌و بە حیزب هەر هەبووەو هەر دەمێنێت. حوکمڕانیی لە هەموو وڵاتێکدا پێویستی بە گرووپی سیاسیی خـاوەن بەرنامەو مانیفەستۆی جیاجیا دەبێت، راستە لە ئێستاداو لەژێر سیستمی دیموکراسییەتدا هەرێم پێویستی بە حیزبی چەکدار نەماوە، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە پێویستی بە پێشبڕکێ‌و ململانێی حیزبایەتی نەماوە، ئەگەرچی لە هەڵبژاردندا خەڵکی تاکەکەس‌و خەڵکی خاوەن لیستی تایبەت دەتوانن لە گۆڕەپاندا پێشبڕکێ بۆ پەرلەمان بکەن بەبێ ئـەوەی نـاوی «حیزب» هەڵبگرن، بـەڵام لە دوائەنجامدا ئەندامانی ناو لیستەکانیش مەجبوور دەبن بەردەوامێتیی بە هەوڵەکانیان بـدەن‌و خۆیان لەیەکتر ببەستنەوەو تەنسیقی کارەکانیان لە ئاستێکی بەرزدا ئەنجامبدەن‌و روانگەی هاوبەش لە خۆبگرن‌و بەرنامەی سیاسیی درێژخایەن‌و مانیفەستۆ بخەنە بەردەم دەنگدەران، ئەو کارانەش لە چوارچێوەی حیزبدا باشتر ئەنجامدەدرێن وەک لەوەی لە رێگەی هاوپەیمانێتی چەند تاکەکەسێک.

**رۆژنامە: ئایا ئۆپۆزسیۆنی راستەقینە دەبێت چۆن بێت؟**

* ئۆپۆزسیۆن بەشێکی دانەبڕاوەو یاریکەرێکی گرنگە لە پڕۆسەی سیاسیی نـاو سیستمی دیموکراسی، بێگومان ئۆپۆزسیۆنیش هەروەک حکومەت لەناو هەمان چوارچێوەی یاسایی‌و دەستووریدا کـاردەکـات‌و تا رادەیـەکـی زۆریـش ئەو دووانە تەواوکەری یەکترین. هەڵبەتە لێرەدا مەبەستان لە پرسیارەکە ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانیە، کە ئەویش بریتییە لە کۆی ئەو گروپانەی کە روانگەو ستراتیژییەتی ئەلتەرناتیڤیان بۆ شێوازی حوکمڕانیی وڵاتـەکـە هـەیـەو سیاسەتەکانیان‌و بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ هی حکومەتدا یەکتر نـاگـرنـەوە، بۆیە بەشداریی لە حوکمڕانی نـاکـەن‌و رۆڵــی چـاودێـرو رەخنەگر دەبینن، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە لە هەموو کارو بەرنامەیەکدا دەبێت رەخنەگربن‌و لە دژی بەرنامەی حکومەت بـن، بەڵکو دەبێت رۆڵــی چاودێرێکی دروستکەر ببینن، بە بوێرانە رەخنە لە سیاسەتی چــەوت بگرن، رێگەچارەی ئەڵتەرناتیڤ پێشنیاز بکەن‌و دانیش بە کارە چاکەکانی حکومەتدا بنێن، هەروەها لە پێچی مێژوویی‌و لە کاتی بڕیاردانی چارەنووسسازیشدا، بـۆ نموونە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێرشی دوژمن وەیان ململانێی دەرەکیدا، دەبێت بەرژەوەندیی بــەرزی وڵات بـپـارێـزن‌و یەکڕیزیی‌و یەکهەڵوێستیی وڵاتەکە بپارێزن.

**رۆژنامە: پێتوایە هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی وەک گـۆڕان تا چەند دەتوانێت لەنێو دەسەڵاتی دوو حیزبی دەسەڵاتداردا رۆڵی هەبێت؟**

* لە هەرێمدا حاڵەتی ئۆپۆزسیۆن‌و بـزووتـنـەوەی ئـۆپـۆزسـیـۆن دەمێکە دروستبووەو هەر لە گەشەکردندا بووە، دەمێکە میدیای ئازاد رۆڵی ئۆپۆزسیۆنێکی کاریگەری بینیوە، خەڵکی هەرێمیش رۆڵیان لە چاودێریکردنی حکومەت‌و هاندانی میدیای ئـازاد بینیوە، هاوکات حیزبی بچووکی دەرەوەی دەسەڵاتیش خۆی بە بەشێک لە ئۆپۆزسیۆن زانیوە، سەرەڕای ئەوەی کە زۆربەیان لە حکومەتدا بەشدارییان دەکرد، بەڵام هەتا هەڵبژاردنی ئەوجارەیان، دەنگی ئۆپۆزسیۆنی کاریگەر خۆی نەگەیاندبووە ناو سیستمی تەشریع‌و دیوی ناوەوەی پەرلەمان، ئێستاش بە گەیشتنی لیستی گۆڕان‌و شانبەشانی حیزبی دیکەی وەک یەکگرتووی ئیسلامیی، دەکرێت بووترێت کە ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانیی کاریگەر خەریکە بێتە کایەوە. ئەو گروپانە فرسەتی مێژووییان بۆ رەخساوە کە رۆڵی شایان لە داهێنانی دیموکراسییەت‌و زەقکردنی رۆڵی دامەزراوەکانی سیستمدا ببینن. شایانی باسە کە جیاوازییەکی مەزن هەیە لەنێوان گەیشتن بە هۆڵی پەرلەمان‌و کارکردن وەک ئۆپۆزسیۆنێکی کاریگەر، گەیشتنی لیستی گۆڕان بە شانۆی پەرلەمان تەنیا دەستپێکە، واتە پلەی یەکەمە لە پەیژەی سیاسیی، لێرەوە لیستەکە پێویستی بەوە دەبێت کە لە هونەری ژیانی ئۆپۆزسیۆنایەتی شارەزابێت‌و بزانێت کە چۆن ئەو رۆڵە لە بەرژەوەندیی خۆی‌و خەڵکی دەنگدەرو باقی وڵاتەکە بەکاربهێنێت، هاوکات تەحەدای مەزن دەکەوێتە بەردەم ئۆپۆزسیۆنەوە، هەروەک چۆن تەحەدای مەزن بەردەوام دەکـەونـە بــەردەم حکومەتەوە، واتــە ئۆپۆزسیۆنیش وەک حکومەت دەکەوێتە ژێـر تاقیکردنەوەی سیاسی‌و خەڵکی دەنگدەر چاودێریی ئەوانیش دەکـات‌و چـاوەڕێـی حیکمەت لە هەڵسوکەوت‌و بڕیاردانی ئەوانیش دەکـات، جا ئەگەر لیستی گۆڕان بیەوێت بە هونەرمەندانە رۆڵی کاریگەرو دروستکەر لە پەرلەماندا ببینێت، دەبێت زۆر بەخۆیەوە ماندووبێت، پەروەردەی زانستی‌و هونەری ئەندامەکانی بگەیەنێتە ئاستێک کە تەرکیزیان لەسەر پیشەکەیان‌و رۆڵە مێژووییەکەیان بێهاوتا بێت.

**رۆژنامە: دەرکەوتنی هێزی ئۆپۆزسیۆن لە بارودۆخی ئێستای هەرێم تا چەند کاریگەریی لەسەر کورد لە حکومەتی عێراقدا دەبێتە بەتایبەت لەکاتێکدا کە بەرپرسانی یەکێتی‌و پارتی پێیانوایە کە فرەلیستیی واتە ماڵوێرانی بۆ کورد لە بەغداو هێزی گۆڕانیش بە نیازە بە لیستی جیاواز بەشداریی هەڵبژاردنی عێراق بکات؟**

> دەکرێت بووترێت کە ئۆپۆزسیۆنی پەرلەمانیی کاریگەر خەریکە بێتە کایەوە

* دەرکەوتنی هێزی ئۆپۆزسیۆن لەناو پەرلەماندا رۆڵی لە مەسەلەی پاراستنی بەرژەوەندیی گشتیی هەرێم زۆردەبێت‌و دەبێتە هاندەرێکی مەزن بۆ ورووژاندنی بابەتی ستراتیژیی‌و دەبێتە زامینەکەرێک بۆئەوەی کە حکومەت باشترین رێڕەو بگرێتەبەر، بۆیە ئۆپۆزسیۆنی مەسئول لە پێچی چارەنووسسازدا دەتوانێت ببێتە سەرچاوەی حیکمەت بۆ خاتری گەیشتن بە بڕیاری سەلیم، دەتوانێت کاریگەریی پۆزەتیڤی لەسەر دۆزی کـورد هەبێت بەتایبەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێزە ململانێکەرە دەرەکییەکان.

بێگومان رێکەوتن‌و هاوپەیمانێتی حیزبە کوردییەکان وەیان دابەزینیان بە یەکلیستیی باشترە وەک لە فرەلیستیی، بەتایبەتی بۆ ڕاکێشانی دەنگی خەڵکانی دەرەوەی هەرێم بۆ بڕیاردان لەسەر هاوپەیمانێتی لە ئاستی عێراقدا لە بەرژەوەندیی کورددایە کە دەنگی کورد لە پەرلەمانی بەغداو لە سەر شانۆی سیاسیی عێراقیی بە زەقی‌و بە یەکگرتوویی بمێنێتەوەو لە حاڵەتی پێکهێنانی هاوپەیمانێتی دەرەکییەوە کورد بە یەک جەبهە بکەوێتە گفتوگۆوە، بەڵام ئەوەش مانای ئەوە نییە کە فرەلیستیی دەبێتە کارەسات، لە خولی رابــردوودا یەکگرتووی ئیسلامیی لیستی جیاوازی هەبوو و کورد لێی نەقەوما.

خۆ هەتا ئەگەر هەموو لایەنە کوردییەکان بە یەک لیستیش دابەزن مانای ئەوە نییە کە لەدوای هەڵبژاردنداو لەناو پەرلەمانی بەغدادا لایەنە جیاکان تەباو یەکدەنگ دەبن، چونکە لەو حاڵەتەیشدا گرفتەکانیان هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە، لەوانەیە لە کاتی دروستکردنی حکومەتی مەرکەزدا، ئەندامانی لیستی کوردی تووشی لەتبوون ببن‌و هەر گروپێکیان هاوپەیمانێتی بە جیا لەگەڵ لایەنێکی جیاوازی عەرەبی ببەستێت، هەروەک ئەوەی لە بنەڕەتەوە کورد فرەلیست بووبێت، واتە هیچ زامینێک نییە کە هاوپەیمانێتی کوردی تاکەلیستی هەر بە تاکەلیستی دەمێنێتەوە.

دیارە کە گەورەترین مەترسیی خەڵک لەوەدایە، کە لەوانەیە فرەلیستیی رێگە بۆ فرە هاوپەیمانێتی‌و بگرە دژە هاوپەیمانێتی خۆشبکات‌و وای لێبێت کـە لایـەنـە عێراقییەکان بتوانن لەتلەتبوونی ماڵی کورد لە دژی کورد بەکاربهێنن، لە حاڵەتێکیش ئەگەر هەرکام لایەنی کاریگەریی کوردی خەریکی هاوپەیمانی لاوەکی بێت‌و تەنیا رەچاوی بەرژەوەندیی تەسکی خۆی بکات، بەبێ گوێدانە بەرژەوەندیی ستراتیژیی کورد، ئەوا دۆزی کورد تووشی پاشەکشە دەبێت. جا بەهەرحاڵ خەڵکی دەنگدەری کوردستان‌و مێژوونووسان دەبنە بڕیاردەر لەسەر هەڵوێستی نیشتمانپەروەرانەی لایەنە کوردییەکان.

پرۆفایل
{پزیشکی ئیختیساسی لە بواری نەخۆشییە میکرۆبیە بڵاوەکان، مامۆستای زانکۆ بە پلەی پرۆفیسۆر لە زانکۆی نۆتینگهامی بەریتانی. سەرۆکی گروپی بەکتریۆلۆژی‌و بەرهەڵستی لە نۆتینگهام، سەرۆکی لێکۆڵینەوەی زانستی لە کۆلێژی شاهانەی پاتۆلۆژی لە بەریتانیا، چاودێرێکی سیاسی، پسپۆڕێکی لۆبیکردنی نێودەوڵەتیی، نووسەر لەو بوارە ستراتیژیانەی کە پەیوەندییان بە چارەنووس‌و مافی مرۆڤی کوردەوەیە}

# مەحمود رەزا: بزووتنەوەی گۆڕان لە هەن

سازدانی: بەرهەم خالید

مەحمود رەزا ئەمین، نووسەرو چاودێری سیاسیی لەم چاوپێکەوتنەی رۆژنامەدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە شەڕی یەکێتی‌و پارتی بۆ یەکلیستیی لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆیاندایە، نەک بۆ بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان. مەحمود کە پێشتر بەڕێوەبەری پێشووی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان هەروەها دەڵێت: لە ماوەی شەش ساڵی رابردوودا دەرکەوت کاربەدەستانی کورد لە بەغدا پۆستە سیادییەکانیان بۆ بەرزکردنەوەی خۆیان بەکارهێنا، نەک بۆ بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان.

**رۆژنامە: ناوەندی سیاسی‌و شەقامی کوردی سەبارەت بەهەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق دابەشبووە بۆ دووبەرەی جیاواز، یەکێکیان پشتگیریی لە فرەلیستیی دەکات، ئەوی تریشیان یەکلیستیی، ئێوە کام لەم بۆچوونانە بەواقعی دەزانن‌و بۆ بەرژەوەندیی کورد پێویستە؟**

* ئەو دابەشبوونەو بانگەشە بۆ یەکلیستی‌و فرەلیستیی، هەر کەس‌و لایەنە لە روانگەی خۆیەوە حاڵەتێکی تەندروستە، بەڵام ئەوەی نا تەندروستە ئەوەیە کە لیستی دەسەڵات دەیەوێت بۆچوونێک رەواج پێبدات، کە ئەوەی لەگەڵ یەکلیستیی نەبێت بە خائینی لە قەڵەم بدات، ئەوەش لە روانگەی بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی بەرپرسەکانی یەکێتی‌و پارتییەوەیە، ئەگینا مەرج نییە یەکلیستیی ببێتە هۆکاری بەدیهاتنی مافەکانی کورد لە بەغدا، فرەلیستیش تێکیبدات، بۆ ئەوەش بەڵگە هەیە، چەند ساڵێکە لیستی هاوپەیمانی لە بەغدایە، ژمارەیەکی زۆر پەرلەمانتارو کۆمەڵێک بەرپرسی گەورەمان لەوێن، بەڵام تائێستا نەیانتوانیوە هیچ مادەیەک لەو مادە دەستوورییانەی بە قازانجی کوردن بکەنە یاساو مافەکانی کورد بهێننەدی.

لەلایەکی دیکەوە هەر لەو ماوەیەدا لیستی یەکگرتووی ئیسلامییش لە بەغدا بووە، کەچی نەبووەتە هۆی تێکدانی یەکڕیزیی‌و لاوازکردنی کورد، هەرچەندە لەکاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ساڵی (٢٠٠٥)دا لەسەر دابەزینی یەکگرتوو بە لیستی جیاواز هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار شاڵاوێکی ئیعلامیی تەخوینکردنیان کردە سەریان‌و لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پارتی پەلاماری بارەگاکانیان درا، بە بیانووی ئەوەی دابەزین بە لیستی جیا درز دەخاتە نێو ماڵی کورد، بەڵام وەکو خەڵکی کوردستان بینییان لەو ماوەیەدا پەرلەمانتارانی یەکگرتووش بەرگرییان لە مافەکانی کورد کردووەو لە بەغدا هەڵوێستی نیشتمانییان هەبوو.

لەبەرئەوە هیچ پاساوێک نییە بۆ دابەزینی کورد بە یەک لیست، پێموایە نە یەکلیستیی زامنی بەدیهاتنی مافەکانی کوردەو نە فرەلیستیی خیانەتە لە کوردو خەڵکی کوردستان.

**رۆژنامە: بەڵام یەکێتی‌و پارتی سوورن لەسەر ئەوەی کە دەبێت کورد بە یەک لیست بەشداریی ئەو هەڵبژاردنە بکات ؟**

* سووربوونی ئەوان، بەتایبەت یەکێتی لەسەر یەکلیستیی، لەپێناو چەند مەبەست‌و بەرژەوەندییەکی تایبەتییە، لەوانە: شاردنەوەی قەبارەی راستەقینەیان لە بەغدا، پاراستنی پۆستەکانیان لەوێ، بەتایبەتی هەڵبژاردنەوەی مام جەلال بە سەرۆک کۆمار، بە واتایەکی دیکە شەڕی یەکێتی‌و پارتی بۆ یەکلیستیی لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆیاندایە، نەک بۆ بەرژەوەندیی خەڵکی کوردستان، ئەوان بۆیە بەوشێوە نا شارستانییە هێرش دەکەنە سەر فرەلیستیی، چونکە فرەلیستیی تابووت بۆ بەرژەوەندییە تایبەتییەکانی بەرپرسەکانی کورد لە بەغدا دروست دەکات‌و نرخ بۆ دەنگی تاک‌و بەرژەوەندییە گشتییەکانی خەڵکی کوردستان دەگەڕێنێتەوە.

**رۆژنامە: بۆچی یەکلیستیت پێ خراپە؟ بە واتایەکی دیکە، قازانجی فرەلیستیی لە چیدایە؟**

* لە فرەلیستیدا ململانێی دیموکراتی گەرم دەبێت، خەڵک بە گوڕوتینی زۆرەوە دەچن بۆ دەنگدان، تاکی دەنگدەر بڕوا بەخۆی پەیدادەکات، ئەو کاتە دەسەڵات لەجیاتی ئەوەی وەکو کۆیلە سەیری تاک‌و رۆڵی تاک بکات،

# ئەبوکاروان: د.بەرهەم پێیوتووین کۆسپم بۆ دروستبکرێت دەکشێمەوە

سازدانی: هەستیار قادر

ئەبوکاروان ئەندامی مەکتەبی سیاسی حیزبی شیوعی کوردستان دەڵێت ئێمە قبووڵ ناکەین ئەگەر بچینە ناو حکومەتەوە هەموو شتێک قبوڵ بکەین‌و رەخنە نەگرین ئەو بەرپرسە باڵایەی حیزبی شیوعی ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات کە حیزبەکەی بەشداریکردن لەحکومەتدا وەک بەرتیلی سیاسیی قبوڵ نکات.

**رۆژنامە: وەک حیزبی شیوعی بڕیارتان داوە بەشداریی لە حکومەتی نوێی هەرێمدا بکەن؟ بەشداریکردنتان لە پێناو بەشداریکردندا دەبێتە یان بۆ هاوبەشیکردنی دەبێت؟**

* تائێستا بڕیاری بەشداربوون‌و نەبوونمان نەداوەو لە هەردوو حاڵەتەکەدا کۆمیتەی ناوەندی لەسەری کۆدەبێتەوە، گەر بڕیاری بەشداربوون بدات ئێمە لەگەڵ د.بەرهەم‌و ئازاد بەرواری جێگری گفتوگۆمان کردووەو ئەوان گرنگی بەشداری حیزبی شیوعییان لە حکومەت بەشێوەی ئیجابیانە خستووەتەڕوو نەشیان بەستووەتەوە بە بوونی نوێنەرێک لە پەرلەماندا، بەڵکو پەیوەستیان کردووە بە مێژووی رابردوو و ئێستای حیزبی شیوعی.

گرنگترین شت کە لەو دیدارەدا باسیان لە بەرنامەی حکومەتەکەیان کردووە کە پێشکەشی دەکەن‌و بەو مانایەی قبووڵیان نییە ئەم حکومەتە وەک حکومەتەکانی پێشوو بێت‌و دەبێت دەزگاکانی ئاسایش‌و پۆلیس لەلایەن هەردوو حیزبەوە کۆنترۆڵ نەکرێت‌و ناکرێت بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ حیزبەکان بکرێت‌و ناکرێت تائێستا تەزکییەی حیزبیی رۆڵی هەبێت. ئەزموونەکانی رابردوومان بەشێوەیەک بووە، کە هیچ لایەک پێی قبوڵنەکراوە، ئەگەر قسە لەسەر مەرج‌و بەرنامە دەکرێت، دەیان مەرج‌و بەرنامەو یاداشتمان پێشکەشکردووە، بەڵام جێبەجێنەکراوە، ئەوان پێیانووتین؛ ئێمە وەزارەتتان دەدەینێ نەک وەزیر.

لەبارەی بەشداریکردنیشماندا لە حکومەت بەپێی ئەو بەرنامەو داخوازیانەی کە خۆمان دەمانەوێت‌و گەر لەسەر ئەو بەرنامەیەش رازی نەبووین قسە لەسەر ئەوە دەکەین، کە ناتوانین بەشداریی لەو حکومەتەدا بکەین، تەنانەت خۆشیان بە د.بەرهەمەوە وتوییەتی گەر یارمەتیم نەدرێت‌و کۆسپم بۆ دروستبکرێت رەنگە لە حکومەت بکشێمەوە.

**رۆژنامە: بەشداربوون لە حکومەتدا بە کارێکی ئاسایی وەردەگیرێت لە کاتێکدا کە ئێستا ئۆپۆزسیۆنبوون بە جۆرێک لە تاوان دەناسرێنرێت؟**

* ئۆپۆزسیۆن تاوان نییەو گەر ئۆپۆزسیۆنێک بەدوای کەموکورتییەکانی حکومەتدا بڕوات‌و لە میدیاکاندا باسی بکات‌و چارەسەری پێشکەش بکات بۆ تاوانە؟ بە پێچەوانەوە خزمەتی زیاتر دەکات، ئێمە یەک خاڵ هەیە رێی قبوڵکردنی بەشداریمان لێدەگرێت، ئێمە قبووڵمان نییە هەموو شتێک حکومەت کردی ئێمە لەگەڵیدا بین‌و بێدەنگ بین‌و ئەوە لامان رەتدەکرێتەوەو ناکرێت بەرنامەی خۆمان بکەینە قوربانی کارێک کە حکومەت بیکات‌و لێی رازی نەبین، ئێمە قبوڵمان نییە، کە لەبەر ئەوەی لە حکومەتداین هەموو شتێک قبوڵ بکەین‌و گەر بۆ بەشداریکردنمان لە حکومەتدا ئەو خاڵە رەتبکاتەوە بە ئیجماع لە گەڵیدا نین.

**رۆژنامە: «ئەو بەشداریکردنە هاوبەشتان ناکات لە شکستەکانی دەسەڵاتدا؟**

* بەشدار بوون لە حکومەتدا جیایە لە بەشداربوون لە دەسەڵات، ئێمە وەزیرێکمان هەبووەو جێگری وەزیرو بەڕێوەبەرە گشتییەکەی یەکێکی دیکە بووەو دەتوانین بڵێین بەشداریی کردنمان بۆ جوانکردن

بەشدار بوون لە حکومەتدا جیایە لە بەشداربوون لە دەسەڵات

بووەو یەکێک لە قسەکانیشمان لەگەڵ د.بەرهەمدا ئەوە بووە، کە ناکرێت تەنیا وەزیرێکمان پێبدرێت، بەڵکو دەبێت لە بڕیارە سیاسییەکانی حکومەتدا بەشداربین، جگەلەوە بەرپرسارێتیش لە حیزبێکەوە بۆ حیزبێک جیاوازە، ئەوە جیاوازە حیزبێک چەند وەزیرێکی هەبێت‌و حیزبێکیش یەک وەزیری هەبێت‌و جیاوازە لەوەی کە لە خوارەوە تا دەگاتە سەرەوە یەک کەست لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا نەبێت‌و هەمووی هی ئەو دوو حیزبەبێت، بەرپرسیارێتی لە هەموو دنیادا جیادەکرێتەوە بەرپرسیارێتی کۆمەڵی‌و فەردیی هەیە، ئێمە ئەگەر وەک حیزبی شیوعی وەزیرێکمان هەبێت چەندە بەرپرسیارێتی فەردیمان دەبێت، وەک حیزب رەنگە لە بەرپرسیارێتییە کۆمەڵەییەکەدا بەشداربین، بەڵام گەر شیبکرێتەوە بەرپرسیارێتی کەمترمان دەکەوێت لەو کەموکورتیانەی کە هەیە.

**رۆژنامە: ئەو بەشداریکردنە بەرتیلی سیاسیی نییە؟**

* ئێمە نە گوشار نە بەرتیلی سیاسیی کاریگەریمان لێناکات‌و قبووڵی ناکەین‌و رەتی دەکەینەوە، بە قەناعەتی ئێمە بەشداربوون یان نەبوون خاڵی ئیجابی‌و سلبی تیایەو گەر بەشداریکردنمان بە پلەی یەکەم خزمەت بە میللەتەکەمان دەکات بەشداریی دەکەین، ئەگەرنا بەشداریی ناکەین‌و زۆرجاریش قوربانیمان بە بەرەژەوەندییەکانی حیزب داوە هەر بۆیە لە (١٩٩٢)ەوە حیزبی شیوعیان مەحروم کردووە لە خێزانی شەهیدانی‌و لە سوپاداو لە هەموو کوردستاندا دوو ئەفسەری حیزبی شیوعی تیانییە.

**رۆژنامە: «بە پاساوی نالەباریی بارودۆخی هەرێم‌و گرنگیی پەنابردنە بەر ئەنجومەنی پارتە سیاسییەکان بەشداریتان لە یاداشتی چوارحیزبەکەدا نەکرد هۆکاری دیکە هەبوو بۆ ئەو هەڵوێستەتان بەتایبەت کە ئەنجومەنی پارتە سیاسییەکانیش ئەزموونێکی شکستخواردوو بوو؟**

* کاتی یاداشتی چوارحیزبەکە موناسیب نەبوو لەلایەک وەفدی بەغداو گفتوگۆکانیان لە تورکیا جێی پرسیاربوو، لەلایەکی دیکەوە ئەو حیزبانەی کۆبوونەوەی قاهیرەیان کرد لەسەر دۆسییەی کوردبوو، باشە ئەنجومەنی پارتە سیاسییەکانی ئەم (٥) حیزبە داوای پێکهێنانیمان کردو وتمان دەبێت بەشداریی بکەین لە شوێنێکی بڕیاری سیاسیی، ئەگەر راوێژکاریش بێت، بەڵام دەرەنجامەکەی وابوو، جگە لەوە ئێمە پێمان وتن؛ بفەرموون کە لەگەڵ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران کۆدەبینەوە ئەو هەموو کەموکورتی‌و گەندەڵیانە هەیە بزانین کێ زیاتر قسەی لەسەر کردووەو با خۆیان دادوەربن، ئێمە لە پەرلەماندا چ رۆڵێکمان بوو لە گۆڕینی یاساکاندا، کە ئەمڕۆ دەبینین چ باردۆخێکی دروستکردووەو بۆیە ئێمە وتوومانە کەناڵی زۆرتر هەیە باپێکەوە گوشار بکەین بۆ جێبەجێکردن‌و چاککردنەوە ئەو کاتە وتمان ئەمڕۆ لەم یاداشتەدا ناکۆکیمان لەسەری هەیە، بەڵام بۆ داهاتوو بۆ زۆر دۆسییەی دیکە با پەیوەندیمان هەبێت.




**رۆژنامە: «با بپەڕینەوە بۆ کەرکوک، ئایا کەرکوکمان لەدەستدا؟**

* گەر قسە لەسەر وەزعی کەرکوک بکەین دەبێت قسە لەسەر واقیعی ئێستای عێراق‌و کوردستان‌و کاریگەرییە نێودەوڵەتییەکان بکەین‌و ئەو حیزبانەی کە ئەمڕۆ لە عێراقدا دەسەڵاتدارن ئەمەریکییەکان لە (٢٠٠٣) دانیشتنی هەفاتەیان هەبوو لەگەڵ ئێمەدا دوو خاڵی خیلافیان بە ئێمە دەوت، وتیان ئێوە شیوعین چۆن داوای گەڕانەوەی کەرکوک بۆ سەر هەرێمی کوردستان‌و فیدراڵیی دەکەن، دەبێت قسەش لەسەر هۆکاری ناوخۆییش بکەین، کە پەیوەندیی بە خۆمانەوەیە کە لە (٢٠٠٣)ەوە دەسەڵاتی کەرکوک زۆربەی بەدەست خۆمانەوە بووە، دەسەڵاتی پێشتریش لە عەلاوییەوە تا جەعفەری تا مالیکی قەناعەتیان چییە بە دۆسییەکەت؟ کاتی خۆی کە قسەمان لەسەر هەڵبژاردن دەکرد لە عێراقدا لە دوکان لەگەڵ کاک مەسعودو مام جەلال هەموو تەیاری دیموکراتی عێراقیمان کۆکردەوەو وتمان: کێشە ئەوەنییە، کە کورد (٥٠ یان ٨٠) کورسیی لە پەرلەمانی عێراقدا بەدەستبهێنێت، کێشە ئەوەیە (٨٠)کەی دیکە کێ دەیهێنێت؟ خۆشمان لە کەرکوک مووەفەق نەبووین‌و نەمانتوانی جادەی کەرکوک رازی بکەین، نەک هەر کورد بەڵکو عەرەب‌و تورکمانیش رازی بکەین‌و چووین حیزبی کوردی‌و تورکمانیمان دروستکرد، کە هیچ کاریگەرییەکی نییە، بەڵام نەمانتوانی کۆمەڵێک شتی جیا پیشانی عەرەب‌و تورکمان بدەین، کە ئێمە کاتێک دەسەڵاتمان هەبووبێت دەتوانین شتی باش بکەین‌و جیاوازیش ناکەین لە نێوان ئێوەو کەسی دیکەداو نەمانتوانی متمانە دروست بکەین لە نێوانیاندا، کە قەناعەتێکیان لا دروست بێت دەسەڵاتی کوردی مەترسیی نییە لەسەر قەزییەی تورکمان‌و عەرەب‌و ئێمە مووەفەق نەبووین‌و فاشیل بووین، بەداخەوە سەرکردایەتی کوردیش ئەمە دەزانێت، بەڵام تا ئەمڕۆش چارەسەری ناکات، تائێستا لە کەرکوکدا دوو سەندیکای کرێکاران‌و دوو ئاسایش هەیەو تائێستا دەسەڵاتەکان دابەشکراوەو کەس لەسەر گەندەڵیی‌و کەموکورتی دەرناکرێت.

**رۆژنامە: دەکرێت هەموو تاوانەکە بخرێتە ملی مالیکی؟**

* هیچکام لە عەلاوی‌و جەعفەری‌و مالیکی ناتوانن هەرگیز خۆیان رزگار بکەن لەوە، کە قەناعەتیان بە دۆسییەکە هەبووەو هاوکارییان نەکردووە، هەریەکەیان بەشێوازێک ئەو دۆسییەیەیان رەتکردووەتەوەو تەنانەت لایەنی کوردستانیش کەمتەرخەم بوون، هەموو ئەو کاتانەی حەمید مەجید موسا سەرۆکی لیژنەکە بوو لە کوردستانیشدا بوو پێدانەگیرا لەوەی لیژنەکە دروست بکەن، ناکرێت هەر رەوتێک لێدوانێک بدات کاردانەوەیەکمان هەبێت‌و زۆر لە دژی قسە بکەین، بە پێچەوانەوە دەبێت پێداگریی لەسەر جێبەجێکردنی مادەی (١٤٠) بکەین پێویستە لایەنی عەرەبی لەوە ئاگادار بکەینەوە، کە بەرامبەر مادەی (١٤٠) کۆمەڵێک تەنازولاتمان کردووەو دەستوورمان قوبڵکردووە، گەر دەتانەوێت ئێمە ئەم مادەیە رەتبکەینەوە ئێمە زۆر شتی دیکە هەیە رەتی دەکەینەوە، کەواتە دەبێت پرۆسەی سیاسیی عێراق بگەڕێنینەوە بۆ خاڵی سفرو ناکرێت ئێمە لەسەر بنەمای کاردانەوە مامەڵە بکەین‌و رای گشتیی عەرەبی‌و تورکمانی لە خۆمان بووروژێنین، ئیتسیحقاقی ئێمە دەستوورەو هەموو لایەک لەسەری رێکەوتوون، با لەوە زیاتر تەجاوز نەکەین‌و هەندێک لێدوانی کاردانەوەی ئێمە بارودۆخەکەی ئاڵۆز کردووە.

**رۆژنامە: لە پەرلەمانی عێراقدا لەگەڵ یەکێتی‌و پارتیدا لە یەک لیستدان، لەسەر دۆسییە چارەنووسسازەکان پرسیان پێکردوون؟**

* کۆدەنگییەک هەیە لە هەرێمی کوردستان کە هەڵوێستی یەکگرتوو هەبێت لە بەغدا،

ئەوەی لەوە دوور دەکەوێتەوە لە ئەدای پرس نەکردن‌و را وەرنەگرتن‌و تاکڕەوییە بە کاروبارەکانی بەغداوە، زۆرجار لێرەش پرسمان پێ ناکەن، دووکەسی ئێمە لە لیژنەی دانانی دەستورون‌و دوو مادە زیاد دەکەن، لیژنەکە پێی نازانێت، بۆیە یەکێتی‌و پارتیش باش دەزانن کە ئەو بەشداری پێ نەکردنە زیانی هەیە بۆ سەر پڕۆسەکەو مافەکانی خۆمان‌و پەیوەندییەکانی لایەنەکانی تر لەگەڵ یەکێتی‌و پارتیدا، بۆیە ئێستاش ئەوەی پێشی باش بێت بە حەزەرەوە بەشدارییان لەگەڵدا دەکات، چەند وەزیرو بریکاری وەزیرو بەڕێوەبەری گشتی لە بەغدا درایە لیستی هاوپەیمانی، ئێمە چیمان بەرکەوتووە؟ هەمان پڕۆسەی کوردستانیان لە بەغدا دووبارە کردووەتەوە، لەبەرئەوە لە کادیرانی ناوەندی ئێمە بپرسە، رازی نین لەو هاوپەیمانێتییەو ئەو جۆرە مامەڵانەش بێزاری کردوین.

# هەڵبژاردن لە کەرکوک، بەندە بە هەڵوێست و هەڵسوکەوتی

بەهادین یوسف

ئەندامێکی لیستی برایەتی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک پێیوایە؛ هەڵبژاردن لە کەرکوک بەندە بە هەڵوێست و هەڵسوکەوتی سیاسیی لیستی هاوپەیمانی و سەرکردایەتی سیاسییەوەو هەر جۆرە مساوەمەو سازشێک بە دواخستن و پەکخستنی کێشەی کەرکوک و هێشتنەوەی ململانێ سیاسییەکان دەزانێت بۆ ماوەی چوار ساڵ و خولێکی دیکەی هەڵبژاردن.

ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتیی بۆ ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە کەرکوک یەکێکە لە گرفتەکانی بەردەم پەسەندکردنی یاساکەو گفتوگۆکانی نێو ئەنجومەنی نوێنەران، زۆربەی کوتلە سیاسییەکان و بەتایبەتیش عەرەب و تورکمانەکان چەندین پێشنیاز بۆ دواخستن، یان دابەشکردنی وەک یەکی کورسییەکانی ئەو پارێزگایە دەکەن لە ئەنجومەنی نوێنەراندا و لیستی هاوپەیمانی کوردستانیش هەڕەشەی هەڵوێست وەرگرتنی یەکلاکەرەوە دەکات لە حاڵەتێکدا، ئەگەر بارێکی تایبەت بە پارێزگا بدرێت، یان بیبەشبکرێت لە هەڵبژاردنی گشتیی.

ئاوات محەمەد ئەمین، ئەندامی لیستی برایەتی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک، پێیوایە؛ ئەو گفتوگۆیانەی، کە لە پەرلەمان دەکرێت سەبارەت بە یاسای هەڵبژاردن بەشێکیان دەستووری و یاسایین و بەشێکیان دژی دەستوورن بەوەی پارێزگایەک لە پارێزگاکانی دیکەی عێراق جیابکرێتەوە.

## کێشە هونەرییەکان:

ئاوات وتیشی: «ئەو گفتوگۆیانە جیادەکەینەوە بۆ ئەوانەی دەستووریی و یاسایین و دادگای دەستووری ڕێگەی پێداوەو پەسەندیکردووە، ئەوانەی دەچنە دەرەوەی یاسای دەستوورەوە».

دوو هەفتە پێش ئێستا لیژنەی یاسایی ئەنجومەنی نوێنەران ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی هەموو پێشنیازێک وەربگرن بۆ یاسای هەڵبژاردن، بەڵام بەو مەرجەی دژ بە هیچ مادەیەکی دەستووریی نەبێت، پێشتر دادگای دەستووریی ڕەتی نەکردبێتەوە».

بە وتەی ئەندامەکەی لیستی برایەتی: «ئەوەی ئێستا گفتوگۆی گەرمی لەسەرە مەسەلەی کەرکوکە، لە ڕووی دەستووری و یاساوە دەبێت کەرکوک بەشداریی هەڵبژاردن بکات، هیچ دەقێکی دەستووریی نییە باس لە ئیستسناکردنی

> ئەگەر کورد ڕازی بێت بە لەبەرچاوگرتنی دۆخێکی تایبەت بۆ کەرکوک، ئەوە مانای کاڵکەبوونی کێشەکان و مانەوەی ململانێی سیاسییە بۆ چوار ساڵی دیکە

شارێک، یان پێکهاتەیەکی عێراق بکات لە دەنگدان و پاڵاوتن، بەهانەیەک هەیە لای هەندێک لایەن ئەوەیە تۆماری دەنگدەران پیاداچوونەوەی بۆ بکرێت و گومانیان هەیە لەو ڕێژە دەنگدەرەی زیادیکردووە، کە بەجۆرێک لە ئاڵوگۆڕی دیموگرافی دەزانن لە کەرکوک لە ڕووی هونەرییەوە، ئەمەیە کێشەکە».

## لەڕووی سیاسییەوە:

هاوکات ئاوات محەمەد ئاماژەی بەوەشکرد: «لە ڕووی سیاسییەوە مەسەلەکە شتی ترە، ئەویش کەرکوک دابەشبکرێت بۆ چوار بازنەی هەڵبژاردن، بە نموونە ئەگەر کەرکوک (١٣) نوێنەری هەبێت خەڵک دەنگبدات بۆ چوار نوێنەر لە هەریەکە لە کوردو عەرەب و تورکمان و یەک نوێنەری مەسیحی، ئەمە بنەماکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەرکوک باروودۆخێکی تایبەتی هەیە، ئێستا ناوچەیەکی کێشەلەسەرە، تا ئەو کاتەی باروودۆخە تایبەتەکە ئاسایی دەبێتەوە، بەڕای من و لیستی هاوپەیمانیش ئەم مەنتقە بەسەر کەرکوک بسەپێنرێت دەبێت بەسەر موسڵ و دیالەو تەئامیم بەغداش ڕەچاو بکرێت، لەگەڵ ئەوەی نادەستوورییە، چونکە ئەگەر پێشتر کورسییەکانت دابەشکرد، ئیتر پێویستت بە تۆماری دەنگدەرتییە پێویستت بەوە نییە، کە بزانیت چەند کەس دەنگدەرە، گرنگ ئەوەیە خەڵکێک بچێت دەنگبدات، ئیتر ئەوە مافی ئازادیی هەڵبژاردن و دەنگدان و خۆپاڵاوتن لە خەڵک دەسەنێتەوە، ئێمە لە کەرکوک بڕوامان وایە پێشنیازەکان دەبێت لە چوارچێوەی دەستووردا بێت، ئەگەرنا نەک سەرکەوتوو نابێت، دەبێتە ئاستەنگێکی سیاسیی گەورەی بەمەبەست».

بە هەمانشێوە پەسەندکردنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان، مەسەلەی کەرکوک هۆکاری سەرەکیی دواخستنی یاسایەکی نوێ بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران و دواتریش هەمووارکردنەوەی یاسا کۆنەکەیە.

سیروان کاکەیی، ئەندامی لیستی هاوپەیمانی کوردستانی بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «جارێکی دیکە هەندێک لایەنی عەرەبی و تورکمانی بابەتی کەرکوکیان هێناوەتەوە گۆڕێ و دەیانەوێت بیخەنە ناو یاسای هەڵبژاردنەکەوە ئەمەش هەوڵی یەکەمیان نییە، سەرەتا هەوڵی پەکخستنی مادەی (١٤٠)و دواتر ئەنجامنەدانی هەڵبژاردن لە کەرکوک و دواخستنی سەرژمێرییاندا، ئێستا دەیانەوێت بە هەر ڕێگەیەک بێت نەهێڵن هەڵبژاردنی گشتیی لە کەرکوک بکرێت، یان بەو شێوەیەی خۆیان دەیانەوێت».

## هەڵوێستی یەکلاییکەرەوە:

کاکەیی وتیشی: «لیستی هاوپەیمانی کوردستان ئەمجارە هەڵوێستی یەکلاییکەرەوەی دەبێت، ڕازی نابین بە هیچ شێوەیەک مەسەلەی کەرکوک داخڵی ئەم هەڵبژاردنە بکرێت و قبووڵیشی ناکەین هیچ پێشنیازێکی دیکە بکرێت بۆ چۆنیەتی ئەنجامدانی هەڵبژاردن و دابەشکردن بەسەر چەند بازنەیەک و هەر پێشنیازێکی دیکە، تا بزمان بکرێت ناهێڵین داخوازی ئەو لایەنانە سەربگرێت لە حاڵەتێکیشدا ئەگەر ویستیان هەمان سیناریۆی (٢٢)ی تەمموز دووبارە بکەنەوە، ئەوە ئێمە هەڵوێستی سیاسیی توندمان دەبێت و چەندین ئەگەر لەبەردەستماندان و ناهێڵین خەڵکی شۆڕشێی یاری بە چارەنووس و داهاتووی خەڵکی کوردستان بکات و هەر ڕێگەیەکی دیکە بگرنەبەر بۆ یاریکردن بە داهاتووی خەڵکی کەرکوک».

## کۆبوونەوەکەی سامەڕایی:

هەفتەی ڕابردوو ئەیاد سامەڕایی، سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، بانگهێشتی سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگاو نوێنەری نەتەوەو پێکهاتەکانی ئەنجومەنەکەی کرد بۆ وەرگرتنی باری سەرنجیان لەسەر مەسەلەی هەڵبژاردنی گشتیی لە کەرکوک.

لەو بارەیەوە ئاوات محەمەد ئەمین وتی: « ڕای ئێمە لەسەر یەک خاڵ وەرگیرا، ئەویش عەرەب و تورکمانەکان دەیانویست تۆماری دەنگدەران، ئەوەی کۆمسیۆن ئامادەیکردووە وردبینیی تێدا بکرێت، وەکو لیستی برایەتی دژی ئەوە نەبووین وردبینی بکرێت، چونکە هەموو کەسێک مافی تانەدانی هەیە لە کارەکانی کۆمسیۆن، بەڵام کێ وردبینی بکات؟، لیژنەیەکی پەرلەمانیی دەیکات، لیژنەیەکی کەرکوک دەیکات، یان لیژنەی نوێی بۆ پێکدێت، وردبینی لەسەر چی بنەمایەک دەبێت، کێن ئەوانەی دەبێت ناویان لە تۆمارەکە هەبێت یان لابیرێت؟، پشت بەچ بنەمایەک ببەسترێت؟».

هۆکارێکی داوای عەرەب و تورکمانەکان بۆ وردبینی لە تۆماری دەنگدەراندا ئەوەیە، کە پێیانوایە؛ کە زیادبوونێکی نائاسایی لە تۆماری دەنگدەرانی کەرکوکدا ڕوویداوە.

لەو بارەیەوە ئەندامە کوردەکەی ئەنجومەنی پارێزگا وتی: «ئێمەش وەک لیستی برایەتی پێمانوایە؛ ناحەقی هەیە، نزیکەی (٨٠) هەزار عەرەبی هاوردە فۆرمی مادەی (١٤٠) یان پڕکردووەتەوەو دەبێت بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، ناویان دووبارە هاتووەتەوە بۆ ئەوەی دەنگبدەن، هەزاران کورد بە مادەی (١٤٠) مەشموله ناویان نەهاتووەتەوە، ئێمە دژی

# عەرەب و تورکمانەکان داوای ڕاگرتنی سەرژمێریی کەرکوک دەکەن

کەرکوک، ئارام جەمال

وەک تەواوی پارێزگاکانی دیکەی عێراق لە ڕۆژی (٦)ی ئەم مانگەوە قۆناغە بەراییەکانی سەرژمێریی گشتیی لە شاری کەرکوک دەستپێکردووەو تائێستاش دووقۆناغی ئەو پڕۆسەیە بەسەرکەوتوویی تەواوبووەو هەردوو کوتلەی تورکمان و عەرەب لەئەنجومەنی کەرکوک بەتوندیی لەدژی پڕۆسەکەن و داوای بەپەلە ڕاگرتنی سەرژمێریی دەکەن، بەبیانووی ئەوەی شەرعییەت دەدات بە زیادەڕۆیی و گۆڕانکارییەکانی دوای ساڵی(٢٠٠٣).

## ژووری عەمەلیات

عەدنان زەباب، بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئاماری کەرکوک، بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بەبڕیاری وەزارەتی پلاندانانی عێراق، لەسەرەتای ئەم مانگەوە لەتەواوی پارێزگاکاندا ژووری عەمەلیات بۆ سەرخستنی پڕۆسەی سەرژمێریی گشتیی دانراوە، لە شاری کەرکوکیش بە سەرۆکایەتیی عەبدولڕەحمان مستەفای پارێزگاری کەرکوک و بەئەندامێتی جێگرەکەی و بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئامارو دوازدە بەڕێوەبەری دیکەی فەرمانگەکان کە گرنگترینیان بەڕێوەبەرانی پۆلیس و شارەوانی و پەروەردەن پێکهێنراوەو لیژنەکە بەبەردەوامی کۆبوونەوەی خۆی ئەنجام دەدات و هەرکێشەیەک بێتە بەردەم پڕۆسەکە بەزوویی چارەسەری دەکات، ئەگەرچی تائێستاش پڕۆسەکە بە ڕێکوپێکی دەڕوات و هیچ گرفتێک ڕووی نەداوە».

## دووقۆناغی پڕۆسەکە تەواوبووە

لە ڕۆژی (٢٠٠٩/١٠/٦)ەوە قۆناغی یەکەمی پڕۆسەکە کە ئەویش قۆناغی گەمارۆدان و ئەژمارکردنی شەقام و گەڕەکەکانە دەستپێکردووەو لەوبارەیەوە بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئاماری کەرکوک بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «لەقۆناغی یەکەمدا کە ماوەکەی هەفتەیەک بوو، تیمە گەڕەکەکانی سەرژمێریی توانییان لە کەمتر لەو ماوەیەدا ئەرکەکەیان جێبەجێبکەن کە ئەویش قۆناغی گەمارۆدانی شاری کەرکوک و قەزاو ناحیەکانی دەوروبەری بوو کە تیایدا سنووری شارو سنووری قەزاو ناحیەو گوندەکان دەستنیشانکرا». وتیشی: «لەقۆناغی دووەمدا کە ڕۆژی (١٢)ی ئەم مانگە دەستیپێکرد تا(٢٠٠٩/١١/٢٠) کە بۆ هەر گەڕەکێک تیمێکی گەورە دەستنیشانکرابوو، دابەشکران بەسەر (١٩٧)گەڕەکی شارەکەداو لە کەمتر لەو ماوەیەی کە بۆیان دیاریکرابوو توانییان کارەکانیان تەواو بکەن کە ئەویش خۆی لە ئەژمارکردنی گەڕەک و شەقام و کۆڵان و بینا حکومییەکان و خانووی ماڵان و دوکان و بازاڕەکاندا دەبینییەوەو ئەو قۆناغەش بەسەرکەوتوویی و بێکێشە کۆتاییهات».

## کەرکوک لە ڕیزبەندی یەکەمدایە

بەپێی ئەنجامی بەرایی لە بەڕێوەچوونی هەردوو قۆناغەکەدا، کەرکوک لەڕیزبەندی یەکەمدا بوو، لەوبارەیەوە بەڕێوەبەری فەرمانگەی ئامار بۆ ڕۆژنامە دەڵێت: «لە هەر قۆناغێکدا لیژنەی باڵای سەرژمێریی لە وەزارەتی پلاندانان ماوەیەکی دیاریکردبوو، لە هەر دوو قۆناغەکەدا تیمەکانی کەرکوک توانییان کەمتر لەو ماوەیەی بۆیان دیاریکرابوو بەسەرکەوتوویی و بێ گرفت کارەکانی پڕۆسەکە تەواو بکەن، ئەمەش بووە مایەی ڕەزامەندیی وەزارەت و لەکاتی خۆیدا ئەو سەرکەوتنەی کەرکوک لەو پڕۆسەیەدا لەلایەن وەزارەتەوە ڕاگەیەنرا، کە تەنها شاری سلێمانی هاوتای بوو، ئەوانیش توانییان وەک کەرکوک لەڕیزبەندی یەکەمدابن».

## قۆناغی سەرەکیی پڕۆسەکە دەستپێدەکات

لە ڕۆژی(٢١)ی ئەم مانگەوەو بۆماوەی (٩)ڕۆژ قۆناغی سەرەکیی پڕۆسەی سەرژمێریی لە کەرکوک دەستپێدەکات کە قۆناغی پڕکردنەوەی فۆڕمی ماڵانە، لەو بارەیەوە عەدنان زەباب دەڵێت: «دوای تەواوبوونی دووقۆناغی سەرەتای پڕۆسەکە، قۆناغی سێیەم دەستپێدەکات کە ئەویش قۆناغی پڕکردنەوەی فۆڕمی ماڵان و خاوەنی بیناو ماڵ و دوکانەکانەو تیمی پێویست بۆ ئەم قۆناغە دیاریکراوەو چاوەڕوان دەکەین ئەم قۆناغەش بەسەرکەوتوویی تەواوبێت». وتیشی: «ئەم قۆناغە قۆناغێکی گرنگە، بەوپێیەی دەبێتە بناغەیەکی باش بۆ قۆناغی کۆتایی کە قۆناغی سەرژمێریی دانیشتووانە کە بەهۆی ناکۆکی و کێشەی سیاسییەوە دواخرا بۆ کۆتایی مانگی (١٠)ی ساڵی داهاتوو، لەکاتێکدا دەتوانرا لەم ساڵدا ئەنجام بدرێت و لە ڕووی هونەریشەوە هەموو ئامادەکارییەک کرابوو، بەتەواوبوونی قۆناغی سێیەمیش نزیکەی (٩٠٪)ی پڕۆسەکە تەواو دەبێت».

## عەرەب و تورکمان داوای ڕاگرتنی پڕۆسەکە دەکەن

لەگەڵ بەڕێوەچوونی قۆناغە سەرەتاییەکانی پڕۆسەی سەرژمێریی گشتیدا، هەردوو کوتلەی عەرەب و تورکمان لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک ڕۆژی (١٨)ی ئەم مانگە لەبەیاننامەیەک و کۆنگرەیەکی هاوبەشدا داوای ڕاگرتنی پڕۆسەکەیان کرد، تا ئەو کاتەی باروودۆخی کەرکوک ئاسایی دەکرێتەوە.

لەوبارەیەوە حەسەن توران، ئەندامی کوتلەی تورکمان لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوک بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: «بەتوندیی لە دژی پڕۆسەی سەرژمێرین و داوادەکەین قۆناغە سەرەتاییەکانی پڕۆسەکەش هەڵبوەشێنرێتەوە، چونکە شەرعییەت دەدات بەو هەموو زیادەڕۆییەی کە لەسەر زەویی کەرکوک کراوە لەدوای ساڵی (٢٠٠٣)ەوە، کە دیمۆگرافیای شارەکەی لەبەرژەوەندیی نەتەوەی کورد گۆڕیوە».

توران وتیشی: «پڕۆسەی قۆناغە سەرەتاییەکانی سەرژمێریی هاوکاتە لەگەڵ هەوڵەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ دەرکردنی پڕۆژەیاسایەک بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق، کە ئەگەر بەوجۆرەی ئێستاو بەو هەموو گۆڕانکارییەوە هەردوو پڕۆسەکە ئەنجام بدرێن و تایبەتمەندیی کەرکوک لەبەرچاو نەگیرێت، ئەوا پێچەوانەی مادەی (٢٣)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەو هەردوو کوتلەکە بڕیارماندداوە لەدادگای باڵای دەستووریی سکاڵا تۆمار بکەین، کە بڕگەی یەکەمی مادەی(٢٣) داوادەکات بەر لەئەنجامدانی هەڵبژاردن لە کەرکوک، پیاچوونەوە بەتۆماری نفوس و دەنگدەراندا بکرێت، بەڵام ئەوە نەکراوەو بەوجۆرەی ئێستا بێت ئێمە هەڵوێستی دیکەمان دەبێت».

زیاتر لەساڵێکە وەزارەتی پلاندانانی حکومەتی عێراق ئامادەکاریی دەکات بۆ پڕۆسەی سەرژمێریی گشتی لە سەرانسەری عێراقدا، بەڵام بەهۆی ناکۆکییە سیاسییەکانەوە لەسەر کێشەی کەرکوک و لەژێر کاریگەریی ناڕەزایەتیی توندی عەرەب و تورکمانەکانی کەرکوکدا، گرنگترین قۆناغی سەرژمێریی کە سەرژمێریی دانیشتوانە دواخرا بۆ ساڵی داهاتوو.



# ـــەکانی لیستی گۆڕانی پشتڕاستکردەوە



عێراق بە ڕۆژنامەی ڕاگەیاند: بەپێی ئەو دوو تێڕوانینەی، کە هەیە یان دەبێت سەرۆکی کۆمسیۆن‌و ئەنجومەنەکەی، یان هەندێک لەو کەسانەی ڕۆڵیان لە ساختەکاریی هەڵبژاردنی پێشووی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق‌و بە هەدەردانی سامانی گشتیدا هەبووە لابدرێن، یان پێشنیازەکەی سەرۆکایەتی کۆمار قبوڵ بکرێت بۆ پێکهێنانی لیژنەیەک، کە سەرپەرشتیکردنی کارەکانی کۆمسیۆن بکات بۆ ئەوەی دوور بێت لە دەستێوەردانی سیاسیی تا ئەو کاتەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران ئەنجام دەدرێت‌و دواتر کۆمسیۆن هەڵدەوەشێنرێتەوە دەستیەکی نوێ پێکبهێنرێت، چونکە وەڵامەکانی فەرەج حەیدەری سەبارەت بەو پرسیارانەی لە پەرلەماندا لێی کراوە موقنیع نین‌و دەریخست، کە خروقاتی زۆر هەبووە بەتایبەت لە بە هەدەردانی سامانی گشتیی‌و چنینەوەی ئیمتیازات بۆ سەرۆکی کۆمسیۆن‌و چەند بەرپرسێکی کۆمسیۆن.

بەڵام حەیدەری لە لێدوانێکدا بەرگری لەخۆی کردوو وتی: «لەو دانیشتنەی پەرلەماندا کەریم یەعقوبی پەرلەمانتار کەشێکی وای دروستکرد، کە وەڵامەکانیان روون نەبێت‌و پەرلەمانتاران لە وەڵامەکانمان تێنەگەن».

لە هەڵبژاردنی پەرلەمان‌و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستاندا، کە ڕۆژی (٢٠٠٩/٧/٢٥) بەڕێوەچوو ڕەخنەیەکی زۆر ئاراستەی کۆمسیۆنی ناوبراو کرا بە تایبەت لەلایەن چاودێرە ناوخۆیی‌و بیانییەکان‌و ئەو ڕێکخراوە ناحکومیانەی چاودێریی هەڵبژاردنەکانیان دەکرد بەوەی کۆمسیۆن لە ڕێگەی کارمەندەکانییەوە ڕێگەی خۆشکردووە بۆ خروقات‌و لە ئاست پێشێلکارییەکانی دەسەڵاتدا چاوپۆشی کردووە، هەروەک هەردوو لیستی گۆڕان‌و خزمەتگوزاریی‌و چاکسازیی لە سەروبەندی ئەو هەڵبژاردنەدا چەند جارێک لە ڕێگەی بەیاننامەو سکاڵاو ڕاگەیاندنی ڕۆژنامەوانییەوە ئەوەیان دووپاتدەکردەوە، کە کۆمسیۆن لە کارەکانیدا بێلایەن نییەو لایەنگریی بۆ لیستی دەسەڵات دەکات، کە هی یەکێتی‌و پارتییە، بەڵام کۆمسیۆن بە توندی ئەوەی ڕەتدەکردەوەو بێلایەنی خۆی دووپاتدەکردەوە.

سەبارەت بە دۆسییەی خروقاتەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانی‌و سەرۆکی هەرێمیش سەباح ساعیدی ئاشکرایکرد، کە تێڕوانین‌و داوایەکی لەو جۆرە هەبووە، کە لەو دانیشتنەدا باس لە خروقاتەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانیش بکرێت، بەڵام بەوپێیەی داوای لێپرسینەوەکەی سەرۆکی کۆمسیۆن بەر لەو هەڵبژاردنە بووە نەدەتوانرا لەو بارەیەوە لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکرێت.

# کێ بەرپرسە لە سستی کارەکانی پەرلەمان؟

## «لیستی دەسەڵات لەهەوڵی ئەوەدایە زۆرترین ئامادەکاریی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئۆپۆزسیۆن بکات»

ئیبراهیم عەلی – هەولێر

هەندێک لە چاودێران پێیان وایە کەمتەرخەمیکردن لە کارابوونی پەرلەمان دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئۆپۆزسیۆن لەناو پەرلەمانداو لیستی زۆرینە دەیەوێت لە ڕێگەی ئەو کەمتەرخەمییەوە جەنگێکی دەروونیی لەگەڵ ئۆپۆزسیۆندا بکات». هەروەک هەندێک لەچاودێرانیش لیستی ئۆپۆزسیۆن بەکەمتەرخەم دەزانن کە تائێستا نەیانتوانیوە لە ڕێگەی هەوڵەکانی خۆیانەوە، لیستی زۆرینە ناچار بکەن کە دەستبەرداری کەمتەرخەمییەکانی ببێت لە پەرلەماندا، ئەو چاودێرانە بێدەنگی ئۆپۆزسیۆن لەبەرامبەر کەمتەرخەمییەکاندا بە مەترسییەکی گەورە دەداتە قەڵەم.

زیاتر لە هەشتا ڕۆژ بەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن‌و شەست ڕۆژ بەسەر یەکەم دانیشتنی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستاندا تێپەڕیوە، تائێستا کۆبوونەوەکانی پەرلەمان‌و ڕاییکردنی کارەکانی‌و جێبەجێکردنی ئەرکەکانی پەرلەمان بەشێوەیەکی سست‌و خاو بەڕێوەدەچن، ئەمەش جێگەی گومانی چاودێرانی سیاسییەو ئەم سستییەی پەرلەمان، بە کەمتەرخەمی لە قەڵەم دەدەن.

شێروان حەیدەری، پەرلەمانتاری لیستی کوردستانی لەبارەی چالاک نەبوونی پەرلەمانەوە بۆ ڕۆژنامە وتی: «ئەم حاڵەتەی ئێستا هەیە شتێکی ئاساییە، چونکە پەرلەمان ئێستا لە سەرەتای کارکردنیدایەو تا دەکەوێتە سەر سکەی خۆی پێویستی بە کات هەیە».

لەلایەکی دیکەوە ئارام قادر، پەرلەمانتاری لیستی خزمەتگوزاری‌و چاکسازیی لەبارەی کەمتەرخەمییەکانی پەرلەمانەوە لە چالاک نەبوون لە بەڕێوەبردنی کارەکاندا بۆ ڕۆژنامە وتی: «دەبوو پەرلەمان چالاکترو کاراتر بوایەو خەڵکیش چاوەڕێی شتی زیاترە، بەڵام تائێستا چەند کۆبوونەوەیەکی سنووردارکراوە».

مافپەروەر، هێمن ئەسکەندەر پێیوایە، سیاسەتی تەوافوق کاریگەریی زۆری هەیە لەسەر دواکەوتنی کارەکان‌و لەو بارەیەوە دەڵێت: «لە عێراقی تازەداو لە کوردستانیشدا وەک بەشێک لە عێراق، چەمکی دیموکراسییەتی تەوافوقی بووەتە ڕێگر لەبەردەم جەوهەری جێبەجێکردنی سیستمی دیموکراسیدا، ڕوونتر بڵێین بوونی ڕێکەوتنی ستراتیژیی لە نێوان دوو هێزی باڵادەست (پارتی‌و یەکێتی)دا وایکردووە کە دواکەوتن لە جێبەجێکردنی (کارەکان، بەڵێنەکان، پڕۆژەکان، بەدواداچوون‌و چاودێریکردن) یان هەر نەکرێت یان ئەگەر کرا نەڵێین، ئۆخەی.

شێروان حەیدەری، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان ئەوەی بە دوورزانی کە پلانێک هەبێت بۆ سستی نواندن لە بەڕێوەبردنی کارەکانی پەرلەمانداو پێیوایە، پەرلەمان هیچ کەمتەرخەمییەکی نەکردووە.

شێروان حەیدەری لەم ڕووەوە زیاتر دواو وتی: «ئێستا لە پەرلەمانی کوردستاندا هێزی ئۆپۆزسیۆن هەیەو لەسەر بەڕێوەبردنی کارەکان بۆچوونی جیاواز هەیە، بۆیە تا دەگەین بە ڕێکەوتنێک، کارەکان هەر خۆیان بەوشێوەیە دەڕۆن».

بەبۆچوونی حەیدەری لەم چەند ڕۆژەدا سەرجەم کارەکان کۆتاییان دێت‌و پەرلەمانی کوردستان بە ئەرکەکانی خۆی هەڵدەستێت.

مافپەروەر، هێمن ئەسکەندەر پێیوایە، ترسانی دەسەڵات لەئۆپۆزسیۆن وایکردووەکە مشتومڕی کارکردن یان ڕوونتر بڵێین، دامەزراندنی لیژنەکانی پەرلەمان‌و ناونانی سەرۆک‌و ئەندامەکانی دیسان دوابکەوێت‌و وەک پێویست نەبێت، چونکە دەسەڵات دەیەوێت زۆرترین ئامادەکاریی بکات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئۆپۆزسیۆن، بۆیە لەمەشیاندا بەتەواوەتی خەتای دەسەڵات نییە، بەڵکو بەشێکیشی دەکەوێتە ئەستۆی ئۆپۆزسیۆن، چونکە ئۆپۆزسیۆنی کارا یان دەسەڵاتی تەمبەڵ شەرمەزاری گەل دەکات، یان کارای دەکات.

شێروان حەیدەری پێیوایە، بەهۆی ئەوەی کە لیژنەکانی پەرلەمان پێک نەهاتوون، بۆیە نەتوانراوە گفتوگۆ لەسەر هیچ پڕۆژەیاسایەک بکرێت، دەبێت لیژنەکان پێکبهێنرێن ئینجا دەتوانرێت پڕۆژەیاسا پێشکەش بکرێت.

بەبۆچوونی ئارام قادر، دەبوو لە دوای سوێندخواردنی پەرلەمانتارانەوە بەپەلە لیژنە هەمیشەییەکانی پەرلەمان پێکبهێنرانایە، نەک بەو شێوەیەی ئێستا کە تائێستا هیچ لیژنەیەک‌و سەرۆک‌و جێگرەکەی دیاری نەکراون.

ئارام قادر پاساوی کەمتەرخەمییەکان بە لاواز دەزانێت‌و لەم بارەیەوە دەڵێت: «چەند پاساوێک هەن بۆ ئەم سستییە کە سەرەکیترینیان گفتوگۆی لیستەکانی نێو هۆڵی پەرلەمانە لەسەر دیاریکردنی سەرۆک‌و جێگری سەرۆکی لیژنەکان، هەروەها پێکهێنانی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێم، بەڵام ئەم پاساوانە جێگەی قبوڵ نین‌و دەکرا بەشێوەیەکی ڕێکوپێکتر کارەکان بەڕێوەبچن».







# هاوڵاتیبوون، یان ناسیۆنالیزم

بۆتان ئامێدی دەینووسێت

ناسیۆنالیزمی نەتەوەگەرای ڕادیکاڵ، یەکێکە لە تەحەدییەکانی دنیای مۆدێرن.

دەوڵەتانی ناسیۆنالیستی نەتەوەگەرا هەوڵی خولقاندنی شووناسێک بۆ وڵات‌و سەپاندنی بەسەر هاوڵاتیاندا دەدەن.

ئەمە دیاردەیەکی ناعادیلانەیە، بەتایبەت کاتێک وڵاتێکی فرەنەتەوەمان هەبێت.

وڵاتانی ناسیۆنالیستی نەتەوەگەرا بەدەست جیاکارییەوە دەناڵێنن‌و لە زۆر دۆخدا سیاسەتەکانیان بووەتە هۆی دروستبوونی ململانێ لەنێوان هاوڵاتیاندا، ململانێکانیش جەنگ، جیابوونەوەو جینۆسایدیشیان لەخۆگرتووە. حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت تەرکیز بخاتە سەر چەمکی هاوڵاتیبوون، نەک ناسیۆنالیزمی نەتەوەگەرا.

ئەو وڵاتانەی ڕێگەی ناسیۆنالیزمی نەتەوەگەرا دەگرن بەرەو دواوە دەچن، بۆ نموونە بڕوانە میسر، سوریاو عێراق. جەمال عەبدولناسر حکومەتی دەستووری شا فاروقی تێکشکاندو لە جێیدا حوکمێکی ئۆتۆکراتی لە وڵاتدا دامەزراند. ئەو قیبتییە ناعەرەبەکانی لە دەرەوەی سیاسەتی میسردا دانا بە تەبەنیکردنی ناسیۆنالیزمی عەرەبی.

> **ئاشووری‌و کلدانی‌و تورکمانەکان وەک نیشتەجێی کوردستانی عێراق، دەبێت مافی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی هەرێم‌و سەرۆکی حکومەتیان هەبێت**

تائێستا حکومەتی میسر جیاکاریی بەرامبەر قیبتییەکان دەکات، حکومەتی سوریاش بە هەمانشێوە کەمینە کوردەکان دەچەوسێنێتەوەو ئاوارەیان دەکات‌و بەشداریی لە لووتبەرزییەکی بێمانا بەرامبەر ئیسرائیل دەکات.

سەدام حسێن، کە ئەکتەرێکی دیکەی عەرەبی ناسیۆنالیست بوو، عێراقی تێکشکاندو دڕندانە مامەڵەی کوردەکانی کرد.

بڕوانە ئەڵمانیای ژێردەستی هیتلەر، چەند هاوڵاتی بێتاوان ژیانیان لەدەستچوو بەهۆی سیاسەتە ڕەگەزپەرست‌و فراوانخوازییەکانی هیتلەر؟ وێنای ئەوە بکە ئەگەر دامەزراوەی نازییەکان تائێستا لە ئەڵمانیادا لە دەسەڵاتدا بوایە، ئەڵمانیا ئەمڕۆ لەکوێ دەبوو؟ بەڵام بەختەوەرانە، ئەڵمانیا دەرسی وەرگرت‌و ئێستا یەکێکە لە دەوڵەتە هەرە پێشکەوتووەکانی خۆرئاوا، کە چەمکی هاوڵاتیبوون پەرەپێدەدات.

چەند وڵاتێکی دیکە هەیە، کە بەهێواشی بەرەوپێش دەچن، ناسیۆنالیزمی تورکی کۆسپ دەهێنێتە ڕێی گەشەکردنی دیموکراسی لەو وڵاتە. بۆ چەند دەیەیەک، سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی حکومەتەکانی پێشوو هەوڵیاندەدا شوناسی تورک بەسەر هاوڵاتییە ناتورکەکاندا بسەپێنن.

هەوڵەکان بە ئاشکرا شکستیان هێنا، لەجیاتی دانپێدانەنان‌و ڕەتکردنەوەی ساڵانی پێشووی تورکیا، ئیدارەی ئەردۆغان بە وریاییەوە هەوڵی پێچەوانەکردنەوەی سیاسەتەکانی ڕابردوو دەدات بۆ بەدەستهێنانی بوونە ئەندام لە ڕێکخراوی یەکێتی ئەورووپا.

گەشەکردنی ناسیۆنالیزمی کوردی لە عێراق، کاردانەوەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی‌و سیاسەتی دڕندانەی حکومەتە بەدوای یەکداهاتووەکانی عێراقە لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٨-٢٩٩٣)دا. خەڵکی کورد وەک هاوڵاتی پلەدوو لەلایەن عەرەبە ناسیۆنالیستەکانەوە مامەڵەیان لەگەڵدا کراوەو بوونەتە جێی مامەڵەیەکی دڕندانەش.

**ئێستا کە کوردستانی عێراق حوکمی خۆی دەکات، کاتی ئەوەیە حیزبەکانی ناو حکومەت‌و ئۆپۆزسیۆن تەبەنی چەمکی هاوڵاتیبوون بکەن.**

**هاوڵاتیبوون چەمکێکی مۆدێرن‌و گشتگیرە، کە پەیوەندییەکی نزیکی بە دیموکراسیی‌و حوکمی یاساوە هەیە.**

**سیفەتێکی هاوبەشە لەنێوان گشت ئەو کەسانەی لە وڵاتێکدا دەژین، بۆ نموونە لە ویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، هاوڵاتییە ئەرمینییەکان مافی یەکسانیان هەیە بێ گەڕانەوە بۆ باکگراوندیان.**

**کوردستانی عێراق هەرێمێکی فرە نەتەوەیە. پارتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و ئۆپۆزسیۆن هەلی گۆڕینی کوردستان‌و ڕێگەدانی بەخشینی هەلی یەکسانیان بە دانیشتوانی هەرێم هەیە.**

**ئاشووری‌و کلدانی‌و تورکمانەکان وەک نیشتەجێی کوردستانی عێراق، دەبێت مافی وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی هەرێم‌و سەرۆکی حکومەتیان هەبێت، پێویستە مافی وەدەستخستنی سەرۆکایەتی لیستی هەڵبژاردن بۆ دوو حیزبە کوردییەکەیان بدرێتێ.**

**گواستنەوە لە چەمکی ناسیۆنالیزمی نەتەوەگەراوە بۆ هاوڵاتیبوون زۆر گرنگە.**

**کاریگەرییەکی ئیجابی لەسەر پرۆسەی دیموکراسیی لە بەغداو هەولێر دەبێت، هەروەها پەیوەندییەکانی کوردستان لەگەڵ وڵاتە خۆرئاواییەکاندا بەهێز دەکات.**

**تەنیا ئەو کاتەش دەتوانین بڵێین کوردستان نموونەیەکە بۆ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست.**

# «لێپێچینەوەی پەرلەمان لە کۆمسیۆن، بۆچوونـ
# سەبارەت بە بێلایەن نەبوونی ئەو دەزگایە»

بەرهەم خالید

بانگهێشتکردنی فەرەج حەیدەری، سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بۆ پەرلەمانی عێراق‌و وەڵامە کەموکورتەکانی لەسەر ئەو پرسیارانەی دەربارەی ساختەکاریی هەڵبژاردنی پارێزگاکان‌و بە هەدەردانی سامانی گشتیی ئاراستەی کران کە ئەوەش بە پێی وتەی پەرلەمانتارێکی لیستی گۆڕان، سەلماندنی ئەو ڕاستییەیە، کە ڕاپۆرتی ڕێکخراوو چاودێرەکان‌و چەند لیستێکی دیکە لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستاندا واقیعی بوون دەربارەی کارئاسانیکردنی کۆمسیۆن لەگەڵ لیستی دەسەڵاتدار بۆ خروقات‌و ڕێگەلێنەگرتنیان لە ساختەکاریدا.

هەفتەی ڕابردوو پەرلەمانی عێراق فەرەج حەیدەری، سەرۆکی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی بانگهێشتی پەرلەمان کرد، بە مەبەستی لێپرسینەوە دەربارەی ئەوەی بەشێک لە بەرپرسە باڵاکانی کۆمسیۆن ڕۆڵیان هەبووە لە ئەنجامدانی ساختەکاریی‌و خروقات لە هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێـراقـدا، کـە کۆتایی مانگی کانوونی دووەمـی ئەمساڵ لە شارەکانی عێـراق، جگە لە هەرێم‌و کەرکوک بەڕێوەچوو ئەوەش مانەوەی فەرەج حەیدەری لە پۆستی سەرۆکی کۆمسیۆندا بێهێز دەکات.

د. جەعفەر عەلی ڕەسوڵ، بڕیاردەری فراکسیۆنی گـۆڕان لـە پەرلەمانی کوردستان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەوان لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکاندا ڕەخنەیان لە کاری کۆمسیۆن هەبووەو پێیانوابووە ئەو دەزگایە بێلایەنانە کارەکانی جێبەجێناکات بە تایبەت لە کاتی هەڵبژاردندا کە ماوەی سەعاتێک وادەی دەنگدانی بە بێ هۆ درێژکردەو وتیشی: «لێپرسینەوەی پەرلەمانی عێراق لە سەرۆکی کۆمسیۆن دەربارەی دۆسیەی ساختەکاری بەڵگەیەکی یەکلاییکەرەوەیە لەسەر ڕاستی ئەو ڕەخنانەی ئێمە لە کۆمسیۆن هەمان بوو».

پەرلەمانتارەکەی فراکسیۆنی گۆڕان ستایشی ئەو هەڵوێستەی پەرلەمانی عێراقی کردو ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کە ئەگەر لەبەر نزیکی هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق نەتوانرا لێپێچینەوە لە سەرۆک‌و ئەنجومەنی کۆمسیۆن بکرێت ئەوا ئەوانیش وەک فراکسیۆنی گۆڕان لە کاتی هەڵبژاردنی دیکەدا هەڵوێستیان دەبێت.

لە ئێستادا بەهۆی ئەو کێشەیەوە چارەنووسی سـەرۆک‌و ئەنجومەنی کۆمسیۆن لەبەردەم دوو ئەگەردایە، یەکەمیان: بریتییە لە لادانانی فەرەج حەیدەری‌و هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی کۆمسیۆنەکە بـۆ ئـەم ئـەگـەرەش سەرۆکایەتی کـۆمـار پێشنیازێکی ئاراستەی پەرلەمان کردووە تاکوو گەر کۆمسیۆن‌و سەرۆکەکەی وەک خۆی بمێننەوە یان بە تەنیا سەرۆکەکەی لاببرێـت لیژنەیەکی هـاوبـەش لە سەرۆکایەتی کـۆمـارو پەرلەمان‌و ئەنجومەنی وەزیران‌و ئەنجومەنی دادی عێراق پێکبهێنرێت بۆ سەرپەرشتیکردنی کـارەکـانـی کۆمسیۆن لـە میانەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنی داهاتووی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا، کە بڕیارە لە (٢٠١٠/١/١٦)دا ئەنجامبدرێت، ئەگەری دووەمیش: بە تەنیا لادانـی سەرۆکی کۆمسیۆنە، کە ئەمەیان تاڕادەیـەک هێندە کـاریـگـەریـی نابێت لەسەر هەڵبژاردنە چاوەڕوانکراوەکەی عێراق لەبەرئەوەی بڕیاردان لە کۆمسیۆندا لای ئەنجومەنێکی (٩) کەسییە، کە سەرۆک یەکێکە لە ئەندامانی.

سەباح ساعیدی سەرۆکی لیژنەی نـەزاهـەی ئەنجومەنی نوێنەرانی



# کاربۆ لابردنی وشەی «مۆڵەت»و کەمکردنەوەی دەسەڵاتی وەزیری ناوخۆ دەکرێت
# چەند ڕێکخراوێک پرۆژەیەکی نوێ بۆ ڕێکخستنی خۆپیشاندان دەدەنە پەرلەمان

ڕۆژنامە

هـەرچـەنـدە حکومەتی هـەرێـم لە پرۆژەیاساکەیدا کە ڕەوانـەی پەرلەمانی کردەوە بۆ ڕێکخستنی خۆپیشتاندان‌و بۆ جاری دووەم، وشەی مۆڵەت‌و دەسەڵاتەکانی وەزیـری ناوخۆی وەک خۆی هێشتەوە، بەڵام ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی بەوە قایلنین‌و پرۆژەیەکی نوێیان بۆ یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان‌و کۆبوونەوە گشتییەکانیان پێشکەشی پەرلەمانی نوێ کردەوە.

لە ساڵی پاردا حکومەت پرۆژەیاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان‌و کۆبوونەوە گشتییەکانی ڕەوانـەی پەرلەمان کردو خوێندنەوەی یەکەمیشی بۆ کرا، بەڵام دواتر بەهۆی نارەزایی زۆری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی‌و بەشێک لە پەرلەمانتاران، حکومەت پرۆژەکەی لە (٢٠٠٨/٩/١٧)ەوە کێشایەوەو جارێکی دیکە لە کۆتایی خولی ڕابردووی پەرلەماندا ڕەوانەی پەرلەمانی کردەوە.

لەو پرۆژە نوێیەی حکومەت ڕەوانەی پەرلەمانی کردووەتەوە (٥) مادەی لێ لابراوە بێئەوەی دەسەڵاتەکانی وەزیـری ناوخۆ کەمبکرێتەوە، بە وتـەی سەرچاوەیەکی بەرپرسیش لە وەزارەتـــی ناوخۆ لەو پرۆژەیەی ڕەوانەی پەرلەمان کراوەتەوە دەستکاریی دەسەڵاتەکانی وەزیری ناوخۆ نەکراوە، هەروەها ئەو بڕگەیەش کە باس لەوەدەکات خۆپیشاندەران پێویستە مۆڵەتی ئەنجامدانی خۆپیشاندان وەربگرن لانەبراوە، بەڵکو وشـەی (مـۆڵـەت) گـۆڕدراوە بە (ڕێگەپێدان) «سماح» کە هەمان مانای هەیە.

لەو پرۆژە نوێیەشدا کە پێنج ڕێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنیی بە هاوکاریی چەندین کەسایەتی ئەکادیمی‌و یاسایی‌و ڕۆشنبیریی گەڵاڵەیان کردووە، جەخت لەسەر لابردنی وشەی «مۆڵەت» کراوەتەوە، ئارام جەمال، بەرپرسی پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن، ئەوەی بۆ ڕۆژنامە خستەڕوو، کە پرۆژەکە جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە کە ڕێکخەرانی خۆپیشاندان لانیکەم بە (٤٨) سەعات بەر لە خۆپیشاندانەکە بەئاگادارینامەیەک ئەنجومەنی (پارێزگا، قەزا، ناحیە) ئاگادار دەکەنەوە، نەک مۆڵەت وەربگرن‌و وەزیری ناوخۆش ئەو دەسەڵاتەی هەبێت کە مۆڵەتیان پێببەخشێت.

لە بەرامبەردا، لیوای خانەنشین جەمال ئەحمەد، بەڕێوەبەری پێشووی پۆلیسی گشتیی هـەرێـم، وەرگرتنی مۆڵەتی لە وەزارەتی ناوخۆو وەزیری ناوخۆ بە پێویست زانی، بە وتەی لیوا جەمال بەپێی یاسای بەرگریی نیشتمانی لەبەرئەوەی وەزیری ناوخۆ سەرۆکی گشت یەکە ئیدارییەکانە، هەربۆیە ناکرێت تەنیا ئاگادارکردنەوەی وەزارەتی ناوخۆ بکرێت لەکاتی ئەنجامدانی خۆپیشاندان، بەڵکو دەبێت پێشوەخت مۆڵەتی بۆ وەربگیرێت.

بـە پـێـچـەوانـەی ئـەو بـۆچـوونـەوە، ڕۆشنبیران‌و ڕۆژنامەنووسان پێیانوایە کە ئەم یاسایە دنیایەک سنووری بۆخۆپیشاندان داناوەو یەک خاڵی یاسایی تێدا نییە کە سنوور بۆ دەسەڵاتی وەزارەتـــی ناوخۆ دابنێت، ڕێبین هەردی، نووسەرو ڕۆژنامەنووس، لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامە پێیوابوو، کە ئەو یاسایەی حکومەت دایڕشتووە یاسای قەدەغەکردنی خۆپیشاندانەو بەناوی ئازادیی خۆپیشاندانەوە پێمان دەفرۆشنەوە، خاڵی ترسناک بەخشینی ئەو هەموو دەسەڵاتەیە بە وەزیـری ناوخۆ، کە دەتوانێت بەپێی لێکدانەوەی خۆی ئەگەر خۆپیشاندانێک بە مەترسیی بزانێت، بۆی هەیە ڕێگەی لێبگرێت‌و موڵەتی پێنەدات.

ڕێبین هـەردی ئەوەشی بە مەترسیی زانی کە دەسەڵات لە خەڵک‌و دەنگی خەڵک بترسێت، پێیوابوو کە ئەو ترسە لە خەڵک هەڵەیە، چونکە ئەگەر وەزیرو وەزارەتـی ناوخۆ بەو ترسەوە مامەڵە لەگەڵ خەڵک بکات، ئـەوا دەگەینە ئـەوەی کە خەڵک سەرکوت بکرێت.

سەندنەوەی ئەو دەسەڵاتە لە وەزیری ناخۆو بەخشینی بە ئەنجومەنەکان، وەک بەختیار عەبدوڵڵا، چالاک لە بواری کۆمەڵگەی مەدەنیی، باسی لێوەکرد بۆ ئەوەیە کە تاکەکەس بۆی نەبێت بڕیار لە بۆچوونەکانی خەڵک بدات‌و هەروەها لە قەزاو ناحیەکاندا ئەنجومەنی قەزاو ناحیە مافی وەڵامدانەوەی ئاگادارینامەی خۆپیشاندەرانیان هەبێت بۆ ئەنجامدانی خۆپیشاندانەکەو نەگەڕێنەوە بۆ وەزیری ناوخۆ.

لە مادەکانی پرۆژە نوێیەکەی یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان‌و کۆبوونەوە گشتییەکاندا هاتووە، کە هەڵگرتنی هەموو جۆرە چەکێک بە خۆپیشاندەران‌و هێزەکانی پۆلیسی چالاکیسە مەدەنییەکانیش قەدەغەیەو ئەگەر گێرەشێوێنییش لە خۆپیشاندانەکەدا ڕوویـدا، ئەوا پۆلیس تەنیا گێرەشێوێنان دووردەخاتەوە لە خۆپیشاندانەکە، نەک بڵاوە بە هەموو خۆپیشاندەران بکات.

لە ئێستادا ئەو پرۆژە نوێیە دراوە بە پەرلەمانتاران‌و بە وتەی بەرپرسی پەیمانگای کوردی بۆ هەڵبژاردن کار بۆ ئەوەدەکرێت کە ئیمزای (١٠) پەرلەمانتار بۆ پرۆژەکە کۆبکرێتەوە بۆئەوەی ببێتە پرۆژەیاساو ڕەوانـەی پەرلەمان بکرێتەوە، کوێستان عەبدوڵڵا، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان ئەوەی بۆ ڕۆژنامە خستەڕوو کە لەبەرئەوەی پرۆژەیەک بۆ یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان‌و کۆبوونەوە گشتییەکان لە خولی ڕابردووی پەرلەماندا قسەی لە بـارەوە کـراوە، لەم خولەشدا دەخرێتەوە بەرنامەی کـارەوەو ئەگەر دانیشتنی لەبارەوە کرا، ئەوا دەتوانرێت سود لەم پرۆژە نوێیەش وەربگیرێت.



# ـردنی بـرسـێـتـی

تـوێـژینـەوەیـەی دەزگـای نـاوەنـدی ئامارو تەکنۆلۆژیای زانیارییەکان بە هاوکاریی لەگەڵ بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوەیەکگرتووەکان، بە ناوی (نەخشەی بێبەشیو ئاستی بژێویی لە عـێراق)دا ئامادەکرابوو لە کۆتاییەکانی ساڵی(٢٠٠٦)دا بڵاوکرایەوە، نزیکەی (٣١٪)ی خێزانەکانو (٣٤٪)ی تاکەکان ئاستی گوزەرانیان زۆر خراپەو بەدەست هەژارییەوە دەناڵێنن، ئەو ڕێژەیەش بەشێوەیەکی زۆر مەترسیدار گەورەتر دەبێت.

**بەپێی هەندێک ئاماری نافەرمیی (٨٠٪)ی دانیشتووانی کوردستان (٢٠٪)ی داهات دەبەن، بە بارێکی دیکەدا (٢٠٪)ی دانیشتووان (٨٠٪)ی داهات دەبەن، واتە کەمینەیەکی دەوڵەمەند زۆرترین داهات دەباتو زۆرینەیەکی هەژاریش کەمترین داهاتی دەستدەکەوێت**

## هەژاریو بێکاریی، دوو ڕووی یەک دراو

کێشەی هـەژاریـی پەیوەندییەکی قـوڵو ئاشکرای بە زیادبوونی ئاستی بێکارییەوە هەیە، پەیوەندیی ئەو دووانەش هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر گەشەسەندنی مرۆیی لە عێراق پێکدەهێنێت، بەتایبەتیش هۆکارە بونیادییەکانی بێکاریی لە وڵاتدا، کە خـۆی لە شێوەکانی گەشەسەندنی ئابووریدا دەبینێتەوە، ئەویش بە لای خۆیەوە لە دەوری چۆنێتی بەکارهێنانی نـەوتو تایبەتمەندییەکانی هێزی کار کۆدەبێتەوە، کە ڕێـژەی گەنجانی تێدا بـەرزە، ئەمەش لە کاتێکدایە کە گەنجان خـاوەن مەشقو ڕاهێنانی پێویست نین بەگوێرەی پێویستییەکانی بـازاڕی کار. پشتبەستنێکی نیمچەتەواو بە بەشی گشتیی بۆ دروستکردنی دەرفەتی کار، خاسییەتی سەرەکیی ئـەم بـازاڕەیـە، ئەمە وێـڕای هۆکارەکانی بێکارییو دەرئەنجامەکانی جەنگو گەمارۆی ئابوورییو هەڕەشەکانی ئاسایشو تیرۆر. بەپێی دەرئەنجامەکانی پشکنینێکی بـاری گـوزەران کـە لە ساڵی(٢٠٠٤)دا کراوە، بێکاریی لە هەموو پارێزگاکانی عـێراقدا ڕێـژەی(١٨٪) تێدەپەڕێنێت، لە کاتێکدا کۆی ڕێـژەی بێکاریی لەناو گەنجاندا دەگاتە(٣٣,٤٪).

زیادبوونی دانیشتووان، وازهێنانی دەوڵـەت لە ئەرکەکانی لە دامەزراندنی دەرچـووانو هاندانی کەرتی دەوڵەتی، خـراپـیـی نەخشەکێشانی خـوێـنـدن، خراپبوونی بەستنەوەی دەزگازانستییەکان بە بازاڕی کارو بێتوانایی کەرتی تایبەتو سوود وەرنەگرتن لە هێزی بێکار، هەموو ئەوانە فاکتەری سەرەکیی بەرزبوونەوەی ڕێـژەی بێکارین لە عێراقدا، کە هەندێک لە ئامارەکانی ساڵی(٢٠٠٣)بە (٦٠٪)لـە کـۆی هـێـزی کـار مـەزەنـدەی دەکـرد، دەرئەنجامەکانی پێداچوونەوەیەکی (کارو بێکاریی) ساڵی(٢٠٠٤) دەریخستووە، کە کۆی بێکاریی بۆ تەمەنی (١٥– ٢٤) ساڵی نزیکەی (٤٣,٨٪)ە، لەو ڕێژەیەش (٤٦٪) ڕەگـەزی نێرنو (٣٧,٢٪) ڕەگـەزی مێن، ئەو بـەدواداچـوونـە ئەو جیاوازییەشی ئاشکراکردووە کە لە کۆی بێکاریی نێوان پارێزگاکاندا هەیە. پارێزگای زیقار لە پێشەوەی ئەو پارێزگایانەیە کە ڕێژەی بێکاریی تیایدا بەرزەو (٤٦٪) زیاترە، لە کاتێکدا نزمترین ئاستی بێکاریی لە پارێزگای کەربەلا تۆمارکراوە کە(١٤٪)یە.

ئەگەرچی بەپێی هەندێک ئامار، ڕێژەی بێکاریی لە هەرێمی کوردستاندا نزمەو لە هەندێکیشیاندا باس لەوە دەکرێت کە ڕێژەکە ڕووەو دابەزینە.

یونس عەلی، دەڵێت مەعقول نییە لە وڵاتێکی ئەوروپیدا ڕێـژەی هەژاریی (٧٪)بێت لە کوردستان (٣٪)بێت، لەوڵاتانی پێشکەوتوو ڕێژەی بێکاریی(٨٪)ە، بەڵام لە کوردستان دابەزیوە بۆ (٤٪)، بۆیە ئەو مامۆستای زانکۆیە دەپرسێت بەکام کارگەو کارخانە ئەو ڕێژەیە دابەزی؟

بەرزبوونەوەی نیشاندەرەکانی بێکاریی ئاماژەیەکی مەترسیدارن، چونکە ئەگەر ڕێـژەی بێکاریی (١٪)زیـاد بکات، ئەوا ڕێژەی تاوانەکانی کوشتنو دزی (٦٪) زیاد دەکات.

## تیرۆر، قۆناغەکەی دوای هەژاریی

بەتێڕوانینێکی خێرا لە چەند ساڵی رابـردوودا، دەتوانین ئـەو پەیوەندییە جەدەلییە ببینین کە لەنێوان هەژارییو تیرۆردا دروستدەبێت، تیرۆر لە سایەی هـەژاریـیو کـۆمـەڵـگا هـەژارەکـانـدا لەدایکدەبێتو گەشەدەکات، هـەروەک قوربانییەکانی هـەژاریـی لە زۆربـەی کاتەکاندا هـەمـان قوربانیی دەستی تیرۆرن، جا چ قوربانیی ڕاستەوخۆ بن یان ناڕاستەوخۆ، دەرئەنجامیش ئەوەیە کە چەندین خانەوادەو خێزان بە تەواوییو بەشێوەیەکی کتوپڕ بەرەو هەژاریی پەلکێش دەکـرێـن، دوای ئـەوەی بەخێوکەریان لەدەست دەدەن، یاخود توانای کارکردنیان نامێنێت، بۆیە پەیوەندیی بێکارییو کردارە توندوتیژو تیرۆریستییەکان پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیە.

لێکۆڵینەوە زانستییەکان دەریدەخەن لەکاتێکدا ڕێژەی بێکاریی (١٪)زیاد بکات، ئـەوا لەبەرامبەردا ڕێـژەی تاوانەکانی کوشتنو دزیی (٦٪)زیاد دەکات.

**هەندێک پێناسەی هەژاریی بەو کەسە دەکەن کە ئاستی بژێویی زۆر نزم بێت، هەندێکی دیکە دەڵێن، ئەو کەسەیە کە داهاتی کەم بێت، هەندێکی دیکە بەو جۆرە دەیپێون کە دەبێت پرسیار لەکەسەکە بکرێت کە ئایا ئەو داهاتەی هەیەتی بەشی دەکات یان نا، هەندێکی دیکەش لایەنی تەندروستیو فێرکردن لێکدەدەنەوە.**

**لە پێوەرە جیهانییەکاندا کار لەسەر دوو پێوەر دەکرێت، ئەوانیش بریتین لە:**

**١/ داهاتی تاکەکەس، ئایا ئەو کەسە چەندی دەستدەکەوێت، ئەوەش جێگای مشتومڕەو هەندێک پێیانوایە، هەڵبژاردنی داهات پێوەرێکی زۆر باش نییە، چونکە بەهای دۆلاری ئەمریکی جیاوازە لە دۆلاری کەنەدی، لەبەرئەوەی توانای کڕینیان جیاوازە. بەبڕوای هەندێک، چوار دۆلار، هەندێکی دیکە پێیانوایە، کە کەسێک ڕۆژانە لە دوو دۆلار کەمتری دەستنەکەوێت لە ڕۆژێکدا، هەندێکی دیکە دەڵێن سێ دۆلار.**

**٢/ هەندێکی دیکەش پێیانوایە، دەبێت لەسەر بنەمای خەرجیی ئاستی هەژاریی دیاریبکرێت، بەجۆرێک کەسێک لە ڕۆژێکدا چەند پارە خەرجدەکات، ئەوەش بۆ شمەکە سەرەکییەکانە، کە بریتین لە شوێنی نیشتەجێبوونو خۆراکو جلوبەرگ. ئەوەش بە باشترین ڕێگە دادەنرێت بۆ پێوانی ئاستی بژێویی، چونکە لە زۆرترین حاڵەتدا کەسەکان بڕی خەرجییەکانیان دیاریدەکەن، بەڵام کەمتر زانیاریی لەسەر داهاتیان دەدەن. لە لایەکیدیکەوە خەڵکی تەنیا ئەو داهاتە حیسابدەکات کە دەستیکەوتووە، داهاتیش دوو جۆرە، ئەوەی کە دەستیکەوتووەو ئەوەی کە داویانە پێی.**

## مەرجەکانی کردنەوەی بۆرسە چین؟

# هەرێمی کوردستان دەبێتە خاوەنی بۆرسە

محەمەد ساڵح حەمەلاو

**وا بڕیارە حکومەتی هەرێم بۆرسەی کوردستان بکاتەوەو شارەزایەکی بواری یاساییش ئاماژە بەوەدەکات؛ لە ئێستادا هەرێم مەرجی کردنەوەی بۆرسەی تێدا نییە**

لە سەردەمی پۆڵ بریمەر، حاکمی عێراق، کۆمەڵێک یاسای وەک یاسای تۆماری کۆمپانیاکانو سیستمی بانکییو بازاڕی ئازادو یاسای وەبەرهێنانو هێمای بازرگانیو بازاڕی کاغەزی دراویـی دەرچـوو، کە هەموو ئەو یاسایانە پەیوەستن بەیەکەوەو بەبێ بوونی یەکێک لەم یاسایانە گرفت لەبەردەم یاساکانی دیکەدا دروست دەبێت، بۆ نموونە بەبێ بوونی یاسای باج ناکرێت یاسای گومرک ڕێکبخرێت.

سـۆران ئەحمەد، بەڕێوەبەری تۆماری کۆمپانیاکانو شـارەزای یاسایی، ئاماژەی بـەوەکـرد؛ لە بـازاڕی بۆرسەدا دوو جۆر کۆمپانیا بەشداریی دەکـەن، یەکێکیان کۆمپانیای تایبەتەو کۆمەڵێک کەس کە خاوەنی پشکەکانی کۆمپانیاکەن خۆیان ناوی خۆیانیان تۆمارکردووەو خۆیان پشکو قەباڵەکانی خۆیان دەفرۆشن، بەڵام کۆمپانیای پشکداری گشتیی کە هاوڵاتییان خۆیان دایانمەزراندووەو تۆمارکردنی گشتیی بۆکراوە، زۆربەی خاوەنی پشکەکان هاوڵاتییان خۆیانن.

وتیشی: «تائێستا کۆمپانیای گشتییو کۆمپانیای تایبەتی لە هەرێمی کوردستاندا دیـاریـنـەکـراوە، هـەربـۆیـە ئـەگـەر ئـەوە جیانەکرێتەوە، ئەوا ناکرێت بازاڕی بۆرسە هەبێت، ئەوە سەرباری ئەوەی کە تائێستا لە کوردستاندا کۆمپانیای پشکداریی بوونی نییە تا بتوانرێت بۆرسە دابمەزرێنێت».

کۆمپانیای پـشـکـداری گشتیی ئەو کۆمپانیانەیە کە زۆربەی سەرمایەو موڵکدارێتی هاوڵاتییانی تێدایەو کۆمپانیاکان پشکەکانی خۆیانی تێدا نمایش دەکەنو دەیفرۆشن، بەڵام سـۆران باسی لەوەکرد، لەکاتێکدا بۆرسە دادەمەزرێنرێت کە هەلی گونجاو هەبێت بۆ دامەزراندنی، بەڵام سۆران سەرسوڕمانی خۆی لـەوە نیشاندا ئەگەر ئێستا بۆرسە دابمەزرێت، دەبێت پشکی کام کۆمپانیای تێدا بفرۆشرێت؟

یەکێک لە هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم ئەوەیە، کە بڕیارە بەم زووانە بازاڕی بۆرسە لە کوردستان بکرێتەوە، بەڵام ناکرێت ئەوەشمان لەبیر بچێت ئەگەر هەر وڵاتێک کەرتەکانی کشتوکاڵو پیشەسازییو نـەوتو کارەباو ئاوو گەشتوگوزارو کەرتەکانی دیکەشی بەهێز نەبێتو ئەو کەرتانە نەکرێنە کەرتی ستراتیژیی، ناتوانرێت بازاڕی بۆرسە دابمەزرێنێت.

بە بۆچوونی بـەڕێـوەبـەری تۆماری کۆمپانیاکانیش، ئەگەر حکومەت نەیەوێت کۆمپانیای گشتیی دابمەزرێنێتو کار بە سیستمی خەسخەسە نەکرێت، ئەوا لەمپەر لەبەردەم دامەزراندنی بۆرسەدا دروست دەبێت، ئەوە لەکاتێکدایە کە تائێستا هیچ کۆمپانیایەکی گشتیی لە کوردستاندا بوونی نییە.



یەکێکی دیکەش لە مەرجەکانی دامەزراندنی بازاڕی بۆرسە ئەوەیە، کە دەبێت کۆمپانیای بیانیی بەشداریی کڕینو فرۆشتنی پشکەکان بکات، بەڵام ئەوەی کە جێی پرسیارە ئەوەیە، کوردستان هیچ بەرهەمێکی نییە بۆئەوەی کۆمپانیا بیانییەکان بیانکڕن.

یەکێک لە لایەنە باشەکانی بوونی بازاڕی بۆرسەش ئەوەیە، کە سەروەتو سەرمایەی هاوڵاتییانی تێدا کۆدەبێتەوەو ئەو سەرمایەی کە هەیە دەخرێتەگەڕ، ئەوە جگەلەوەی ئەو کۆمپانیایانەی لە ڕووی داراییەوە لاوازن، دەتوانن کۆمپانیایەکی پشکداریی دابمەزرێننو پێویستیان بە یارمەتیدانی دارایی حکومەت نەبێتو جۆرێک هۆشیاریش لای هاوڵاتییان دروست دەکات، بەوەی بەشداریی کڕینی ئەو پشکانە بکەنو لەلایەکی دیکەش بۆرسە ئەوە دەستنیشاندەکات کە نرخی پشکەکانی کام کەرت بەرزبێتەوەو کام کەرتی دیکە پشکەکانی دادەبەزێتو کام کۆمپانیا باشەو کام کۆمپانیا خراپە، یەکێکی دیکە لە خاڵە بەهێزەکانی بوونی بۆرسە ئەوەیە، کە سەرمایەی ئەمنی قەومیی بەهێز دەکـات، چونکە لە بەشداریکردنی کۆمپانیاکاندا باج وەردەگیرێت.

ئەدهەم کەریم، بەڕێوەبەری گشتیی بانکی هەرێم، ئاماژە بەوەدەکات؛ کردنەوەی بازاڕی بۆرسە ئابووریی کوردستان بەرەوپێشەوە دەباتو هانی سەرمایەو کۆمپانیای بیانیش دەدات کە بێنە کوردستان.

سـۆران ئەحمەد ئەوەشی ڕاگەیاند: بۆ کـردنـەوەی بۆرسە چەندین مـەرج بوونی هەیە، بەڵام ئەومەرجانە ئێستا لە کوردستاندا بوونی نییەو وەک خۆشی وتـی: «ئەگەر پێش دامەزراندنی بۆرسە زەمینەسازیی تەواو نەکرێت، ئەوا لە سەرەتادا ئەو بازاڕە ڕووبـەڕووی تەنگەژەی گـەورە دەبێتەوە، هەربۆیە دامەزراندنی بۆرسە بۆ ئەم قۆناغەی کوردستان، مەحاڵە».

وتیشی: «یەکێک لە گرفتەکانی دیکەی بەردەم کردنەوەی بازاڕی بۆرسە ئەوەیە، کە تائێستا کەرتەکانی وڵات دیارینەکراوە، هەر بۆیە دەبێت حکومەت بە هۆشیارییو بە پلانەوە کار بۆ دامەزراندنی بۆرسە بکات کە بە شاکۆڵەکەی ئابووریی وڵات دەناسرێت.

ئەو شارەزا یاساییە ئەوەشی نەشاردەوە کە «هەمواری یاسای (٩٧) کە بە بڕیاری ژمارە (٦٤)ی پۆڵ بریمەر هەموارکراوەو ئێستا لە پەرلەمانی کوردستان کاری پێدەکرێت، پڕە لە هەڵەو کەموکوڕیی تێدایە، یەکێک لە هەڵەکانی ئەوەیە کە سیستمی کۆمپانیای گشتییو کۆمپانیای تایبەتی تێدا جیا نەکراوەتەوەو پێویستە یاساکە هەمواربکرێتەوە».

بەپێی هەمواركردنی ژمارە (٧٤)ی ساڵی (٢٠٠٤) دەرچـووەو ئاماژە بـەوەدەکـات؛ دەتوانرێت لەپارێزگاکانی دیکەی عێراقدا لقی بۆرسە بکرێتەوە.

سـۆران ڕاشیگەیاند: «لـەو بـازاڕی بۆرسەیەی کە بڕیارە دابمەزرێت، حکومەتی هەرێم ناتوانێت نەوتی تێدا بفرۆشێت».

تائێستا سیستمی بانکی عێراق سیستمێکی کۆنی مەرکەزییە، بەڵام لەدوای ساڵی (١٩٩١) هەرێمی کوردستان بێ تێپەڕاندنی قۆناغە یەک لەدوایەکەکانی ئابووریی هەنگاوێکی گەورەی نا بۆ سیستمی بازاڕی ئازاد، ئەوە لەکاتێکدایە کە بۆرسە لە سایەی سیستمێکی بانکیی هاوچەرخو پێشکەوتوو و تۆکمەدا دادەمەزرێت.

# کێ بەرپرسیارە لە پرسی کرێنشینانی هەژار

## حکومەت یان پەرلەمان؟



پێشڕەو ڕەئوف مەجید

بۆ پاراستنی مافە مەدەنییەکانی خەڵک، لەسەر هەر حکومەتو دەسەڵاتو سیستمێکی حوکمڕانییە کە بانگەشەی دیموکراسیو مافی مرۆڤ دەکات، چەند مافێکی هاوڵاتییانی لەبەرچاو بگرێت، کە یەکێکیان شوێنی نیشتەجێبوونەو پێویستە بۆ هەر تاکو خێزانێکی ناو وڵاتەکەی بەبێ هیچ بیانوویەک بە یەکسانیی دابینی بکات، کە بە جۆرێک هەر کەسە بە گوێرەی خۆیو خێزانەکەیو ئاستی داهاتو ژیانو گوزەرانیان لەم مافە بێبەش نەکرێنو خاوەنی شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان بن، هەر بۆیە لە کوردستان بە لەبەرچاوگرتنی مافە مەدەنییەکان، یەکێک لەو مافانە (دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوونە)، کە پێویستە بۆ هەموو خێزانێک دەستەبەر بکرێتو بە داخەوە تائێستا زۆرینەی خێزانو خانەوادە هەژارو کەمدەرامەتەکان بێبەشبوون لەم مافەو لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان لە چەند ساڵی ڕابردوودا کاریگەریی نیگەتیڤی بەسەر زۆر لە کایەکانی ژیانی ئابووریو کۆمەڵایەتیو سایکۆلۆژی ناو خێزانەکانیان لە ژنانو پیاوانو منداڵانەوە جێهێشت، لە ئاکامدا داواکاریی دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون بوو بە یەکێک لە داخوازییە بەپەلەو هەنووکەییەکانی خەڵک، بەتایبەتی خێزانە هەژارو کرێنشینە نەدارەکان، کە دواتر بە فشارو گوشاری هەمەلایەنە لەناو چینو توێژەکانی کرێنشینان بە گشتیو سەرجەم کەناڵەکانی ڕاگەیاندنو میدیاو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنیو بەتایبەتی (کۆمەڵەی کرێنشینان)، کە هەوڵی جدیی خرایە گەڕ بە نووسینو ڕیپۆرتاژو یاداشتنامە بۆ بەردەم لایەنە پەیوەندیدارەکانو حکومەت، تا لە ئەنجامدا بە یاسا ئەم مافە بۆ هاوڵاتییانو کرێنشینان بە دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون لەلایەن پەرلەمانو حکومەتی هەرێمەوە بە ژمارە (٧) لە ساڵی (٢٠٠٨)دا بە فەرمیی ناسرا، کە مافی دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون بۆ هاوڵاتییان لە کوردستاندا بە ئەرکی حکومەت دەزانی، بەڵام سەرباری هەموو ئەو هەوڵانەی کە تائێستا لەلایەن حکومەتەوە خراوەتەگەڕ بەمەبەستی دروستکردنی شوێنی نیشتەجێبوون، مایەی نیگەرانییە بۆ کرێنشینانی هەژار کە دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە ساڵێک بەسەر یاسای ژمارە (٧)داو هەموو ئەو پرۆژانەی بۆ دروستکردنی یەکەکانی نیشتەجێبوون جێبەجێکراون، هیچ یەکێک لەو پرۆژانەو ئەو هاوکارییانەی کە حکومەت بۆ ئەم مەبەستە کاری بۆ کردووە لە پێدانی پێشینەی خانووبەرەو دابینکردنی (سندوقی نیشتەجێبوون)و تەرخانکردنی زەوی بێبەرامبەر بۆ کۆمپانیاو کەرتەکانی تایبەت بە دروستکردنی خانووبەرە، سوودێکی ئەوتۆی نەگەیاندووە بە هەژارانو ئەوانەی کە خاوەنی هیچ سەرمایەیەک نین.

لەکاتێکدا دەبوو بۆ هەر بەشداربوویەک لەگەڵ ئەو پرۆژانەی کۆمپانیاو کەرتەکانی تایبەتدا بڕی زیاتر لە (١٥ – ٢٠) هەزار دۆلاری هەبوایە، کە ئەم بڕە پارەیە تائێستاش لای خەڵکی هەژار دەستناکەوێتو ئەگەر هەر وابێتو کار لەسەر ئەم سیستمە بکرێت، بۆ ئەوەی خەڵکی ببێتە خاوەنی شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی، ئەوا بە دڵنیایی ئەو خەونەی کرێنشینان دەبێتە سەرابو تا هەتایە ناتوانن ببنە خاوەنی یەک بست لە شوێنی نیشتەجێبوون، لە ڕابردووشداو بە درێژایی دەیان ساڵ لەو سیستمەی بە زەوی دابەشکردن ناسرابوو، کە مەرجی سوودمەندبوون بەناو لەڕێی خاڵو خاڵ بەندییەوە پەیڕەو دەکرا، تەنیاو تەنیا فەرمانبەرانی سەر بە حیزبو حکومەت دەیانتوانی سوودی لێ ببینن، کە ئەوانیش زۆرینەیان لەڕێی مەحسوبیەتەوە دەیانتوانی ببنە خاوەنی زەویو هەبوو دوو سێ زەوی پێدەدراو هەش بوو مافی خۆی بوو زەوی پێبدرێت، کەچی تائێستاش بێبەشەو هەر چاوەڕوانە کە ئەو هەموو تەخشانو پەخشانکردنەی زەویش کەمو زۆر سوودێکی بە هەژاران نەگەیاند، ئەوانەی بەڕاستی کرێنشین بوونو پێویستیان بە پارچە زەوییەک هەبوو بۆ دروستکردنی لانەیەکی ئارام، کە لە دەست گرفتی کرێنشینی ڕزگاریان بکات، ئەو خەڵکە هەژارو کەمدەرامەتانەی کە ئەرکی هەموو دەوڵەتو حکومەتێکە هاوکارییان بکاتو بە توێژێک ناسراون کە ئاستی گوزەرانیان لە خوار هێڵی هەژارییەوەیەو بە گشتیی لە عێراقو کوردستاندا تائێستاو بەپێی تازەترین ئاماری نەتەوەیەکگرتووەکان، کە ئاماژەی پێدراوە بە ڕێژەی (٢٣٪) ئەژمار دەکرێت، بۆیە ئەوەی لەم بارەیەوە بە ڕوونی دیارەو لە ماوەی ڕابردوودا لە هەموو ئەو شێوازانەی لەڕێی ئەو سیستمانەی کە تائێستا پەیڕەوکراوە، دەردەکەوێت کە ئەوەندەی بۆ مشەخۆرییو گەندەڵییو بازرگانی پێوەکردن بووە، نیوئەوەندە بۆ سوودو قازانجی کرێنشینانی هەژار نەبووە، بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستاندا، کە ئەگەر هەر وابێتو مەرجی سوودمەندبوون لەو پرۆژەو یاساو بڕیارانەی تائێستا هەیە کە یان دەبێت خاوەنی سەرمایەیەکی باش بیت بۆ ئەوەی بتوانیت شوقەیەک یان یەکەیەکی نیشتەجێبوون لە گوندی ئەڵمانیو شاری خەونەکانو بەڕێزو پاک ستیو چیو چی بکڕی، یان ئەوەتا لە ڕیزی پێشەوەی حیزبو حکومەتدا بیت، کە ئەمەش لە مشتێک کەس زیاتر ناگرێتەوە کە کرێنشینانی هەژار قەت پێیناگەن، بەم حاڵەوە ئەگەر هەروا بڕواو حکومەت پلانو میکانیزمێکی دیکە بۆ هاوکاریی کرێنشینانی هەژارو کەمدەرامەت نەگرێتەبەر کە ڕەچاوی داهاتو باری گوزەرانیان بکات، ئەوا بێبەشکردنو پەراوێزخستنیان هەر بەردەوام دەبێت، کە دواجار لە حکومەتی خەڵکەوە دەبێت بە حکومەتی کەمینە، وەک ئەوەی ئێستا خەتو خاڵی دەرکەوتووە، کە ئەمەش پێشێلکردنی یاسای مافە مەدەنییەکانو بەتایبەتی یاسای ژمارە (٧)ی پەرلەمانی کوردستانە کە دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوون بۆ هەموو خێزانەکان لە کوردستاندا بە فەرمیی دەناسێنێتو بە یاسا بڕیاری لێداوەو تائێستا پەراوێز خراوەو بۆ هەموو هاوڵاتییان وەک پێویست جێبەجێ ناکرێت.

# جیـۆگـرافـیـایـەک بـۆ گـەشـەک

محەمەد شێخ فاتح

**ڕۆژی شەممە (١٧)ی ئۆکتۆبەر، ڕۆژی جیهانیی هەژاران بوو، دانانی ڕۆژێک بۆ ئەو دیاردەیە دوای ئەوە دێت کە هەژاریی خەریکە بەتەواویی بەرۆکی جیهان دەگرێتو ژمارەی برسییەکان زیاتر لە یەک ملیار کەس تێدەپەڕێنێت.**

**هەژاریی بەجۆرێک جیهانی گرتووەتەوە کە بووەتە دیاردەیەکی جیهانیو هەڕەشە لە ئاسایشی کۆی وڵاتان دەکات. جیاوازی ڕۆژی جیهانیی هەژاریی لەگەڵ ڕۆژی جیهانیی بۆنەکانی دیکەدا لەوەدایە کە ڕەنگە کێشەو دیاردەکانی دیکە هەوڵێک یان هیوایەک هەبێت بۆ چارەسەرکردنو کەمکردنەوەی قەیرانەکانیان. بەڵام جیهان لە دۆخێکدا ڕۆژی جیهانیی بۆ هەژاران دادەنێت کە لەرزۆکە لە ئاست هەر ڕێگەچارەیەکو بەردەوام ژمارەی برسییەکانیش لەهەڵکشاندایە، هەر بۆیە ئەو دیاردەیە وەک دێوەزمەیەک بەرەنگاری کۆمەڵگاکان دەبێتەوە.**

هەژاریی کە دیوێکی دیکەی برسێتییە، وابەستەیە بەچەندین نیشاندەر (موئەشیر)ی دیکەوە کە دیارترینیان (تەندروستیو فێرکردنو بێکاری)یە.

بە سەیرکردن لە پێکهاتەی ئابووریی کوردستانو نیشاندەرە نافەرمییەکان، دەردەکەوێت، کە هەرێمی کوردستان یەکێکە لەو جیۆگرافیایانەی کە ئەو ڕۆژەی لە پێناودا بۆ دانراوە.

## هەرێمی کوردستان، هەژارێکی داپۆشراو

لە ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی خۆراکی جیهانیی WHOدا کە لە چەند مانگی ڕابردوودا بڵاویکردەوەو باس لەوە دەکات، کە (واست، موسڵ، دیالەو هەروەها سلێمانی) لە ژێر هێڵی هەژارییەوە دەژین، هاوکات بەرپرسانی باڵای هەرێمو ئامارە ڕەسمییەکانیش ڕایدەگەیەنن، کە هەرێمی کوردستان لەئاستی خۆشگوزەرانیدا دەژین.

بەڵام یونس عەلی ئەحمەد، مامۆستای زانکۆی سلێمانیو شارەزای ئابووریی، ڕایوایە، کە دەبێت نیشاندەر (موئەشیر)ەکان بڕیار بدەن کە هەرێم لە چ دۆخێکدایە.

ئەو پسپۆرە ئاماژە بەوەدەکات «کۆمەڵێک موئەشیر پێماندەڵێن، گەشە ڕوویداوە یان نا، ئەوانیش (ڕێژەی هەژارییو بێکارییو پیسبوونی ژینگە)ن، یەکێکیدیکە داهاتی نەتەوەییە، ئایا داهاتی ڕاستەقینە زیادیکردووە یان داهاتی نەختینە، چونکە داهاتی ڕاستەقینە گرنگترە نەک داهاتی نەختینە، بۆیە گەشە بە بینای بەرز نییە».

یونس، ڕایوایە ئاستی گوزەران لە کوردستان زۆر نزمەو بەڵگەشی ئەوەیە، کە ڕۆژانە چینی دەوڵەمەند بەردەوام لە زیادبووندایەو چینی هەژاریش بەهەمانشێوە، لە هەرکۆمەڵگایەکیشدا چینی مامناوەند کەمبووەوە، واتا هەژارییەکی زۆر هەیە.

بەپێی هەندێک ئاماری نافەرمیی (٨٠٪)ی دانیشتووانی کوردستان (٢٠٪)ی داهات دەبەن، بە بارێکی دیکەدا (٢٠٪)ی دانیشتووان (٨٠٪)ی داهات دەبەن، واتە کەمینەیەکی دەوڵەمەند زۆرترین داهات دەباتو زۆرینەیەکی هەژاریش کەمترین داهاتی دەستدەکەوێت.

هۆگوین، یەکێکە لە زانا ئابوورییە بەناوبانگەکان، ئەو باس لەوە دەکات کە ئەگەر هەر (١٪)ێک گەشە زیاد بکات، (٢,٥٪)بێکاریی کەمدەکات.

بەپێی توێژینەوەیەک کە یەکێک لە پسپۆرە ئابوورییەکانی زانکۆی سلێمانی لەساڵی(٢٠٠٦) ئەنجامیداوە، (٢٥-٣٠٪)ی خەڵکی سلێمانی لە ژێر هێڵی هەژارییەوە بوون، ئەویش بەوەرگرتنی نیشاندەرەکانی داهاتو خەرجی، ئامادەکاری ئەو توێژینەوەیە ئەگەرچی پێیوایە، ڕەنگە لە ئێستادا ئەو ڕێژەیە کەمێک دابەزیبێت، بەڵام کەمتر نییە لە (١٥-٢٠٪).

## گەشەکردنی برسێتیی

جەنگە ناوخۆییو دەرەکییەکان، گەمارۆی ئابووریی، سروشتی سیستمی سیاسییو شێوەی ڕەفتاری لەگەڵ کۆمەڵگاو خراپ بەکارهێنانی سەرچاوە ئابوورییەکان، هۆکاری سەرەکیی خراپبوونی گوزەرانی خەڵکو بڵاوبوونەوەی هەژاریی بوون لە عێراقدا.

ئەگەر جەنگی هەشت ساڵەی نێوان عێراق_ئێران لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا هۆکاری بڵاوبوونەوەی برسێتیی بووبێت لە ناوچەکانی ناوەڕاستو باشووردا، کە زیاتر خۆی لەشارەکانی بەسرەو میساندا دەبینییەوە، ئەوا ڕووداوە یەک لەدوای یەکەکانی دوای ساڵی(١٩٩٠) برسێتییو هەژاریی بۆ سەرجەم ناوچەکانی دیکەی عێراق گواستەوە.

بە بڕوای د. حەسەن لەتیف ئەلعوبەیدی، شارەزای ئابووریی؛ سەپاندنی سزا ئابوورییەکان بەسەر عێراقدا، بەهۆی داگیرکردنی وڵاتی کوەیتەوە کاریگەریی گەورەی کردە سەر دەزگاکانی دەوڵەت، بەجۆرێک کە خەرجییەکانی دەوڵەت بۆ بوارە کۆمەڵایەتیو خزمەتگوزارییەکان کەمبوونەوەو بازنەی هەژاریی فراوانتربوو، هاوکات ژینگەی ئابووریش خراپتر بوو، بۆیە باری نائارامیی لەسەر ئاستی تاکو کۆمەڵدا تەشەنەی کرد.

کاتێک کە گەمارۆکە درێژەی کێشا، گوزەرانی زۆربەی عێراقییەکان ئەوەندەی دیکە خراپ بوو، تا ڕادەیەک وایلێهات ئەو بڕەخۆراکەی مانگانە بە کۆبوونی خۆراک دابەشدەکرا، خەڵکی نەیاندەتوانی بە ویستی خۆیان بیخۆن، بۆیە بەشێکیان دەفرۆشتەوە، بۆ ئەوەی پێویستییەکی دیکەی پێبکڕن.

## ئامارە مەترسیدارەکان

لە ساڵەکانی گەمارۆی ئابووریدا، بەشی تاک لە داهاتی ناوخۆ بەشێوەیەکی زۆر هاتەخوارەوە، کە نزیکەی یەک لەسەر دەی ساڵانی هەشتاکان بوو.

داهاتی ڕاستەقینەی مانگانەی تاکێک لە ساڵی(١٩٩٣)دا کەمتربوو لە داهاتی کرێکارێکی کشتوکاڵی ناچالاکی وڵاتی هیندستان، کە بەپێی چەند ڕاپۆرتێکی ئابووریی نافەرمیی لە هەژارترین وڵاتانی جیهانە. ئاستی بژێویی تاکو خێزانەکان زیانێکی زۆری پێگەیشتبوو، بەتایبەتیش ئەو خێزانانەی کە داهاتیان سنووردار یان مامناوەند بوو. بەگوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی خۆراکو کشتوکاڵیی نێودەوڵەتیی لەساڵی(١٩٩٥)دا، ئاستی داهاتو بژێویی سێیەکی دانیشتووانی عێراق دابەزی، داهاتی خێزانێک دابەزیبوو بۆ یەک لەسەر سێی داهاتی هەمان خێزان بە بەراورد لەگەڵ ساڵی(١٩٨٨)دا.

هاوکات بەپێی دەرئەنجامەکانی ئەو



فۆتۆ: ناسیح عەلی خەیات

# ـــن لە سندوقی نیشتەجێبوون نەک هاوڵاتی



•کوردستان پێویستی بە دروستکردنی زیاتر لە (٨٠٠ هەزار یەکەی نیشتەجێبوون هەیە بۆنەوەی قەیرانی نیشتەجێبوون چارەسەربکرێت

کاردەکەن‌و بەوەش کۆمپانیاکان زیاتر سوودمەندن، چونکە هاوڵاتی سەرجەمی تێچووی یەکەکە دابیندەکات لەگەڵ سندوقی نیشتەجێبوون‌و کۆمپانیا تەنیا جێبەجێی دەکات.

شارەزایانی بواری بیناسازیی پێیانوایە، بۆ هەر مەتر دووجایەک بینا ئەگەر بە کەرەستەی (مواصفات) بکرێت، ئەوا (٢٥٠) دۆلاری تێدەچێت، بەڵام بە گوێرەی نرخی خانوو باڵەخانەی یەکەکانی نیشتەجێبوون کە لەلایەن کۆمپانیاکانەوە دروستدەکرێن‌و دەفرۆشرێنەوە هاوڵاتییان، مەترێک بینا (٤٠٠) دۆلاریش تێدەپەڕێنێت، واتە ئەگەر بینایەک (٤٠) هەزار دۆلاری تێبچێت، بە (٧٠ – ٨٠) هەزار دۆلار دەفرۆشرێتەوە بە هاوڵاتییان، ئەوە سەرباری ئەوەی تائێستا ڕێژەی سوود بۆ دروستکردنی پڕۆژەکانی بواری وەبەرهێنان لە کوردستان دیارینەکراوە.

بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنان لە سلێمانی، ئاماژە بەوە دەکات؛ زۆریی سوودی کۆمپانیاکان کەوتووەتە سەر مواسەفاتی پڕۆژەکان‌و دەڵێت: «ناتوانین لە خۆمانەوە بڵێین زۆر قازانج دەچێتە گیرفانی کۆمپانیاو وەبەرهێنەکەوە، چونکە بێ ئەوەش وەبەرهێن بۆ قازانج کاردەکات‌و لە بازاڕی ئازاددا شتی وا نییە کە نرخی قازانج دیارییبکرێت».

ئەوەش دەخاتەڕوو، کە ئەو وەبەرهێنەی پڕۆژە پێشکەش دەستەی وەبەرهێنان دەکات جۆری کەرەستەکان دەنووسێت کە بە چی‌و چۆن کار دەکات، باسی لەوەشکرد، کە پڕۆژە هەیە لە کفری‌و ناوچەکانی دیکە هێندە سوودی نییەو بە هەمان شێوازی ئەوەی سلێمانییە بە (٣٣) هەزار دۆلار دەفرۆشرێت، کە ڕەنگە (١) هەزار دۆلار سوودی نەبێت بۆ وەبەرهێن، وتیشی: «ئێستا ئێمە لیژنەیەکمان پێکهێناوە کە بەو نرخانەدا بچینەوە لەگەڵ بازاڕدا، هەروەها ئەو خزمەتگوزارییانەی لەناو پڕۆژەکەدا جێبەجێکراون، ئەگەر بزانین لەو حاڵەتەدا وەبەرهێن قازانجەکەی خەیاڵیەو بێویژدانیی تێدایە، ئەوا هەوڵدەدەین هەندێک شتی زیادەی پێبکەین. بۆ نموونە دانانی سپلیت یا سێتی مەتبەخ، هەوڵمانداوە کۆنترۆڵی قازانجی وەبەرهێن بکەین، بەڵام تا سنوورێک بە دەزگایەکی وەک ئێمە دەکرێت، چونکە ئەوە دەکەوێتە سەر ویژدانی وەبەرهێن».

**د.خالید دەلۆیی، ئەندامی مونتەدای ئابووریی کوردستان** ئاماژەی بەوەکرد؛ «نەبوونی بیرکردنەوەیەکی ئابوورییانە دەبێتە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵێک خەڵک بێویژدانانە ئیستغلالی بارودۆخەکە بکەن‌و کۆمەڵێک خەڵکی دیکەش زەرەرمەند دەبن‌و دەرئەنجام بەرژەوەندیی شەخسیی لێدەکەوێتەوە».

لەلایەکی دیکەوە، سکرتێری پێشووی کۆمەڵەی داکۆکیکردن لە مافی کرێنشینان، جەخت لە پێویستی بوونی سندوقی نیشتەجێبوون دەکاتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی جیا لەوەی ئێستا کە پەیڕەو دەکرێت‌و پێیوایە «زۆرێک لەو پڕۆژانەی دروستکردنی یەکەی نیشتەجێبوون خزمەت بە هەژاران‌و خەڵکی کەم دەرامەت ناکات‌و کاریگەریی نابێت لەسەر کەمکردنەوەی قەیرانی نیشتەجێبوون‌و سوود بە کرێنشینان ناگەیەنێت، ئەوەش بەهۆی گرانیی نرخەکانیان، بەوپێیەی نرخی هەر یەکەیەکیان لە (٣٠) هەزار دۆلار کەمتر نییە».

## نەبوونی بەدواداچوون‌و خراپیی کارەکان

بەشێکی پسپۆڕان پێیانوایە، بەدوادانەچوونی پێویست‌و دانەنانی مەرجی توند، وایکردووە پڕۆژەکانی نیشتەجێبوون وەک پێویست نەبن‌و بە کوالێتی بەرز ئەنجام نەدرێن.

د.محەمەد ڕەئوف، بەپێویستی دەزانێت حکومەت بەدواداچوون بۆ ئەو پڕۆژانەی کەرتی تایبەت بکات‌و ناچاریان بکات شاری نموونەیی لە دەرەوەی شار دروستبکرێت، کە کێشەی قەرەباڵغی‌و کۆمەڵایەتی کەم بکاتەوە، لە مۆڵەتەکانیشدا ئەومەرجانە دابنرێت‌و بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنیان بکرێت.

هەروەک سیروان محەمەد پێی باشە، حکومەت زیاتر بەرگریی لە هاوڵاتییان بکات‌و بەدواداچوون بۆ چۆنێتی کارو خزمەتگوزارییەکان‌و کەرەستەی بەکارهاتوو بکەن کە کوالێتی باش بێت، «دەبوایە لەبەر بەرژەوەندیی گشتیی کۆمەڵێک مەرج دابنرایە، بەشێوەیەک کە ئەو یەکانە خزمەتگوزاریی باشتری تێدابوایە، بەڵام زۆرێک لەو یەکانە هەمان سیستەم‌و کەرەستە کۆنەکەی جارانەو خەڵکیش ناچارە بیکڕێت، لەبەرئەوەی کرێچین».

## حکومەت بووەتە بارگرانی

لە چەند ساڵی ڕابردوودا حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانیوە کێشەی نیشتەجێبوون چارەسەربکات‌و سەرباری ئەوەش بووەتە بارگرانی‌و قەیرانەکەی قوڵتر کردووە، بەشێوەیەک کە بەپێی ئامارە ڕەسمییەکان زیاتر (٤٠٪)ی دانیشتووانی کوردستان کرێنشینن‌و تەنیا پارێزگاکانی هەولێرو سلێمانی پێویستیان بە زیاتر لە (١٠٠) هەزار یەکەی نیشتەجێبوون هەیە، زۆرێک لە فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێم لە خانووی کرێدان، بەشێوەیەک لە ئێستادا خودی دەستەی وەبەرهێنان‌و بانکی خانووبەرەو بەڕێوەبەرێتی سندوقی نیشتەجێبوون، کە لە چارەسەری قەیرانەکەدا بەشدارن، خۆیان کرێچین.

سیروان محەمەد، بەپێویستی دەزانێت حکومەت بینا بۆ فەرمانگەکانی خۆی بکات‌و خۆی لە کرێچێتی ڕزگار بکات، نەک هاوڵاتییان، چونکە «زۆرێک لە بیناکانی کرێن‌و حکومەت ناتوانێت کێشەی فەرمانگەکانی خۆی چارەسەربکات، نەک زیاتر لە (٨٠) هەزار یەکەی نیشتەجێبوون لەشارێکدا دروست بکات».

## حکومەت توانای چارەسەری قەیرانەکەی نییە

هەرچەندە بەشێک لە پسپۆڕان بەباشی دەزانن، حکومەت خۆی قەیرانەکە چارەسەربکات‌و یەکەی نیشتەجێبوون دروست بکات، لەکاتێکدا ئێستا پارەو زەوی تەرخاندەکات، بەڵام بەشێکی دیکەی پسپۆڕان بەپێچەوانەوە قسەدەکەن‌و پێیان باشە حکومەت تەنیا چاودێربێت‌و مەرجی پێویست دابنێت بۆ دروستکردنی یەکەکان لەلایەن کەرتی تایبەتەوە، لەکاتێکدا کە حکومەت خۆی بودجەو توانای ئەوەی نییە کارەکان جێبەجێ بکات، هاوکات بوونی «گەندەڵیی‌و ڕۆتین ڕێگری سەرەکیی دەبن».

د.محەمەد بڕوای وایە «ئەگەر کارەکان بە ڕێکوپێکی بەڕێوە بڕوات، باشترە حکومەت خۆی ئەرکی جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژانە لە ئەستۆ بگرێت»، بەڵام هەموومان ئەو ڕاستییە دەزانین کە ئیشوکاری دامودەزگای حکومیی کێشەو گرفتی هەیە، کە لە بیرۆکراتییەت‌و تەمەڵیی‌و گەندەڵیی کە ئیشکالیەت دروستدەبێت‌و ڕەنگە لەو کاتەدا بەباشی بەڕێوە نەڕوات، چونکە تەجروبەمان لەگەڵ دامودەزگا حکومییەکاندا هەیە، بۆیە باشترە کە لەڕێی کۆمپانیاو کەرتی تایبەتەوە ئەو کارانە بکرێت، بەڵام لە چوارچێوەی گرێبەستێکدا کە بەپێی مەرج ڕەچاوی بەرژەوەندیی گشتیی بکرێت.

بەڕێوەبەری گشتیی وەبەرهێنان پێیوایە، کارکردنی حکومەت بۆ چارەسەری کێشەکە کاتێک دەکرێت کە بودجە هەبێت بۆ چارەسەری کێشەی نیشتەجێبوون، بودجەی حکومەتی هەرێم توانای ئەوەی نییە، بۆیە لەڕێی کەرتی تایبەتەوە هەوڵدەدرێت بۆ چارەسەری ئەو گرفتەو ئەوەی دەستەی وەبەرهێنان‌و کەرتی تایبەت دەیکەین بەشداریکردنێکە لە چارەسەری کەمکردنەوەی کێشەکە، نەک چارەسەری بنەبڕیی، وتیشی: ئەگەر بودجەی زۆرو مسۆگەر هەبێت کە پڕۆژەی ستراتیژیی ئەنجامبدرێت لە بواری نیشتەجێبووندا، چارەسەرکردنی ئەرکی حکومەتە نەک کەرتی تایبەت.

د.خالید دەلۆیی، پێیوایە؛ «کێشەی کوردستان لە بواری نیشتەجێبووندا ئەوەیە کە سوود لە ئەزموونە نێودەوڵەتییەکان وەرنەگیراوەو نێتوۆرکێک لەنێوان دەسەڵات‌و هاوڵاتییان یان حکومەت‌و دنیای دەرەوە دروست نەکراوە بۆچارەسەرکردنی قەیرانی نیشتەجێبوون».

## حکومەت «سوو» وەردەگرێت؟

لەدوای دەستبەکاربوونی سندوقی نیشتەجێبوون، لەکاتی پێدانی قەرزەکاندا حکومەت بڕێک پارە لە هاوڵاتییان وەردەگرێت بەشێوەی (٢٪) ئەگەر قەرزەکە بۆماوەی (٥) ساڵ بێت، (٣٪) ئەگەر قەرزەکە بۆماوەی (١٠) ساڵ بێت، هەرچەندە ئەوە لە سەرەتادا نارەزایی لەسەری دەربڕاو زۆرێک لە هاوڵاتییان ئامادەنەبوون پارەکە وەربگرن، بەو هۆیەوە کە وەک وەرگرتنی «سوو» لێکدانەوەی بۆکرا، بەڵام بۆ چارەسەری ئەوگرفتە پارەکە کرا بە ڕسومات‌و بە وەسڵ وەردەگیرێت.

هەرچەندە یاسین فەقێ سەعید ڕەتی دەکاتەوە، کە ئەو پارەیە سووبێت‌و دەڵێت: «لە هەر وڵاتێکدا کە پارە لە بانک وەربگیرێت بەبێ سوو نایدات، ئەوپەڕی هەوڵمانداوە کە کەمترین پارە وەربگیرێت، ئەویش وەکو «سوو» نا، چونکە لەگەڵ وڵاتی ئێمە ناگونجێت، ئەو پارەیە بەناوی خەرجی ئیدارییەوەیە، چونکە ئێستا بەڕێوەبەرێتی سندوقی نیشتەجێبوونی بۆ دامەزراوە، کە بەڕێوەبەرو کارمەندو خەرجی هەیە ئەو پارەیە لەو شوێنانە سەرفدەکرێتەوە حکومەت بە دوای قازانجی ئەوەوە نییە، ئێستاش «دوا بڕیار ئەوەیە کە هاوڵاتی تا نەچێتە یەکە نیشتەجێبوونەکەوە قەرزەکە نەداتەوە».

بەڵام سیروان محەمەد ڕەخنە لەو سیستەمە دەگرێت‌و ئاماژە بەوە دەکات؛ لە هیچ وڵاتێکی دنیادا حکومەت لە چارەسەرکردنی قەیرانی نیشتەجێبوون قازانج ناکات، بەڵام لە کوردستان بەپێچەوانەوەیەو وتی: «لە وڵاتاندا حکومەت بۆئەوەی کێشەیەکی لەوشێوەیە چارەسەربکات، پارە تەرخاندەکات نەک لەو چارەسەرەدا قازانج بکات، بەڵام لە کوردستان بە پێچەوانەوەیە، جگە لەوە پێویستە هەندێک ئاسانکاریی بکرێت، بۆ نموونە لە وڵاتێکی وەک ئیمارات ئەگەر زووتر ئەو قەرزی سندوقی نیشتەجێبوونە بدرێتەوە ڕێژەیەکی لێخۆش دەبن».

## هاوڵاتییان خزمەتگوزاریی دابین دەکەن

بەپێی بەدواداچوونی ڕۆژنامە بۆ گرانیی نرخی یەکەکان، ئەوە دەرکەوت کە بەشێکی ئەو نرخە لە خزمەتگوزارییەکانی ناو پڕۆژەکەدا سەرفدەکرێت، ئەوەش دەریدەخات کە هاوڵاتییان لەبری حکومەت خزمەتگوزاریی دابین دەکەن.

یاسین فەقێ سەعید، نکوڵی لەوە ناکات‌و ڕوونیدەکاتەوە، کە بەپێی گرێبەست «لەسەر حکومەتە خزمەتگوزارییەکان بگەیەنێتە سەر پڕۆژەکە، وەک کارەباو قیرو ئاو، بەڵام ئەو پڕۆژانەی ئێمە مۆڵەتمان پێداون‌و سندوقی نیشتەجێبوون دەیانگرێتەوە تێیدا هاتووە، خزمەتگوزارییەکانی ناو پڕۆژەکە لەلایەن وەبەرهێنەوە بکرێت‌و وەبەرهێنیش دەیخاتەوە سەر نرخی یەکەی نیشتەجێبوونی خانوو و شوقەکان، کەواتە لەو حاڵەتەشدا هاوڵاتییان خۆیان پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان دابین دەکەن».

سندوقی نیشتەجێبوون بە بڕیاری ژمارە (٤٥)ی ئەنجومەنی باڵای وەبەرهێنان دەرچووەو بە بڕیاری ژمارە (٤٦) هەمواركراوەتەوەو مەرجی پێدانی پارەش لەلایەن ئەو سندوقەوە ئەوەیە، کە هەر کەسێک ئەگەر کرێنشین بێت‌و پێشتر لە وەرگرتنی پێشینەی خانووبەرە سوودمەند نەبووبێت، ئەوا ئەو قەرزە دەیگرێتەوە ئەگەر بەشداری لە کڕینی یەکەیەکی نیشتەجێبوون بکات لەو پڕۆژانەی جێبەجێدەکرێن

## چۆن چارەسەری قەیرانی نیشتەجێبوون دەکرێت

# خاوەن پرۆژەکان سوودمەندی یەکەم

سەنگەر جەمال

**کەمیی سوودمەندبوونی هاوڵاتییان‌و خراپ بەکاربردنی زەوییە تەرخانکراوەکان‌و زۆریی ڕێژەی قازانجی کۆمپانیاکان‌و وەرگرتنی «سو» لەلایەن حکومەتەوە، بە هۆکاری شکستی سندوقی نیشتەجێبوون دادەنرێت‌و هەندێکیش پێیانوایە، کارکردن بەوشێوەیە «لە بەرژەوەندیی گشتیی‌و هاوڵاتییاندا نییەو کاریگەریی ئەوتۆی لەسەر کەمکردنەوەی قەیرانەکە نییە».**

## خراپ بەکاربردنی زەوییە تەرخانکراوەکان

وەک هەوڵێک بۆ کەمکردنەوەی کێشەی نیشتەجێبوون، لە چەند ساڵی رابردوودا حکومەتی هەرێمی کوردستان لە شارەکاندا زەوی تەرخانکردووە، کە لەڕێی وەبەرهێنەوە بکرێتە پرۆژەو یەکەی نیشتەجێبوون‌و هاوڵاتییان سوودی لێوەربگرن، بەڵام بەشێک لە پسپۆڕان ئاماژە بە «خراپ بەکاربردن»ی زەوییە تەرخانکراوەکان دەکەن، کە کەمترینیان بەشێوەی ستوونی دروستکراون‌و کراونەتە شوقەو زۆرێک لە پرۆژەکان کراونەتە خانوو و ڤێلا، کە دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆی زەحمەتترە.

**د. محەمەد رەئـوف، مامۆستای ئابووریی لە زانـکۆی سلێمانی،** نکوڵی لەوە ناکات کە بەشێکی زەوییە تەرخانکراوەکان بۆ پرۆژەکانی نیشتەجێبوون لەلایەن حکومەتەوە «خراپ بەکاربراون»و لەبری ستوونی، یەکەی ئاسۆییان تێدا دروستکراوە، لە لێدوانیدا بۆ رۆژنامە وتی: «ئەوە شتێکەو راستە کاریگەریی نێگەتیڤیشی هەیە، چونکە ئەو پرۆژە گەورانەی بواری نیشتەجێبوون ئەگەر بە ئاسۆیی جێبەجێبکرێن پێویستی بە گەیاندنی خزمەتگوزاریی زۆر هەیە، وەک ئاو و ئاوەڕۆو کارەباو تەلەفۆن، کە ئەگەر ستوونی بن بە ئاسانی‌و خێراتر دەتوانرێت ئەو خزمەتگوزارییانەی بگەیەنرێتێ، جگەلەوەی سیمایەکی جوانتری هەیە».

د.محەمەد بەپێویستی دەزانێت کە ئیش بکرێت بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی نیشتەجێبوون‌و پێشیوایە «بوار رەخسێنراوە، ئەوەش شتێکی باشە، بەڵام پێویست دەکات کێبڕکێ‌و دروستکردنی پرۆژەی لەوشێوەیە تەنیا لە شارە گەورەکاندا چڕ نەکرێتەوە، چونکە نا هاوسەنگیی دروستدەکات لەناو دانیشتوواندا، بۆیە پێویستە بۆ دابەشبوونی دانیشتووان بەسەر پانتاییەکی زیاتردا دەبێت بەشێک لەو پرۆژانە دوور لە شارە گەورەکان دروستبکرێن، کە ئێستا بەپێچەوانەوەیەو لە شارە گەورەکاندا چڕ بوونەتەوە، ئەوەش جگە لە نا یەکسانیی گرفتی زۆری خزمەتگوزاریی‌و کۆمەڵایەتی زیاد دەکات».

لەزۆربەی وڵاتاندا بۆ کەمکردنەوەی کێشەی نیشتەجێبوون‌و سوودوەرگرتن لە زەوییەکان لەسەر تاوەرو بەشێوەی ستوونی شوقەو شاری مۆدێرن دروست دەکەن، ئەوەش لەپێناو گەیاندنی خزمەتگوزاریی بە ئاسانترین شێوەو دروستکردنی زۆرترین یەکەی نیشتەجێبوون لە کەمترین رووبەری زەویدا، بەڵام لە کوردستاندا ئەو هەڵەیە تێپەڕیوەو لە ئێستاشدا زۆربەی پرۆژەکانی بواری نیشتەجێبوون، خانوو یان باڵەخانەی سێ نهۆمین‌و پانتاییەکی فراوانیش زەوی بۆ ئەو پرۆژانە تەرخانکراوە، جگەلەوەش لەناو ئەو زەوییانەی بۆ پرۆژەی نیشتەجێبوون تەرخانکراون، ڤێلا لەسەر رووبەری هەزار مەترو زیاتریش دروستکراوەو بە نرخێکی زۆر بە هاوڵاتییان دەفرۆشرێتەوە، ئەوە لەکاتێکدایە زۆرێک لە هاوڵاتییان خۆیان دەتوانن خانووی دوو نهۆم دروست بکەن، جگە لەوەش رێژەیەکی کەمتری هاوڵاتییان لێی سوودمەند دەبن.

بەپێی ئامارەکانی ساڵانی رابردوو تەنیا لەشاری سلێمانی‌و (١٣) قەزای دەروروبەریدا نزیکەی (٤٥) هەزار کەس کرێچین، کە (٢٥) هەزاریان لە خانووی سەربەخۆی کرێدابوون‌و (٢٠) هەزارەکەی دیکەش لەگەڵ خێزانی دیکەدا لە خانوویەکدان، هەروەها بەپێی دواترین رووپێو کە بەڕێوەبەرێتی ئاماری سلێمانی لەساڵی (٢٠٠٧)دا ئەنجامیداوە، سنووری پارێزگاکە پێویستی بە (٨٥) هەزارو (٨٧١) یەکەی نیشتەجێبوون هەیە، هەروەها شاری هەولێر پێویستی بە دروستکردنی زیاتر لە (٣٥) هەزار یەکەی نیشتەجێبوون هەیە، ئەوەش بە ژمارەیەکی گەورەو مەترسیدار دادەنرێت، کە خراپیی گوزەران‌و گەورەیی قەیرانی نیشتەجێبوون دەخاتەڕوو.

**عەتا هەولێری، چالاکوانی بواری کۆمەڵگەی مەدەنی،** بوونی ئەو ژمارە زۆرەی کرێچی‌و قەیرانەکە بەمەترسییەکی گەورە لە قەڵەمدەدات. ئەو بۆ رۆژنامە وتی: نەبوونی شوێنی نیشتەجێبوون بۆ زۆربەی هاوڵاتییان بووەتە گرفتێک کە چارسەرکردنی گرانە، لەکاتێکدا یەکێکیش لە ئەرکەکانی حکومەت دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبوونە بۆ هاوڵاتییەکانی، چونکە «نەبوونی شوێن یان شوێنی گونجاو زەمینەسازە بۆ توندڕەویی‌و جیاوازی لەنێو کۆمەڵگەدا».

**سیروان محەمەد، سەرنووسەری گۆڤاری پیشەسازیی،** دانانی سندوقی نیشتەجێبوون بە «بیرۆکەیەکی باش» دەزانێت کە لە زۆرێک لە وڵاتانی دیکەدا هەیە، بەڵام پێیوایە لە کوردستان قەیرانەکە بە حوکمی ئەوەی زۆر گەورە بووەو حکومەتیش لەژێر فشاردا بووە بۆئەوەی ئەو کێشەیە چارەسەر بکات‌و دەڵێت: حکومەتی هەرێم پارەو زەوی تەرخانکردووە، بەڵام ئەوە پێویستی بە پلانی وردە، بەتایبەت بۆ ناوچەیەکی وەک شاری سلێمانی، بەوپێیەی زەوی بەرفراوانی نییەو کێشەی رێگاوبان‌و ئاو و ئاوەڕۆو خزمەتگوزارییەکانی لەناو شاردا هەیە، دەبوو پلانێکی ئایندەیی بۆبکرایەو بە بەردەوامیی بەشێوەی ستوونی فراوانبکرێت، نەک ئاسۆیی، ئەو شاری نیشتەجێبوونانەی دانراوە لە دەرەوەی شار بن، بۆ فراوانبوونی شارو کەمکردنەوەی فشار لەسەری، بەڵام پرۆژەکان لەناو شارەکەدان، ئەمەش وایکردووە حکومەت دەستکراوە نەبێت بۆ دروستکردنی نەخۆشخانە، یان شاری یاریی، یان هەرشتێکی هاوشێوە لە دەرەوەی بازنەی (٦٠) مەتریی.

بە بڕوای سیروان هەندێک لە کۆمپانیا جێبەجێکارەکانیش خۆیان لە دروستکردنی یەکەی ستوونی دزیوەتەوە، یان سێ نهۆمیان دروستکردووە، بۆئەوەی ئەسانسۆرو هەندێک پێویستی هەیە بۆی دانەنێن، «لەگەڵ ئەوەشدا هیچکام لەو بینایانە هاوڕێی ژینگە نین‌و بە مواسەفات دروست ناکرێت‌و بە هەمان ئەو کەرەستانەی پێی دروستدەکرێت هاوڵاتییان دەیکەن».

**یاسین فەقێ سەعید، بەڕێوەبەری گشتیی دەستەی وەبەرهێنان لە سلێمانی،** هەرچەندە لەو بڕوایەدایە کە زۆر پرۆژەیان هەیە هەمووی باڵەخانەیەو خانووی تێدا نییەو چەند نموونەیەکی هێنایەوە، ئاماژە بەوە دەکات؛ دروستکردنی زۆریی یەکەی نیشتەجێبوون بە ئاسۆیی لەبری ستوونی بەپێی شوێنەکەو ماستەرپلان‌و ئەو زەوییە دیاریکراوەو شتێک نییە بەمەبەست کردبێتمان یان وەبەرهێنیش بە عەمدی کردبێتی، لەگەڵ ئەوەشدا روونیدەکاتەوە کە «ڕێنماییەکی چەسپاو نییە لەلایەن حکومەت‌و سەرۆکایەتی شارەوانییەوە کە بڵێت هەر پرۆژەیەکی وەبەرهێنان لە بواری نیشتەجێبوون کرا، پێویستە رێژەی چەندی خانوو یان شوقە بێت، هەر پرۆژەیەک کەوتووەتە سەر بۆچوونی خۆمان، دواتر بۆ شارەوانی بۆ پەسەندکردنی، کە پەسەندیشکرا، کەواتە قایلن».

جەختیش لەوە دەکاتەوە، کە حکومەت ئەو رێژەیە دانانێت، چونکە بە بۆچوونی ئەو «مەنتیقی نییە تۆ بیسەپێنیت بەسەر وەبەرهێندا کە بە پارەی خۆی پرۆژەیەک دەکات‌و هاوڵاتی دەیکڕێت، حکومەت سندوقەکەی بۆ هاوکاریی هاوڵاتییان داناوەو هاوڵاتی خۆی سەرپشکە شوقە یان خانووەکە دەکڕێت». باسی لەوەشکرد، لەسەرەتادا کردوویانەتە مەرج کە دەبێت (٦٠٪)ی ئەو یەکانەی وەبەرهێن دەیکات، ستوونی بێت‌و (٤٠٪)ی خانوو بێت، «بەڵام ئەوە سەرینەگرت، چونکە زۆرێک لە شوقەکان دەمانەوەو خەڵک خانووەکانی بەلاوە پەسەند دەبوو».

وتیشی :«حکومەت بەشێوەیەک دەتوانێت شوقە بسەپێنێت کاتێک، لەڕێی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەوە شوقە دروستبکات‌و بیداتە فەرمانبەرانی بەبێ پێشەکی‌و نرخەکەی لە مووچەکەی ببڕێت».

**یاسین مەحمود، خاوەنی کۆمپانیای بەڕێز،** کە چەند پرۆژەیەکی نیشتەجێبوونی لە جێبەجێکردندایە لە لێدوانێکی پێشوویدا بۆ رۆژنامە وتی: «سیستمی باڵەخانە لە گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان بۆی ئاسانترەو بودجەیەکی کەمتریشی تێدەچێت، چونکە ئێستا سیستمی خانووی ئاسایی لە دنیادا بەسەرچووەو تەنیا لە چەند وڵاتێکدا پەیڕەودەکرێت»، ئەم قسەیەی خاوەنی کۆمپانیای بەڕێز لەکاتێکدایە کە بەشی زۆری پرۆژەکانی خۆی ئاسۆییە، ئەوەشی بە ئەرکی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن زانی، کە دەبێت لە ڕێگەی بەرنامەو پلانی خۆیانەوە هەوڵبدەن هاوڵاتییان لەوە هۆشیار بکەنەوە کە لە باڵەخانەدا نیشتەجێبن‌و بەو ژیانەیان ئاشنا بکەن.

**بەڵام ئەندازیار دارا هادی، بەڕێوەبەری هەڵسەنگاندن لە دەستەی وەبەرهێنان،** لە لێدوانێکیدا بۆ رۆژنامەی هاوڵاتی لەبارەی دابەشکردنی زەوی لەلایەن دەستەی وەبەرهێنانەوە رایگەیاند: «زەوییەکان بەشێوەیەکی بەرچاو بە بێسەروبەریی دابەشدەکرێت». هەروەک رەخنە دەگرێت لە پێدانی زەوی زۆر بۆ هەندێک پرۆژەو ئەوە دەخاتەڕوو، کە «دواتر زەوییەکە بۆ مەبەستی دیکە بەکارهاتووە».

بەڕێوەبەری هەڵسەنگاندن لە دەستەی وەبەرهێنان باس لەوە دەکات، کە ئەو خانووانەی بە (٥٠,٠٠٠) دۆلار دەدرێتە خەڵک، ئەگەر خەڵک خۆی بیکات تەکلیفی (٢٠,٠٠٠) دۆلار دەکات بە کوالێتییەکی باشتریش».

## تەنیا کۆمپانیاکان سوودمەندن

هێندەی کۆمپانیاکان‌و کەسانی وەبەرهێن لە پرۆژەکانی نیشتەجێبوون سوودمەند دەبن، کە لەڕێی سندوقی نیشتەجێبوونەوە پارەیان بۆ تەرخاندەکرێت، هێندە هاوڵاتییان سوودمەند نابن، چونکە حکومەت زەوییەکە تەرخاندەکات‌و بەنرخێکی گران دەدرێتە هاوڵاتییان.

د.محەمەد رەئوف، لەبارەی زۆریی قازانجی کەرتی تایبەت‌و کۆمپانیاکانەوە دەڵێت: «دەبێت هاوسەنگییەک دروستبکرێت لەنێوان رێژەی سوودمەندبوونی کۆمپانیاکان‌و هاوڵاتییان، دەبێت قازانجەکە هەمەلایەنە بێت‌و حکومەت ئەو هاوسەنگییە بپارێزێت»، پێشیوایە لە سەرەتادا رەنگە ئەو پارەیە زۆربێت کە لە یەکەکانی نیشتەجێبوون لە هاوڵاتییان وەردەگیرێت، بەڵام لەگەڵ زۆربوونی یەکەی نیشتەجێبوونەکان‌و بوونی کێبڕکێ‌و ململانێ لەنێوان کۆمپانیاکاندا وردە وردە وادەکات نرخەکان دابەزێنرێت، «دەبێت بوار برەخسێنرێت بەپێی ئەو مەرجانەی حکومەت دەیسەپێنێت بە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی گشتیی‌و وڵات، کە ئەو کاتە کارەکان بەرەو ئاراستەیەکی باشتر دەڕوات بۆ چارەسەری گرفتەکان».

بەبڕوای سیروان محەمەد، حکومەت ئاسانکاریی زۆری کردووە بۆ ئەو کۆمپانیایانەی لە بواری نیشتەجێکردندا



پرۆژەیەکی نیشتەجێکردن کە بە شێوەیەکی ئاسۆیی جێبەجێدەکرێت

> ئامارەکان ئەوە دەردەخەن کە (٤٠٪ - ٥٠٪)ی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان کرێچین، ئەوەش لەکاتێکدایە کە شوێنی نیشتەجێبوون لەدوای خواردن‌و پۆشاکەوە بە سەرەکیترین پێداویستی مرۆڤ دادەنرێت‌و بە نەبوونی ئەگەری روودانی چەندین حاڵەتی مەترسیدار هەیە

> پێشتر خەرجکردنی پارەی سندوقی نیشتەجێکردن لە ڕێگەی بانکی خانووبەرەوە دەدرا بە هاوڵاتییان‌و بۆنەو مەبەستەش (٣٧٣٢) مامەڵە لەلایەن هاوڵاتییانەوە پێشکەشکراوەو تائێستاش (٢٨٠٠) چەکی پارە بۆ هاوڵاتییان کراوەو بڕی (٣١) ملیارو (٤٨٠) ملیۆن دۆلاریش لە سەرمایەی سندوقەکە بۆ هاوڵاتییان خەرجکراوە. ئێستاش بەڕێوەبەرێتییەک بە ناوی بەڕێوەبەرێتی سندوقی نیشتەجێبوونەوە دروستکراوە

# هەڵوەشاندنەوەی گوتارە سیاسییەکانی کورد
# رۆحی زیندوو دەوڵەت دروست دەکات، نەک رۆحی حیزبیی



نەبەز گۆران

> نەوەی ئەمڕۆ حیزبی کوردی دەیکات کوشتنی هەموو رەنگەکانە، گوتارێکە لە یەک چرکەساتدا دەبێتە گوتارێکی نەتەوەیی توندو لە چرکە ساتێکیشدا خیانەت لە کورد دەکات، هەرچۆن گرنگە لێبگەڕێین نەوەکان لەگەڵ دنیای خۆیاندا بژین، ئاواش گرنگە ئەم گوتارە سیاسییە، کە لێوانلێوە لە میزاجی حیزبیی هەڵوەشێتەوە

کێشەی کورد کێشەیەکی وجوودییە، کێشەیەکە لەسەر وجودی کارەکتەری کوردە، نەک کێشەیەک بێت لەسەر نەخشەی جوگرافی یان خاکو خۆڵی کورد، ئەو هێزانەی لەدەرەوەی کوردن «چ فارس چ عەرەب چ تورک» بەردەوام کێشەیان لەگەڵ وجودی کورد هەبووە، نەک لەسەر خاکەکەی، ئەوان هەوڵیانداوە کورد بسڕنەوە نەوەکو خاکەکەی لێوەربگرنەوە، چونکە خاکەکە لەژێر چەمۆڵەی ئەواندا بووە تاهەوڵی وەرگرتنەوەی بدەنەوە، ئەوەی نەتوانراوە بکەوێتە ژێر چەمۆڵەی ئەوان وجودی کوردە، بۆیە ویستوویانە لەناوی ببەن، بەڵام بەهۆی ئەوەی گوتاری سیاسیی کورد مرۆڤی کوردی فەرامۆش کردبوو و هاتبوویە ئاستی خاکەوە ئەم خاڵە لاوازەیان کردبوویە دەرگایەک تاکو لەڕێگەی خاکەوە هەوڵی سڕینەوەی شوناسی کورد بدەن، گەورەترین ئیشکالی شۆڕشی کوردیش ئەوە بووە، هەمیشە شەڕەکانی خستووەتە ئاستی شەڕ لەسەر خاک، نەک شەڕ لەسەر وجودی ئینسانی کورد، ئەگەر ئەو گوتارە سیاسییەی کورد هێندە لاواز نەبوایە لەڕێگەی قوربانییەوە کورد نەدەگوازرایەوە بۆ جیهانی دەرەوە، بەڵکو لەڕێگەی ئیرادەی تاکەوە کورد دەگوازرایەوە بۆ جیهانی دەرەوە.

ئەوکاتەی ئەنفال دەست پێدەکات هەوڵێک نییە بۆ سەندنەوەی خاکێک، کە کوردی لەسەر دەژیت بەقەد ئەوەی هەوڵێکەوە بۆ سڕینەوەی ئەو شوناسەی ناوی کوردبوونەو لەسەر ئەو خاکە دەژیت، ئەنفال پرۆسەیەکە دژی وجودی کورد، نەک دژی خاکەکەی، لەوکاتەی هەوڵی سڕینەوەی شووناسی کورد و وجودی کورد دەدرێت ئەو خاکەی کوردی لەسەر دەژی تاکو ئێستاشی لەگەڵ بێت، چ لەڕووی یاساییەوە، چ لەڕووی نێودەوڵەتییەوە، چ لەڕووی دەسەڵاتەوە لەژێر چنگی کورددا نەبووە، بەڵکو لەژێر چنگی ئەو هێزەدا بووە کە دەسەڵاتی بەسەر کورددا هەبووەو ئینسانی کوردی کوشتووە، رەنگە زۆرێک هەبن پێیانوابێت خاک گرنکترە لە مرۆڤ، چونکە ئەوانە پێیانوایە کێشەی کورد لەگەڵ ئەوانی دیکەدا لەسەر خاکە، نەک لەسەر شوناسو وجود، بەڵام ئەمە یەکێکە لەو بۆچوونە زۆر لاوازانەی دوورە لە بیرکردنەوەیەکی قووڵەوە، بەرزکردنەوەی کێشەکەشمان لە خاکەوە بۆ سەر وجوودی ئینسانی کورد مانای لە دەستدانی رۆحی کورد نییە، بەڵکو مانای بەباڵاکردنی کێشەکەمانە لەسەر زەمینێکی ژێردەستەوە بۆ ئیرادەیەکی گشتیی کۆمەڵگەو ناساندنی ئیرادەو رۆحی ئەم کۆمەڵگەیە بە دنیای دەرەوە.

ئێمە دەبێت ئیرادەی گشتیی دروست بکەین، دەبێت رۆحی زیندوو دروست بکەین، تاکو بتوانین لەڕێگەی ئەم دووخاڵەوە خاکەکەش بکەینە سەرزەمینی ئەم رۆحو ئیرادەیە، خاک هیچکام لەمانە دروست ناکات، گەر ئێمە پێشتر هەوڵمان نەدابێت بۆ دروستکردنی کارەکتەرێکی زیندوو.

تەحقیقکردنی دەوڵەتیش لە رۆحو ئیرادەدایە، ترسی ئەوانیش لە کورد لە دوو خاڵی جەوهەریی گرنگە، ئەو دووخاڵەش بریتین لە ئیرادەو رۆح، گەر لەم کاتەدا نەتوانرێ ئەم دووخاڵە چالاکبکرێنەوە ناتوانرێت هیچ بەدەستبهێنرێت، من دژی ئەوەم بەبێ بەیەکەوە بەستنەوەی ئەم دووخاڵەو چالاککردنی بەهیچ جۆرێک باس لە خاک بکرێت، بەبێ ئەمانەش خاکیش بەدەستبهێنین ئەزموونی هەژدە ساڵی رابردوو رووبەڕوومان دەبێتەوەو جارێکی دی هەردوو جەوهەرەکەی کورد «رۆحو ئیرادە» تووشی دارمان دەبنەوە.

گەر کەمێک تەماشای دواوە بکەین سەروەختی لەناوبردنی فەیلییەکان سەروەختێکی گرنگە بۆ ئێمە، کاتێک فەیلییەکان لەناوبران خاکێک نەبوو موڵکی ئەوان بێت، بەڵکو لەناو بردنی فەیلییەکان هەوڵێک بوو بۆ لەناوبردنی ئەو وجوودە کوردییەی لەناو رۆحی فەیلییەکاندا خۆی مەڵاس دابوو، هەوڵی کوشتنی ئیرادەی کوردبوون بوو لەناو رۆحی فەیلییەتدا، مەبەستمە بڵێم؛ فەیلییەکان بۆ ئەوە لەناو نەبران ئەو خاکە لەسەری دەژیان لێیان وەربگیرێتەوە، بەڵکو لەسەر ئەوە لەناوبران وجوودێکی کوردانەیان هەبوو، ئیرادەیەکی کوردانەیان هەبوو، گەر نموونەی فەیلییەکانو ئەنفالو هەڵەبجەو ...هتد ببێتە دەرگایەک بۆ ئێمە تێدەگەین دراوسێکانمان هەوڵی لەناوبردنی ئەو رۆحە دەدەن لەناو کارەکتەری کوردیدا بوونی هەیە، هەوڵی ئەوە نادەن نەخشەی جوغرافیمان بگۆڕن، کاتێکیش خاکەکەمان دەکرێت بە چوار پارچەوە بە پەیمانێکی نێودەوڵەتی مەبەستیانە ئەو رۆحە پارچە پارچە بکرێتو نەتەوە بخنکێت، کە نەتەوە بە گەورەیەکەی خنکا بەهۆی تێکشکانی ئەو رۆحەوە، ئیدی دروستبوونی دەوڵەتیش کارێکی زەحمەتە، چونکە دەوڵەت رۆحی گۆمەڵگەیەو رۆحێکی گشتگیر دەوڵەت دروست دەکات، نەک دەوڵەت بێت رۆح دروست بکات.

(هەڵبەتە کورد لەبەر ئەوەی دواکەوتووە لە دروستبوونی دەوڵەت دەبێت رۆحی دەوڵەت دروست بکات، نەک چاوەڕێ بێت دەوڵەت رۆحی بۆ دروست بکاتو ببێتە چەتری کۆبونەوەی رۆح) کوردیش بە پارچە پارچەکردنیو دوورخستنەوەی رۆحەکان ناتوانێ ئەو رۆحە یەکگرتووە پێکبهێنێتەوە بۆ دروستکردنی دەوڵەت، یەکەم رێگرییەکیش لەبەردەم دروستبوونی دەوڵەتدا لێکردنەوەی پارچەکانی رۆح بوو، بێگانەکان هەر ئەوەیانکرد بۆیە بەم هەنگاوەیان توانییان چەندین ساڵ کورد پاش بخەن بۆ دروستکردنەوەی رۆحی خۆیو دروستکردنەوەی دەوڵەت، بە مانایەکی دیکە لای من رۆحی زیندو دەوڵەت دروست دەکات، نەک رۆحی چاوەڕوانو رۆحی حیزبیی، رۆحی حیزبیی چەند کاریگەریی هەیە بۆ خولقاندنی جەنگاوەر ئەوەندەش کاریگەری هەیە بۆ کوشتنی ئیرادەی گشتییو کوردبوونی راستەقینە، یەکێک لە کێشە گەورەکانی کوردیش لە هەرچوار پارچەکەدا ئەوەبووە، کە رۆحی زیندووی وەلاوە خستووەو لەپێناوی بنیاتنانەوەی ئەو رۆحەدا ئیرادەی خۆی دابەشکردووە بەسەر رەنگە بچوکەکاندا، کە حیزبە، یەکێکی دیکە لەو خاڵانەی بێگانەکان توانیان بیکەن ئەوەبوو کوردیان ناچارکرد بە پارچە پارچە بوون ئیرادەی دروستبوونی رۆحی یەکگرتوو تێکبشکێتو نەبێتە هێزی گەورەو مەترسیدار بۆ سەر ئەوان، ئەم چاوەڕوانییەش کوردی خستە بەردەم چەند خەیارێکی دیکە، کە یەکێکیان دروستکردنی حیزب بوو لە هەموو پارچەکاندا، سەردەمی دروستبوونی حیزبی کوردی چەندە سەردەمێکی پێویست بووە بۆ خولقاندنی جەنگاوەرو بەهێزکردنی ئیرادەی کۆمەڵگەی کوردی لە پارچەکاندا، ئەوەندەش سەردەمێک بووە بۆ کوشتنی خەونی گەورە، چونکە شۆڕشگێڕەکانو سەرکردەکان نەبوونە سەرکردەی هەمووانو جەنگاوەری هەمووان، بەڵکو خۆیان دابەشکرد بەسەر پارچەکانداو لەناو پارچەکانیشدا خۆیان دابەشکرد بەسەر بازنەی حیزبیداو ئیدی کورد نەبوویە خاوەنی شۆڕشگێڕی جیهانیو ئیرادەی بەهێز دژی ئەوانەی دیکە، هەرچۆن بێگانەکان توانیان کورد لەت بکەن، حیزبی کوردیش بەو لەتکردنە قایل بوو و نەیتوانی ببێتە دەوارێک بۆ کۆکردنەوەی هەموو کارەکتەرەکانی کورد لە هەر چوار پارچە «هەڵبەتە پەکەکە ئەم هەوڵەی دا، بەڵام هەوڵێک بوو لە ئاستێکی لاوازداو نەتوانرا گەشەی پێ بدات»

گەر لە رابردوودا گوتاری حەماسیو کۆکردنەوەی جەنگاوەری بەهێز لە دەوری حیزبدا کارێکی شۆڕشگێڕانە بووبێت، ئەوا لەم سەردەمەدا گۆڕینی گوتاری سیاسیی کورد لە خزمەتکردن بە حیزبو خاکەوە بۆ خزمەتکردن بە وجوودی کوردو ئینسانی کورد کارێکی گرنگترە.

دەکرێت گوتاری سیاسیی کورد لە خەونی بچوکەوە بگوزارێتەوە بۆ خەونی گەورە، واتە گوتارێک بێت خەمی هەموو کوردی بێت، نەک تەنیا خەمی بەشێک لە کوردی ژێر دەسەڵاتی خۆی، لەوەش بچوکتر خەمی کارەکتەری حیزبی بێت، هەرچۆن خەونی گەورە دەبێت ببێتە یەکەم خاڵی دەستپێکردنی گوتارێکی جیاوازی کورد بە هەمان شێوەش گوتارەکەی لەسەر وجوودی کورد بێت، نەک فەرامۆشکردنی کارەکتەری کوردو بچوکردنەوەی ئینسانی کورد بۆ پارچە زەوییەک، یان گردێک، هەرکاتێک گوتاری سیاسیی کورد لەسەر کارەکتەرێکی کوردی، نەک لەسەر نەخشەی جوگرافی کێشەی لەگەڵ یەکێک لە دراوسێ نەیارەکانی پەیداکرد، ئیدی دەکرێت بڵێین؛ سیاسەتی کورد لە ئاستێکی لاوازەوە چووەتە ئاستێکی دیکە. گوتاری سیاسیی ئەمڕۆی جیهانیش ململانێیە لەسەر وەرگرتنەوەی مافی ئینسانەکان، کەچی کورد هێشتا لەسەر ئەو مۆدێلە بەلشەفییەی سەدەی رابردوو سەیری دەرەوەی خۆی دەکاتو پێیوایە گرنگی ئینسان بەستراوە بە خاکەوە، نەک بە مافەوە.

(هەڵبەتە جگە لەم مزایەدەیە، کە کۆمەڵێک کەس لەسەر ژیانی ئینسانی کورد دەیکەنو خۆیان بە نیشتمانپەروەر دەبینن، ئێمە پێمانوایە، سیاسەتی کورد خۆی بەشێکی گەورەیە لە کوشتنی مافی ئینسانی کوردو لاوازکردنی ئیرادەو رۆحی) بەبێ سەندنەوەیەکی تەواوی ئەو مافە بۆ ئینسانو دروستکردنی ئیرادەو رۆحی زیندوو مەیلی دەوڵەتبوون دروست نابێت، چونکە ئینسانی ئازاد دەتوانێت دەوڵەت دورست بکات، نەک ئینسانی بێ مافو بێ ئیرادەو ملکەچ بەحیزب.

((حیزب بە باوەڕی ئێمە قەفەزێکە بۆ بەکۆیلەکردنی تاکی کورد، گواستنەوەیەتی لە ئینسانێکی ئازادەوە بۆ ئینسانێکی گوێڕایەڵ))

## خەونی نەوەکان، لە مام رۆستەمەوە بۆ میسی:

هەر نەوەیەکو ئەستێرەی خۆی هەیە لەگەڵی بژی، نەوەکانی پێش راپەڕینو تا سەروەختی راپەڕینیش گەورەترین ئەستێرەیان مام رۆستەمو مامە ریشەو ئارام و ..هتد بوون، بەڵام ئەم ئەستێرانە بۆ ئێستەی نەوەی نوێ ئیدی کۆتاییان هاتووە، ئەستێرەکانی نەوەی نوێ لەبری مام رۆستەم «لیۆنێل میسیو دیکابریۆو کاکا»ن زەختکردن لەسەر ئەم نەوەیە تاکو ئەستێرەکانی خۆیان لەمیسییەوە بگۆڕن بۆ مام رۆستەمو کەسە شۆڕشگێڕەکان کارێکی هەڵەیە، لەبەر هیچ نا لەبەر ئەوەی ئیدی ئێمە لە زەمەنێکدابن شۆڕش تێپەڕیو گەیشتووینەتە زەمەنی دروستکردنی دەوڵەت، ئەگەر ئەم نەوەیە ئەستێرەکانیان جیاوازبن لە نەوەی پێشوو دەبێت لەوە تێبگەین ئەمە پشتکردن نییە لە وەلائی نەتەوە، یان لە کورد بوون، ئەمە زەمەنێکی دیکەیەو هەژموونی شەپۆلی خۆرئاوا خەونو ئەستێرەی نەوەکان لە شوێنێکەوە دەگوازێتەوە بۆ شوێنێکی دی.

داواکردنی گوتاری سیاسیی کوردی، کە دەبێت هەموو تاکێک نەتەوەییو شۆڕشگێڕو خاکپەرست بێت، داواکردنێکی ستەمکارانەیە، رەتکردنەوەی ئەم جۆرە گوتارەش مانای بەخائین بوون نییە، بەڵکو مانای ئەوەیە دەبێت لێگەڕێین هەر نەوەیەک سەرقاڵی خەونی خۆی بێتو نوخبەی سیاسییو رۆشنبیریش سەرقاڵی پرۆژە گەورەکان بن، کە دروستکردنی دەوڵەتو ساغکردنەوەی ژیانە بۆ هەموو نەوەکان، سەردەمی ئەم نەوەیە سەردەمێکی زۆر جیاوازە، چ لە رووی فۆرمەوەو، چ لە رووی ئیرادەو رۆحەوە، بۆ ئەم نەوەیە ئەوەندە گرنگە ژیانی بۆ بڕەخسێنی ئەوەندە گرنگ نییە ژیانی پڕکەی لە مانا سیاسییەکان، حیزبی کوردی لەم هەژدە ساڵەدا هەوڵی زۆری دا، کە سەرتاپای کۆمەڵگە بکاتە کۆمەڵگەیەکی سیاسییو حیزبی، کە ئەمەش یەکێک بوو لەو کارە هەڵانەی کردیو یەکێکیشە لە خاڵە جەوهەرییەکانی فاشییەت، پێویست نییە سیاسەت دابەش بکرێت بەسەر ئەندامەکانی کۆمەڵگەدا، هەر چۆن پێویست نییە داوابکرێت هەموو نەوەکان ناسیونالیستانە بیربکەنەوە، کۆمەڵگەی تەندروستیش ئەو کۆمەڵگەیە قبوڵبکات هەموو رەنگەکان لەناو خۆیدا کۆبکاتەوە، نەک هەوڵی ئەوە بدات هەمووان پێکەوە یەک بیرکردنەوەو یەک رەنگ بن.

من زۆر دڵم بەو نەوەیە خۆشە، کە قژیان درێژەو لەبری خۆسەرقاڵکردن بە سیاسەتەوە لە جیهانی خۆیاندا دەژین، ئەگەر ئەم نەوەیە بە هەمان ریتم بڕوات ئایندەی ئەم وڵاتە لە خۆشەویستی خوێنەوە دەگوازرێتەوە بۆ خۆشەویستی ژیان، لەبری تفەنگەکان قەڵەمی دەستی ئەم نەوەیە نەخشەی ژیانی ئەم وڵاتە دەگۆڕێت، تا ژیانیش مانا راستەقینەکەی خۆی نەگەیەنێتە نەوەکان زەحمەتە ئایندەی روون بێتە بەردەمی ئێمە، ئیرادەو رۆحی زیندووش هەر لەو چرکەساتەوە دەستپێدەکات، هەر یەک لە نەوەکان لە خەونی خۆییو دنیای خۆیدا بژیت، بەڵام تاقە خاڵێک پێکەوە کۆیان بکاتەوە کورد بوونە، کورد بوونیش پەیوەندی بە فۆرمەوە نییە، بەڵکو حاڵەتێکە لە ناوەوەی ئینسانی کورددا دەژیت، بڕێکجار چالاکو بڕێکجاریش مت.

ئەگەر ئەم نەوەیە ئەستێرەکانیان جیاوازبێت ناکاتە ئەوەی گوناهباریان بکەین کوردبوونی خۆیان لەدەستداوە، چونکە من پێموایە؛ هەر کات کورد کەوتە مەترسییەوە ئەو منە نووستووەی ناو رۆحی ئەم نەوەیە زیندوو دەبێتەوەو دێتە سەرشەقامەکان، نموونەش خۆپیشاندانەکانی ئەم نەوەیە بوو دژی هێرشەکانی تورکیا.

لەو چرکەساتەدا تێگەیشتین کوردبوون بە گوتاری حیزبیو سیاسیی دروست نابێت، بەڵکو کوردبوون لە خێزانەوە سەرهەڵدەداتو لە کاتی خۆیدا خۆی تەحقیق دەکات.

بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ حیزبی کوردی دەیکات کوشتنی هەموو رەنگەکانە، گوتارێکە لە یەک چرکەساتدا دەبێتە گوتارێکی نەتەوەیی توندو لە چرکە ساتێکیشدا خیانەت لە کورد دەکات، هەرچۆن گرنگە لێبگەڕێین نەوەکان لەگەڵ دنیای خۆیاندا بژین، ئاواش گرنگە ئەم گوتارە سیاسییە، کە لێوانلێوە لە میزاجی حیزبیی هەڵوەشێتەوە، ئێمە پێویستمان بە گوتارێکە ئازادی دروست بکات بۆ ئینسانی کورد، لێبگەڕێت هەموو رەنگەکان لەناو کوردا هەبن، دەست لەوە هەڵگرێت سیاسەت بباتە ناو هەموو کونو کەلەبەرێکەوە، شەڕ نەهێنێتە بەردەرگای ماڵی کورد، ململانێکانی لەسەر بنەمای حورمەتگرتنی ئینسانی کوردبێت، نەک لەسەر بنەمای بەکوشتدانی ئینسانی کورد لەسەر شوێنێک، کە بە عەقڵ نەگەڕاوەتەوەو بیانەوێت بەخوێن بیگەڕێننەوە، تاکو بیکەنە موڵکی نوخبەیەکی حیزبیی، رۆحی زیندووش ئەوکاتە دروست دەبێت ئەم گوتارە سیاسییە لە بەرژەوەندیی نوخبەیەکەوە ببێتە بەرژەوەندیی گشتیی، دژبوونی ئێمە لەم گوتارە لە بیماریمانەوەیە بۆ ئینسانی کورد، نەک لە نا ئومێدیمانەوە بۆ کورد، ئەوەی لەگەڵ دروستکردنی شەڕە بۆ کورد بەرلەوەی شەڕەکان دروست بکات با کوڕەکانی خۆی بنێرێت بۆ شەڕ، شەڕ ماڵی ئێمە دروست ناکات، دروستکردنی شەڕیش لای ئێمە مانای لەدەستدانی عەقڵی سیاسییە، بەبێ وەلاوەنانی ئەمجۆرە گوتارەی کە ئێستا لەناو سیاسییە حیزبییەکانی کوردا بوونی هەیە هەرگیز پێمان ناکرێت نەوەیەک دروست بکەین رۆحێکی زیندووی هەبێت، تا ئەو رۆحە گشتییەش لەناوماندا سەر هەڵنەداتو خۆشەویستی خۆی نما نەکات بۆ ژیانو خۆشگوزەرانیی نابینە دەوڵەت.

گوناهی شکست هێنانیشمان پەیوەندیی بە نەوەکانەوە نییە، پەیوەندی بەو گوتارە سەقەتەوە هەیە کە سەدەیەکە حیزبی کوردی لەسەری دەژیت، ئێستا کاتییەتی ئەو گوتارە هەڵبوەشێتەوە.

Nabaz.goran@yahoo.com

# ئایا گۆڕان ده‌توانێت فریای دهۆکیش بکه‌وێت؟

سه‌لمان ئه‌حمه‌د

له‌م ماوه‌یه‌دا له‌سه‌ردانێکمدا بۆ شاری دهۆک، کۆمه‌ڵێک جیاوازی‌و دیارده‌ی ده‌گمه‌نم به‌رچاو که‌وت که‌ ده‌توانین بڵێین له‌ شاره‌کانی تری کوردستاندا تا ئه‌و راده‌یه‌ به‌دی ناکرێن.

به‌ حوکمی ئه‌وه‌ی که‌ له‌ دوای راپه‌ڕینه‌وه‌ جیاواز له‌شاره‌کانی هه‌ولێرو سلێمانی جگه‌ له‌ پارتی، دهۆک نه‌که‌وتووه‌ته‌ ژێر رکێفی هیچ هێزێکی تره‌وه‌، هه‌ندێک تایبه‌تمه‌ندی جیاوازی تێدا به‌دیده‌کرێت، هۆکاره‌که‌شی ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ بۆ ئه‌وه‌ی که‌ پارتی ده‌یه‌وێت به‌هه‌ر جۆرێک بێت کونترۆڵی ئه‌و شاره‌ هه‌ر له‌ ژێر ده‌ستی خۆیدا بمێنێته‌وه‌.

چه‌ند دیارده‌یه‌ک هه‌ن که‌ له‌ شاری دهۆکدا به‌دیده‌کرێن، له‌وانه‌ش:

نه‌بوونی تروسکایی میدیای ئـازاده‌ له‌و شاره‌دا، فرۆشتنی گۆڤارو رۆژنامه‌کان له‌سه‌ر شۆسته‌و شه‌قامه‌کان‌و کتێبخانه‌کان زۆر به‌ که‌میی به‌دیده‌کرێن، ته‌نانه‌ت له‌کتێبخانه‌یه‌کدا ته‌نها دوو رۆژنامه‌ی وه‌رزشیم به‌رچاو که‌وت، به‌ڵام ئه‌گه‌ر به‌راوردێک بکه‌ین له‌گه‌ڵ شاری سلێمانیدا ده‌بینین، هاوشێوه‌ی شارێکی گه‌وره‌ی وه‌ک تاران سه‌ر شۆسته‌و شه‌قه‌مه‌کان پڕن له‌ کتێب‌و رۆژنامه‌و گۆڤار، ته‌نانه‌ت له‌ قه‌زاکانیش بۆ نموونه‌ له‌ قه‌زای رانیه‌ جگه‌ له‌ کتێبخانه‌کان چه‌ندین کۆشکی رۆژنامه‌فرۆشی هه‌ن، به‌ڵام له‌ دهۆک بوونیان نییه‌.

پارتی چه‌ندین رێگای گرتووه‌ته‌به‌ر بۆ ئه‌وه‌ی رۆژنامه‌نووسه‌کان‌و خه‌ڵکیش بێئاگابکات له‌به‌رامبه‌ر گه‌نده‌ڵی‌و یاساشکێنییه‌کانی که‌ به‌ رێژه‌یه‌کی به‌رچاو بوونیان هه‌یه‌ له‌و شاره‌دا، له‌ به‌رامبه‌ریشدا بۆ ئاگاداربوون له‌ جموجۆڵ‌و به‌هێزبوونی یه‌کێتیی نیشتمانی‌و یه‌کگرتووی ئیسلامیی له‌ رابردووداو گۆڕان له‌ ئێستادا. هۆکاری بوونی حه‌وت بازگه‌ له‌ هه‌ولێره‌وه‌ تا دهۆک چییه‌؟ یان هۆکاری سووتاندنی گۆڤارێکی سه‌ربه‌خۆی وه‌ک لڤین له‌ زاخۆ چییه‌؟

دیارده‌یه‌کی تر، هه‌ڵواسینی وێنه‌کانی بنه‌ماڵه‌ی بارزانییه‌ که‌ به‌ رێژه‌یه‌کی زۆر له‌ هه‌موو داموده‌زگاکانی حکومه‌تدا، یه‌کێکی تر له‌ نیشانه‌کانی خۆسه‌پاندنی بنه‌ماڵه‌یه‌، ئه‌گه‌ر نا شوێنێکی وه‌ک دادگا که‌ پێویسته‌ وه‌ک بۆ خۆشیان ده‌ڵێن سه‌ربه‌خۆو سه‌روه‌ر بێت، هه‌ڵواسینی وێنه‌ی بۆ چییه‌، کاتێک به‌پێی راپۆرتێکی ژماره‌ (١٣)ی گۆڤاری کلیل که‌ له‌ (١٥)ی ئه‌یلولی (٢٠٠٩)دا ده‌رچووه‌، ئاماژه‌ به‌وه‌ ده‌کات «ته‌نها له‌ناو دادگای هه‌ولێردا چلوهه‌شت وێنه‌ی بنه‌ماڵه‌ی بارزانی هه‌ڵواسراوه‌»، ده‌بێت له‌ دهـۆک چه‌ند بێت که‌ ته‌نها ئـه‌وه‌ ماوه‌ وێنه‌کانیان له‌کتێبه‌کانی وه‌زاره‌تی په‌روه‌رده‌ بدرێت‌و منداڵه‌کانیش به‌قه‌ڵه‌مه‌کانی خۆیان جوانکارییان بۆ بکه‌ن، به‌ڵام سه‌یر ئه‌وه‌یه‌ که‌ له‌ بادینان وێنه‌یه‌کی سه‌رکرده‌کانی یه‌کێتیم به‌ مام جه‌لالیشه‌وه‌ به‌رچاو نه‌که‌وت، ئه‌ی ئه‌وان ناڵێن ئێمه‌ هاوپه‌یمانی یه‌کترین‌و پێویستمان به‌ یه‌کریزییه‌و سامانی مادیی‌و مه‌عنه‌ویی ئه‌م وڵاته‌یان وه‌کـو برا له‌نێوان خۆیاندا دابه‌شکردووه‌، به‌س له‌ ره‌سم هه‌ڵواسیندا پارتی له‌ بادینان یه‌کێتی بێبه‌شکردووه‌.

له‌ لایه‌نی خزمه‌تگوزاریشه‌وه‌ ئه‌و شاره‌ به‌ڕاده‌یه‌ک فه‌رامۆشکراوه‌ که‌ ئه‌گه‌ر یه‌کێک چه‌ند ساڵێک به‌ر له‌ ئێستا سه‌ردانی ئه‌و شـاره‌ی کردبێت گۆڕانکارییه‌کی ئه‌وتۆی نایه‌ته‌ به‌رچاو له‌گه‌ڵ ئێستادا، گریمان شاری سلێمانی له‌ژێر ده‌سه‌ڵاتی یه‌کێتیدا بووه‌و وه‌ک خۆشیان ده‌ڵێن هۆکاره‌که‌ی پارێزگاربووه‌ که‌ سلێمانی له‌دواوه‌یه‌و هه‌لێریش به‌هۆی پارێزگاره‌وه‌ له‌پێشه‌وه‌یه‌، به‌ڵام دهۆکیش به‌هه‌مان شێوه‌ی هه‌ولێر له‌ژێر ده‌ستی پارتیدایه‌، بۆچی پارێزگارێکی هاوشێوه‌ی پارێزگاری هه‌ولێری بۆ دهۆکیش دانه‌ناوه‌و شه‌وانه‌ش له‌ چه‌ندین که‌ناڵی ته‌له‌فزیۆنه‌وه‌ ئینته‌رڤیوکانی جه‌نابی پارێزگاریان بۆ په‌خش بکردینایه‌و چه‌ندباره‌یان بکردنایه‌ته‌وه‌.

فه‌رامۆشکردنی خوێندکاران به‌تایبه‌ت خوێنکارانی به‌شه‌ناوخۆییه‌کان، یه‌کێکه‌ لـه‌و به‌ڵگانه‌ی که‌حکومه‌ت ئـه‌و شـاره‌ی فه‌رامۆشککردووه‌و به‌ جۆرێک له‌ سه‌عات (١٢)ی نـیـوه‌ڕۆی هـاویـنـداو له‌خوولی دووه‌مـــدا، خوێندکاره‌کان به‌بێ کاره‌با وانه‌کانیان ده‌خوێنده‌وه‌، ئه‌وان به‌جۆرێک ناڕازیی‌و بێزاربوون به‌رامبه‌ر به‌ نه‌بوونی خزمه‌تگوزاریی‌و ده‌ستێوه‌ردانی حیزب له‌ زانکۆکاندا که‌ توانای کۆکردنه‌وه‌ی زبڵ‌و خاشاکی به‌شه‌ ناوخۆییه‌که‌یان نه‌بوو، به‌داخه‌وه‌ هه‌ر له‌ په‌نجه‌ره‌کانه‌وه‌ فڕێیان ده‌دایه‌ خواره‌وه‌و له‌ هه‌مان ناوچه‌شدا که‌ پێی ده‌وترێت ماڵتی، به‌شه‌ناوخۆییه‌کی پێنج نهۆمی که‌ ده‌که‌وێته‌ به‌رانبه‌ر کۆلێژی ئادابه‌وه‌و له‌ (٢٠٠٥/٨/٩) مۆڵه‌تی دروستکردنی دراوه‌ له‌لایه‌ن کۆمپانیای باوه‌ڕه‌وه‌ به‌ماوه‌ی سێ سه‌دو پێنج رۆژ، به‌ڵام هێشتا به‌نیوه‌ ناچڵی ماوه‌ته‌وه‌و له‌ (٢٠٠٧)ه‌وه‌ که‌ من بینیم، هه‌ر ئاوا ماوه‌ته‌وه‌و تائێستا کاری تێدا نه‌کراوه‌.

به‌ڵگه‌ش بـۆ ده‌ستـێـوه‌ردانـی حیزب له‌زانکۆی دهۆک راپۆرتێکی رۆژنامه‌نووسی ئه‌مریکی مایکڵ رۆبنه‌ که‌ له‌ سه‌ر ره‌وشی سیاسیی هه‌رێمی کوردستانی نووسیوه‌ که‌ ده‌ڵێت «کاتێک وه‌فدێکی بیانی سه‌ردانی زانکۆی دهۆک ده‌که‌ن، پارتی چاودێری له‌سه‌ر کۆمپیوته‌ره‌کان دانابوو». به‌ڵگه‌یه‌کی تریش، کاتێک له‌ ٢٠٠٧دا سه‌ردانی لقی قوتابییانی پارتیم کرد له‌ دهۆک، له‌و کاته‌دا کۆمه‌ڵێک قوتابی هاتن به‌مه‌به‌ستی وه‌رگرتنی به‌شی ناوخۆیی، کارمه‌ندانی ئه‌وێ پرسیاریان له‌ هه‌موو خوێندکاره‌کان ده‌کرد که‌ سه‌ر به‌ چ لایه‌نێکی سیاسین‌و به‌ تێبینیی ده‌یاننووسی.

ئه‌گه‌ر یه‌کێک سه‌ردانی دهۆک بکات له‌ رێگاو له‌ناو چێشتخانه‌کانی سه‌ر رێگای هه‌ولێر بۆ دهۆک چه‌ندین که‌سی به‌رچاو ده‌که‌وێت که‌ له‌ هه‌نده‌رانه‌وه‌ گه‌ڕاونه‌ته‌وه‌ بۆ کوردستان‌و ده‌یانه‌وێت به‌ سه‌یاره‌ بڕۆن بۆ تورکیاو له‌ رێگای فڕۆکه‌خانه‌کانی تورکیاوه‌ بگه‌ڕێنه‌وه‌ بۆ ده‌ره‌وه‌، له‌ کاتێکدا دوو فڕۆکه‌خانه‌ هه‌ن له‌ هه‌رێمی کوردستان، به‌ڵام نرخی گواستنه‌وه‌یان زۆر گرانه‌، هه‌رچه‌نده‌ ئه‌و بڕه‌ پاره‌ زیاتره‌ی که‌ وه‌رده‌گیرێت له‌ چاو دووری رێگاکه‌ نییه‌و زۆر زیاتره‌، بۆیه‌ له‌ خزمه‌تگوزاری ئه‌م فڕۆکه‌خانانه‌ بێبه‌شن.


تائێستا ده‌سه‌ڵاتی کـوردی نه‌یتوانیوه‌ کارێکی وا بکات که‌ ئێمه‌ش وه‌ک خه‌ڵکی بیانی‌و کرێکارانی کۆمپانیاکان، کاتێک سه‌ردانی وڵاتێکی تر ده‌کـه‌ن هه‌تا به‌رهه‌می وڵاتی خۆیان هه‌بێت ئه‌گه‌ریش که‌مێک گرانتر بێت به‌هۆی خه‌رجی گواستنه‌وه‌وه‌ له‌ به‌رهه‌می ناوخۆی ئه‌و وڵاته‌ی سه‌ردانیانکردووه‌، هه‌ر هی خۆیان ده‌کڕن.

ده‌سه‌ڵات تاکه‌ی به‌چاوێکی دوژمنکارانه‌وه‌ له‌ هاونیشتمانیبانی خۆی ده‌ڕوانێت، به‌ تایبه‌ت ئه‌وانه‌ی بیروڕایان جیاوازه‌، بۆ هه‌وڵنادات بۆ نه‌هێشتنی ئه‌وجیاوازییه‌ زۆرانه‌ی که‌ خۆی له‌ نێوان چینه‌کانی کۆمه‌ڵگه‌دا دروستی کردوون، به‌ جۆرێک که‌ خێزانی وا هه‌یه‌ له‌ (١٠)سه‌ر خێزان هیچیان مووچه‌یان نییه‌و دانه‌مه‌زراون له‌ داموده‌زگاکانی حکومه‌تدا، به‌پێچه‌وانه‌شه‌وه‌ خێزانی وا هه‌یه‌ ئه‌گه‌ر ته‌واوی خێزانه‌که‌ش مووچه‌خۆر نه‌بن، ئه‌وا زۆرینه‌ی ئه‌ندامانیان مووچه‌خۆرن، ئـه‌وه‌ ئه‌گه‌ر گله‌یی ده‌وام نه‌کردن‌و ته‌مه‌ن بچوکیشیان لێ نه‌که‌ین که‌ هه‌ندێکیان له‌ خوار ته‌مه‌نی (١٨) ساڵییه‌وه‌ن‌و به‌ ناسنامه‌ی ساخته‌و گـه‌وره‌کـراوه‌وه‌ دامه‌زراون.

له‌ کۆتاییدا به‌ ئومێدی ئه‌وه‌ی ئێمه‌ش وه‌ک خه‌ڵکی ئه‌مریکا، ئه‌وه‌مان ببێته‌ دروشم که‌ ده‌ڵێن «بوونی هه‌ڵبژاردنی (ئیختیاریی) زۆر به‌شێکه‌ له‌ ئازادیی».

**نه‌بوونی میدیای ئازاد له‌ دهۆک یه‌کێکه‌ له‌ گرفته‌ سه‌ره‌کییه‌کانی پارێزگاکه‌**

# هه‌ڵبژاردنی په‌رله‌مانی عێراق‌و شێوازی به‌شداریکردنی کورد



شوان ره‌ئوف

مانگی كانونی دووه‌می داهاتوو، یه‌كێك له‌ رووداوه‌ گرنگه‌كانی ده‌وڵه‌تی عێراق رووده‌دات‌و كوردیش وه‌ك نه‌ته‌وه‌یه‌كی زیندوو له‌و ده‌وڵه‌ته‌دا پشكی به‌شداریی‌و كاریگه‌ریی له‌سه‌ر هاوكێشه‌ سیاسی‌و ئابوورییه‌كانی داهاتووی عێراقدا هه‌یه‌و دیاریكردنی نه‌خشه‌ی سیاسیی داهاتووی عێراق بۆ ماوه‌ی (٤)ساڵی دیكه‌ به‌ستراوه‌ته‌وه‌ به‌و هه‌ڵبژاردنه‌وه‌. ئه‌وه‌ی جێی مشتومڕی زۆربه‌ی لایه‌نه‌ سیاسی‌و ناوه‌نده‌كانی راگه‌یاندن‌و ده‌سه‌ڵات‌و كه‌م تا زۆریش تاكی كوردییه‌، چۆنێتیی به‌شداریكردنی لایه‌نی كوردییه‌ له‌م هه‌ڵبژاردنه‌دا. لێره‌دا ده‌مه‌وێت به‌ده‌ر له‌ هه‌ستی راسیستی خوێندنه‌وه‌یه‌ك بۆ جۆری ئه‌و به‌شداریكردنه‌ بكه‌م‌و ده‌رئه‌نجامه‌ چاوه‌ڕوانكراوه‌كان شیبكه‌مه‌وه‌.

### هه‌ڵبژاردن‌و یه‌كلیستیی

هه‌ڵبژاردن واته‌ دیاریكردنی چاره‌سه‌رێك له‌نێو كۆمه‌ڵێكدا یاخود هه‌ڵبژاردنی شتێك له‌ ناو كۆمه‌ڵێكدا، كه‌واته‌ له‌ مانای وشه‌ی (هه‌ڵبژاردن)ه‌وه‌ بۆمان ده‌رده‌كه‌وێت كه‌ یه‌كه‌م وێنه‌ی دێته‌ پێشچاومان هه‌بوونی كۆمه‌ڵێك لیسته‌ له‌ پرۆسه‌ی هه‌ڵبژاردنی سیاسیدا. كه‌واته‌ بوونی یه‌ك لیست زیاتر له‌ پرۆسه‌ی به‌یعه‌تكردن ده‌چێت نه‌ك هه‌ڵبژاردن، ئه‌گه‌ر وه‌ڵامی ئه‌مه‌ش ئه‌وه‌بێت كه‌ چڕیی دانیشتوانی كورد كه‌متره‌و پێویستیمان به‌ یه‌كهه‌ڵوێستییه‌و ناكاته‌ ئه‌وه‌ی یه‌ك لیست بێت، به‌ڵكو ده‌توانرێت به‌ هه‌ندێك لیستی جیاوازو به‌ هه‌مان هه‌ڵوێستیش سه‌یری پـرۆژه‌ی نه‌ته‌وه‌یی بكرێت ئـه‌وه‌ لایه‌كی هاوكێشه‌كه‌و دیوه‌كه‌ی تری هاوكێشه‌كه‌ كاتێك كه‌ ئه‌وانه‌ی داوای یه‌كلیستیی ده‌كه‌ن با بێن سه‌لماندنێكی زانستی بكه‌ن، نه‌ك به‌ جوڵاندنی دروشمی نه‌ته‌وه‌یی‌و بێڕێزیكردن به‌ بیروڕای جیاواز. لایه‌نێكی تریش ئه‌گه‌ر دێن‌و ده‌تانه‌وێت وه‌ك كورد مامه‌ڵه‌ی هه‌ڵبژارنی عێراق بكه‌ین، ئه‌وا سه‌رله‌به‌ری پرۆسه‌كه‌ ده‌خه‌ینه‌ ژێر پرسیاره‌وه‌و ده‌ڵێین، ئه‌گه‌ر كوردین، بۆچی بۆ پرسی سیاسیی عێراقی كوردین‌و بۆ پرسی ناوخۆیی وه‌ك خائین‌و به‌كرێگیراوی ئه‌ملاولا ئه‌ژمار ده‌كرێین.

### هه‌ڵبژاردن‌و ناسیۆنالیستی

مه‌سه‌له‌ی نه‌ته‌وه‌و ناسیۆنالیستبوون هه‌رگیز له‌ وڵاتێكی فره‌كلتوورو فره‌نه‌ته‌وه‌و فره‌ئاییندا نه‌ك هه‌ر ناگونجێت، به‌ڵكو له‌گه‌ڵ بنه‌ماكانی دیموكراتیشدا یه‌ك ناگرێته‌وه‌، چونكه‌ ده‌بێت هاوڵاتییانی ئه‌و وڵاته‌ وه‌ك تاكێكی هه‌ڵگری ناسنامه‌ی ئه‌و وڵاته‌ سه‌یری خۆیان بكه‌ن‌و ده‌زگاكانیشی وه‌ك هاوڵاتی سه‌یریان بكات، نه‌ك له‌سه‌ر بنه‌مای جیاوازیی ئایین‌و نه‌ته‌وه‌و...هتد، چونكه‌ ئه‌گه‌ر له‌سه‌ر ئه‌و بنه‌مایانه‌ مامه‌ڵه‌كرا ئه‌وه‌ ئه‌و ده‌وڵه‌ته‌ به‌ره‌و هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ ده‌چێت‌و تاكه‌كانیشی زه‌رمه‌ندی گه‌وره‌ ده‌بن (ئه‌مه‌ له‌ كاتێكدا كه‌ سه‌ركرده‌ی گروپ‌و لایه‌نه‌كانی ناو ئه‌و ده‌وڵه‌ته‌ ئیدیعای به‌ موڵكی بوونی ئه‌و ده‌وڵه‌ته‌ ده‌كه‌ن — وه‌ك ئێستای عێراق) كه‌ هه‌موو سه‌ركرده‌كانی ئیدیعای عێراقیبوون ده‌كه‌ن‌و دواتریش هه‌ر یه‌كێكان له‌ ناوچه‌كانی خۆیان دێن‌و مه‌سه‌له‌ی نه‌ته‌وه‌و مه‌زهه‌ب ده‌فرۆشنه‌وه‌ بۆ چنینه‌وه‌ی ده‌نگه‌كان‌و چوونه‌ سه‌ر كورسیی ده‌سه‌ڵات. ده‌بێت ئه‌وه‌ بڵێین (ناشێت له‌به‌ر ئه‌وه‌ی لیستی «س» سه‌ر به‌ نه‌ته‌وه‌ی خۆمان نییه‌ ده‌نگی پێ نه‌ده‌ین له‌هه‌مانكاتدا كه‌ لیستێكی خزمه‌تگوزاره‌، بـه‌ڵام لیستی «ص» له‌به‌رئه‌وه‌ی سـه‌ر به‌ مه‌زهه‌بی خۆمانه‌ ده‌نگی پێده‌ده‌ین، ئه‌گه‌ر لیستێكی گه‌نده‌ڵیش بێت)، ئه‌مه‌ بۆچوونێكی هه‌ڵه‌ی راسیستیانه‌یه‌و سیاسییه‌كان ته‌نها بۆ پاراستنی به‌رژه‌وه‌ندیی ته‌سكی خۆیان په‌یڕه‌وی ده‌كه‌ن.

### به‌شداریی كورد وه‌ك كۆمه‌ڵێك لیست‌و هه‌بوونی دیموكراسییه‌ت

ئه‌گه‌ر كورد وه‌ك تاكێكی ئه‌م كۆمه‌ڵگه‌یه‌ بیربكاته‌وه‌، ده‌بێت ئاسایی بێت له‌لای كه‌ چه‌ند لیست یان كیانی هه‌بێت بۆ ئه‌وه‌ی بتوانێت نوێنه‌ری خۆی بنێرێته‌ په‌رله‌مانی عێراق، به‌رمه‌بنای ئـه‌وه‌ی كارێكی نالۆجیكی‌و نا عه‌قڵانی زیاد له‌ (٤)ملیۆن هاوڵاتی كورد به‌یه‌ك لیست‌و به‌یه‌ك نوێنه‌رایه‌تی به‌شداری بكه‌ن له‌ په‌رله‌مانی عێراقیدا، ده‌شێت له‌مه‌ڕ مه‌سه‌له‌ نه‌ته‌وه‌ییه‌كان‌و هه‌ندێك هه‌ڵوێست كه‌ په‌یوه‌ندی راسته‌وخۆی به‌ ئاسایشی نه‌ته‌وه‌ییه‌وه‌ هه‌یه‌، یه‌ك هه‌ڵوێست هه‌بێت‌و به‌رگریشی لێبكرێت، به‌ڵام ئه‌مه‌ ناكاته‌ ئه‌وه‌ی له‌هه‌موو بواره‌كاندا هه‌مان شێواز په‌یڕه‌و بكرێت. دیوێكی تری دیموكراسییه‌ت شێوازی به‌ڕێوه‌بردنه‌، ئه‌گه‌ر كورد به‌یه‌ك لیست به‌شداری بكات، ئه‌وا راسته‌ ده‌بێته‌ هێزێكی كاریگه‌رو دووریش نییه‌ وه‌ك هه‌ڵبژاردنی پێشوو ببێته‌وه‌ هێزی دووه‌م، به‌ڵام ئه‌مه‌ دیسانه‌وه‌ ده‌بێت كار به‌ شێوازی ته‌وافوقی بكرێت كه‌ ئه‌مه‌ش له‌ بنه‌ماكانی دیموكراسییه‌وه‌ دووره‌و (ئه‌گه‌ر هاوپه‌یمانێتی بێت ده‌شێت بگونجێت)، به‌ڵام ده‌وڵه‌تێك كه‌ سیستمی دیموكراسی شێوازی به‌ڕێوه‌بردنی بێت‌و بێت هه‌موو لایه‌نه‌ به‌شداره‌كانی هه‌ڵبژاردن به‌شداریی پێبكات له‌ به‌ڕێوه‌بردندا، چونكه‌ ئه‌مه‌ مانای هه‌ڵبژاردن به‌تاڵ ده‌كاته‌وه‌و ناتوانرێت لیستی كاراو ناكارو ئۆپۆزسیۆن جودا بكرێته‌وه‌و هه‌موو به‌رپرسیارێتییه‌كان ده‌كه‌وێته‌ ئه‌ستۆی هه‌موو نـه‌ك لیستی براوه‌و خاوه‌ن كورسیی ده‌سه‌ڵات، هه‌روه‌ها رێگریش ده‌بێت بۆ دروستبوونی ئۆپۆزسیونی جدیی كه‌ سه‌ره‌كیترین هێزی دروستبوونی دیموكراسییه‌كی كـاراو شیاوه‌، نه‌ك ته‌نها دروشمی دیموكراسییه‌ت.

### ئاسایشی نه‌ته‌وه‌یی كورد و هه‌ڵبژاردنی عێراق

ئـه‌گـه‌ر كـورد وه‌ك نـه‌تـه‌وه‌یـه‌ك له‌ چوارچێوه‌ی عێراقدا مایه‌وه‌و بـووه‌وه‌ به‌ به‌شێك له‌و ده‌وڵه‌ته‌، كه‌واته‌ ده‌بێت وه‌ك تاكێك له‌و ده‌وڵه‌ته‌ مامه‌ڵه‌ بكات نه‌ك وه‌ك نه‌ته‌وه‌یه‌كی جیاواز، چونكه‌ ده‌بێته‌ هۆی به‌رزبوونه‌وه‌ی رێژه‌ی دووركه‌وتنه‌وه‌ی لایه‌نه‌كان له‌ یه‌كترو رمانی په‌یوه‌ندی هاوڵاتییان‌و ئه‌ژماركردنی هاوڵاتییانی نه‌ته‌وه‌یه‌ك وه‌ك پله‌یه‌ك‌و نه‌ته‌وه‌كانی تر وه‌ك پله‌ دوو كه‌ ئه‌مه‌ش ده‌بێته‌ هۆی دووباره‌كردنه‌وه‌ی ئه‌و شێوازی چه‌وساندنه‌وه‌یه‌ی كه‌ له‌ سه‌رده‌می ده‌سه‌ڵاتی پێشوودا هه‌بووه‌، بۆ خۆدوورخستنه‌وه‌ له‌م شێوازه‌، باشتره‌ كورده‌كان له‌گه‌ڵ لیستی جیاوازی كوردیدا كه‌ بڕوایان به‌ دیموكراسی‌و كـرانـه‌وه‌و مافی تـاك هه‌یه‌و دوورن له‌ راسیسزم‌و خودپه‌رستی كه‌م تا زۆر كه‌سانی ئه‌رستۆكراتن، هاوپه‌یمانی بكه‌ن نه‌ك له‌گه‌ڵ یه‌كدا، چونكه‌ هه‌ندێك مافی تاك- هاوڵاتیبوون هه‌یه‌، دوور نییه‌ وه‌ك مافی نه‌ته‌وه‌ بخرێته‌ پێشچاوی خـه‌ڵـكو رایانكێشن بـۆی كه‌ ده‌شێت وه‌ك مافی هاوڵاتیبوون بۆ هه‌موو لایه‌ك ده‌سته‌به‌ر بكرێت‌و هاوڵاتیی كوردیش سوودمه‌ند بێت لێی‌و هه‌وڵیشی بۆ بدات له‌گه‌ڵ ئه‌و لایه‌نانه‌ی تر كه‌ بڕوایان هه‌یه‌ به‌ هه‌مان بیروبۆچوون‌و هه‌وڵده‌ده‌ن تا كۆمه‌ڵگه‌یه‌كی یه‌كسان دروست بكه‌ن بۆ هه‌موو لایه‌ك.


### به‌رژه‌وه‌ندیی ئابووریی

ئه‌گه‌ر هه‌ندێك لایه‌ن دێن‌و ده‌ڵێن بۆ كه‌م نه‌كردنه‌وه‌ی بودجه‌و هێشتنه‌وه‌ی رێژه‌ی دیاریكراو پێویسته‌ به‌هه‌مان شێوازی پێشوو به‌شداریی بكه‌ین كه‌ ئه‌مه‌ش بیانوویه‌كی تـری ئـه‌و لایه‌نانه‌یه‌، چونكه‌ هاوڵاتییانی كـورد كه‌مترین رێژه‌شیان لـه‌و بـڕه‌ نه‌ك وه‌رنه‌گرتووه‌، به‌ڵكو ناشزانن به‌ چ شێوازێك‌و چۆن ئه‌و پاره‌یه‌ ده‌گاته‌ هه‌رێم‌و خه‌رجده‌كرێت كه‌ پێویسته‌ ئاگاداری بن‌و مافیشیمانه‌ بزانین چه‌ند بڕه‌پاره‌ بۆ هه‌ر پرۆژه‌یه‌ك‌و لایه‌نێك‌و پارتێك خه‌رج ده‌كرێت‌و ئه‌و كۆمپانیایانه‌ش كه‌ كـاره‌كـه‌ جێبه‌جێده‌كه‌ن، كێن‌و چۆن كاره‌كه‌ ده‌كـه‌ن؟ نه‌ك ژێربه‌ژێرو له‌سه‌ر بنه‌مای (مه‌حسوبییه‌ت‌و ئه‌وله‌ویه‌تی كۆمپانیا حیزبییه‌كان) كاره‌كان ئه‌نجامبدرێن. كه‌واته‌ ده‌توانین لێره‌وه‌ بڵێین كورد باشتره‌ به‌ لیستی جیاوازبه‌شداربێت نه‌ك به‌ یه‌ك لیست، بۆئه‌وه‌ی هه‌ڵه‌كان چاره‌سه‌ر بكرێن‌و كێشه‌كان وه‌ك خۆیان به‌ هه‌ڵپه‌سێردراوی نه‌مێننه‌وه‌و نه‌بینه‌ به‌شێك له‌ پرۆژه‌ی چه‌ند كه‌سانێك كه‌ به‌ناوی پرۆژه‌ی نه‌ته‌وه‌ییه‌وه‌ به‌ هاوڵاتییانی كورد ده‌فرۆشرێته‌وه‌، به‌ دیوێكی تریشدا ده‌توانین بڵێین بۆ وه‌دیهێنانی دیموكراسییه‌تێكی پڕمانا نه‌ك ته‌نها گوتار، به‌ڵكو ره‌فتاریش، پێویسته‌ بتوانین به‌ جیاوازیی بیروڕاوه‌ كاربكه‌ین‌و ئه‌م مۆدێله‌ش بگوازینه‌وه‌ بۆ ناو عێراق نه‌ك چاو له‌ پرۆژه‌ نه‌ته‌وه‌ییه‌ به‌سه‌رچووه‌كانی هه‌ندێك لایه‌نی(متعصب) بكه‌ین‌و بگه‌ڕێینه‌وه‌ به‌ره‌و دواوه‌.

**ئه‌گه‌ر هه‌ندێك لایه‌ن دێن‌و ده‌ڵێن بۆ كه‌م نه‌كردنه‌وه‌ی بودجه‌و هێشتنه‌وه‌ی رێژه‌ی دیاریكراو پێویسته‌ به‌هه‌مان شێوازی پێشوو به‌شداریی بكه‌ین كه‌ ئه‌مه‌ش بیانوویه‌كی تری ئه‌و لایه‌نانه‌یه‌، چونكه‌ هاوڵاتییانی كورد كه‌مترین رێژه‌شیان له‌و بڕه‌ نه‌ك وه‌رنه‌گرتووه‌، به‌ڵكو ناشزانن به‌ چ شێوازێك‌و چۆن ئه‌و پاره‌یه‌ ده‌گاته‌ هه‌رێم‌و خه‌رجده‌كرێت كه‌ پێویسته‌ ئاگاداری بن**

# بۆ سایکۆلۆژیەتی کۆمەڵایەتی سلێمانی دژی یەکێتی وەستا؟

## وەڵامێک بۆ م. عەتا قەرەداغیو کاک ئازاد جوندیانی



ئاواتی شێخ جەناب

(١-٢)

هـەرکـەسـێـک بـیـەوێـت لە تایبەتمەندییەکانی خەڵکی سلێمانی، یان لە سایکۆلۆژییەتە کۆمەڵایەتییەکەی تێبگات، بۆ ئەوەی ناشارەزا حوکمی سەرپێی بەسەردا نەسەپێنێ، پێویستە بگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دروستبوونی ناوکی کۆمەڵگەی سلێمانی، کە میرەکانی بابانو بابانییەکان بوونو ئینجا بـەدوای ئەو فاکتەرانەدا بگەڕێ، کە کەسایەتییەکی جیاوازتری بۆ ئەم شارە دروستکردووە، کە لە شارەکانی دیکەی جیا دەکاتەوە، چونکە مەرج نییە لە دروستبوونی هـەمـوو شـارێـکـدا هـەمـان فاکتەرو هۆکار ئامادەبێت، واتە دروستبوونیان مەرج نییە لەسەر یەک ڕێسابێو لە یەک بچێت.

### پێکهاتەی کۆمەڵایەتی بابانییەکان:

وشـەی بـابـان یەکەمجار هەروەک لە کتێبی میرایەتی بابانی نەوشیروان مستەفادا هاتووە «وشەی بابان لە سەدەی دەیەمی کۆچییەوە هەم وەکو نـاوی ئێل بۆ هەندێ لەو تیرەو هۆزانەی لە ناوچەکانی نێوان زێی بچووکو ڕووبـاری سیروان دا دەژیـانو هەم وەکو ناوی شوێن بۆ هەندێ لـەو شوێنانەی کەوتبووە ئەم ناوچەیەوە وەکو پشدەر، مەرگە، سـورداش، سەرچنار، شارباژێڕ، شـارەزوور، قـەرەداغ بەکار هێنراوە»و شەرەفخانیش لەسەر پێکهاتەی بابانییەکان دەڵێت: «حاکمانی بابان لەناو حاکمەکانی کوردستاندا بە زۆری خێڵو هۆزو فرەیی لایەنگرو نۆکەر ناوبانگی تەواویان هەبوو» لەمەوە بۆمان دەردەکـەوێـت بابانییەکان وەک «کۆنفدراسیۆنێکی عەشایەر» لە مێژوودا دەرکەوتوون، نەک وەک تیرە یان هۆزێکی جودای گۆشەگیرو ئەگەر بێین لـەڕووی ڕەچەڵەکو ڕیشەوە سەیری میرەکانی بابانیش بکەین دەبینین لە یەک بنەچەوە نەهاتوونو لە مـاوەی ئەو (٣٠٠ - ٣٥٠) ساڵەی دەسەڵاتدا بوون پێنج بنەماڵە حکومیان کـردووە، یەکەمیان بەهۆی وەجاخکوێرییەوە، کوێربووەتەوەو لە دوایان هەروەک شەرەفخان دەڵـێـت: «حکومەتی ئەو بنەماڵەیە کەوتووەتە دەست نۆکەرەکانیان»و ئەوانی دیکەیشیان بەڕای هەندێک سەرچاوە بۆ بابانی موکریو سلێمانی دابەش دەبنو هەندێکیش پێیانوایە کرمانجن.

ئەم کۆنفدراسیۆنی عەشایەری بابانە، کە لەو ناوچانەوە هاتوون، بابانیان پێ وتراوە واتە «پشدەر، مـەرگـە، سـورداش، سەرچنار، شارباژێڕ، شارەزوور، قەرەداغ» لـەسـەر بـڕیـارو دەسـتی برایم پاشای بابان لە قەڵاچوالانەوە گواستوویەتەوەو لە ساڵی (١٧٨٤) شاری سلێمانیان دروست کردووەو تیایدا نیشتەجێ بوون.

واتـە ئەم پێکهاتەیە بوو بە هەوێنی دروستکردنی کۆمەڵگەی پایەتەختی بابان واتە کۆمەڵگەیەک لە چەندین تیرەو خێڵو هۆز کە لە چەندین نـاوچـەوە هاتوون، دەبێت ئەوەشمان لەیاد نەچێت، کە هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی شارەکە برایم پاشا بەبێ جیاوازی داوای لە ناوچەکانی دەورو پشتو گوندەکانیش کرد بێن لە سلێمانی نیشتەجێ بنو هەر زوو خەڵکێکی زۆری ئەو ناوچانەی کە لە ژیانی لادێ وەڕس ببوون هاتنو دەستیان کرد بە خانوو دروستکردن، بێجگە لەم خەڵکە مێژوونووس مستەر هارت دەڵێت:

«لە ساڵی (١٨٢٠) لە سلێمانی دا جولەکەو کلدانو ئەرمەنی» هـەبـووەو مێجەرسۆنیش چەند مانگێک دواتـر باسی «جولەکەو گاورو تورکمان» دەکات، کە لەوێ نیشتەجێ بـوونو هـەروەهـا م. جەعفەر لە کتێبی شاری سلێمانیدا دەڵێت: ئەو سەردەمە «جولەکە، عیسایی، فارس، عەرەب، ئازەریی هەبوونو ئەم تێکەڵە کۆمەڵایەتییە ئاوێتەی گوندی مەڵکەندی بووە، کە ڕای جیاوازیش لەسەر بنچینەی ئەم دێیە هەبووە، کە هەندێکیان بۆ (مەلیک هیندی) دەگێڕنەوە.

خـۆ ئـەگـەر چـاوێـکیـش بە کتێبی بنەماڵەکانی سلێمانی دا بخشێنینەوە چەندین بنەماڵەی سـنـەیـیو بـانـەیـیو سـەقـزیو کفریو موسڵاوییو هەولێرییو کەرکوکیو گورجستانیو ئازەرییو عەرەبو تورکمان... هتد، کە تیایدا نیشتەجێ بوون، ئەم تێکەڵەیە کە لە ئاراستەی جیاوازی ناوچەو خێڵو دینو مەزهەبو هەندێ نەتەوەوە هـاتـوونو هەڵگری خەسڵەتی ژیاریی جیاواز جیاواز بوون لە دەرئەنجامدا کۆمەڵگەی سلێمانی دروست کـردووە، کە پێش ساڵی (١٧٨٤) بوونی نەبووەو لەو ساڵەوە دەستی بە دروستبوون کردووە تـا گەیشتووەتە ئـەو ڕادەیـەی کۆمەڵگەیەکی کراوەی لێ دەربچێت، کە نەتەوەی جیاوازو دینی جیاوازو مەزهەبی جیاواز قبوڵ بکات، بە تێپەڕبوونی ڕۆژگاریش بەپێی یاساو بنەماکانی دروستبوونی شارەکان کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوو دروست بکات، کە هەموو پێکهاتەکانی بـە یـەکـەوە بـژیـنو پەیوەندی هاونیشتمانییو هاوشارییو هاوڵاتیبوون کۆیان بکاتەوە، نەک دەمارگیریی عـەشـایـەری، یان ناوچەگەریی یان مەزهەبیو هەر بۆیە هەرکەسێ هاتبێتە ئەم شارە بە ئاسانی توانیویەتی تیایدا بژیو بگونجێو جێی خۆی بکاتەوەو زوو ببێتە ئەندامی ئەو کۆمەڵگەیە.

### فاکتەری سیاسییو بازرگانیی:

هـــەروەک لـە وتـارەکـەی پێشوومدا..باسمکردبوو فراوانی قەڵەمڕەوی بابانەکان وای لێ کردبوون پەیوەندی بەردەوامیان هەبێ لەگەڵ دەوڵەتی سەفەویو عوسمانلیو ویلایەتی بەغداو ئەوانیش بەو قوڵاییە شارستانییەی هەیان بووە لەوکاتەدا کاریگەریی ڕۆشنبیریو ژیاریی پۆزەتیڤیان لــەســەر مـیـرەکـانو لـەڕێـی ئەوانیشەوەو لەڕێگەی ئاڵوگۆڕی بازرگانییەوە لەسەر کۆمەڵگەی کوردیش بەجێهێشتووەو مانەوەی برایم پاشا بۆ ماوەیەکی درێژ لە بەغدا بووە هۆی ئەوەی، کە لە هزری ئەودا ئەو بڕوایە بچێنێ، کە پێویستە کوردیش هەروەک فارسو تورکو عەرەب دەوڵەتو شاری گەورەی هەبێو هەرکە گـەڕایـەوەو دانرا بە میری بابان ئەو کارتێکردنەی کرد بە پراکتیکو بۆ یەکەمجار لە مێژووی باباندا شاری گەورەی (پایتەخت - سلێمانی) دروسـت کـردو بەهۆی ئـەو تێکەڵییەوە ئاستی هوشیاری نەتەوایەتی لای مـیـرەکـان پـەرەیـسـەنـدو دروستکردنی پایتەختو سوپاو فراوانکردنی قەڵەمڕەوو دەوڵەتی سـەربـەخـۆی لـێـکـەوتـەوەو گەشەسەندنی هوشیاری سیاسییو نەتەوەیی لەو سەردەمەدا تەنانەت کـاریـگـەریـی لـەسـەر هـەمـوو کۆمەڵگەی کــوردەواری بەجێ هێشتو کاریگەریی ڕاستەوخۆی کــردە ســەر شـاعـیـرانـی ئـەو سەردەمە «سێکوچکەی بابان»ی لە کۆتو پێوەندی شیعر وتنی فارسیو تورکی و عەرەبی خۆیان ڕزگارکردوو کارێکی کرد شاعیری گەورەی کورد شەرمی بشکێو بە کوردی بڵێ:

کـەس بە ئەلفازم نـەڵـێ خۆ کردیە، خۆ کوردییە

هەرکەسێ نـادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا ئەکا

واتـە بەرزبوونەوەی ئاستی هوشیاریی نەتەوایەتی بووە هۆی ئەوەی ئیتر عەیبە نەبێ بە کوردی شیعر وتنو لە عەرەبییەوە بگۆڕێ بە شانازیکردن.

### فاکتەری خوێندەواریو بەرزبوونەوەی ئاستی سیاسیی:

هەر لەگەڵ بنیاتنانی سلێمانیدا مزگەوتی سلێمانی دروستکراو کتێبخانە گەورەکەی قەڵاچوالانیشی بۆ گوێزرایەوە، کە نزیکەی شەش هەزار کتێبو دەستنووس بووەو (شێخ مارفی نودێی)، کە زانایەکی گـەورەی زەمانی خۆی بووە بۆ دەگوێزرێتەوەو دەست دەکرێت بـە وتـنـەوەی «علومی دیـن»و کرا بە خوێندنگەیەکی دینیو لە هەموو لایـەکـەوە فەقێ ڕووی تێ دەکـردو دواتریش خانەقای مـەولانـا خالیدی نەقشبەندی دامەزراو سلێمانی بووە مەڵبەندی سـەرەکـی هــەردوو تەریقەتی قادریو نەقشی، کە کاریگەرییان کوردستانی تێپەڕاندو لە هەموو نـەتـەوەو وڵاتـانـەوە دەروێـشو خەلیفەو سۆفی ڕوویان دەکردە سلێمانیو بە مانایەکی دیکە بەهۆی زۆری خانەقاو تەکییەو حوجرەو مەدرەسەی قادریو نەقشەبییەوە ژمارەی خوێندەوار لە سلێمانیو دەوروبـەریـدا زیـادی کـردووەو دواتر گۆڕانێکی چۆنایەتی گرنگ لە پرۆسەی خوێندندا ڕوویدا، کاتێک لە ساڵی (١٨٩٣) لەسەر دەستی سەعید پاشای خەندان قوتابخانەی ڕوشدییەی عەسکەری کرایەوە، کە یەکەم قوتابخانەی زانستی بوو، کە ئەوکاتە تەنیا لە ئەستانەو بەغداو سلێمانی دا هەبوو، کە جیاواز لە قوتابخانە دینییەکان «حسابو هەندەسەو... هتد» تیایدا دەخوێندراو سێ ساڵ درێژەی دەکێشاو پاشان دەنێردران بۆ بەغدا بۆ سێ ساڵی دیکەو دواقۆناغیش لە ئەستەمبوڵ سێ ساڵەکەی دیکەیان دەخوێندو هەرکەسێکیش پلەی بەرزی بهێنایە دەخـرایـە کولیەی ئـەرکـانـەوە، شایانی باسە (ئەمین زەکی بەگ)، کە دوای شەرەفخان بە باوکی مێژووی کورد دادەنرێ دەرچووی ئەم کولییەی ئەرکانە بوو.

جێی خۆیەتی بۆ دەرخستنی ڕادەی گرنگی ئـەم ڕوشدییەی عەسکەرییە باسی ئـەوە بکرێ، کە هەندێک لە دەرچوانی پلەی هەرەبەرزیان لە مەجلیسی ئەعیانو دەوڵەتی عوسمانیدا وەرگرتووە، هەروەک (فەرەج فەهمی کوردی سەید مەحمود) بووە بە وەزیری مالییەو (عەبدوڵڵا عەزیز لاوە) بووە بە پادشاو سەرۆکی ئەرکانی سوپای عوسمانلیو ڕۆڵی گرنگی ڕوشدییەی عەسکەری لەوەدا تەواو ئاشکرا دەبێت لە دەوروبەری ساڵی (١٩٢٠)دا لەناو شاری سلێمانی دا (٧٠٠) ئەفسەرو ڕووناکبیرو فەرمانبەری لێ بووە، کە (٤٩٠)یان ئەفسەر بوون »شاری سلێمانی م. جەعفەر»

ئەمانە ئەو دەستەبژێرەبوون کە ڕۆڵی کاریگەریان گێڕاوە لەسەر شانۆی سیاسیی کوردستانداو دابـەش بـوون بەسەر چەندین بـیـروبـاوەڕی جـیـاوازی وەک پشتیوانی شێخ مەحمودو دژیو تورکخوازو هەندێکیشیان وەک موستەفا پاشای یامولکی پێیوابووە؛ بەهۆی یارمەتی بەریتانیاوە دەبێت دەوڵەتی کوردستان دروستبکرێت.

تیاشیاندابوو، کە بە ڕادیکاڵو بەلشەویکو چەپڕەو ناسراوبوون، کە لە هەرە دیارەکانیان (جەمال عیرفان) بـوو، کە یەکەم کەسە لەناو کورددا لەسەر بیروباوەڕی سیاسیی تیرۆر کرابێت؟!

لە هەمان ساڵیشدا لەسەر دەستی مێجەرسۆن چاپخانە هاتە سلێمانیو یەکەمجار لە مێژووی سلێمانی دا ڕۆژنامەی پێشکەوتن لە چاپ درا، هەرچەندە ئەو چاپخانەیە ئینگلیز دایـنـابـوو بـۆ مـەرامـە سیاسییەکانی خۆیانو چاپکردنی ئەوراقی پێویستی دائیرەکان بوو، بەڵام کاریگەرییەکی فراوانی کردە سەر ڕۆشنبیرانو دەستەبژێری ئەوکاتە.

ئـەوەی دەربـارەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی سلێمانیو فاکتەری سیاسییو بازرگانییو خوێندەواری باسمانکرد، کۆمەڵگەیەکی شاریی دروستکرد، هـەروەک م.جەعفەر دەڵێ:«هەڵگری کلتوورێکی گشتییەو پشکی ئەرستۆکراتی خێڵەکیو تـوێـژی بنەماڵەی شێخزادەو زانایانی ئایینی دەستڕۆیشتوو کرێکارو زەحمەتکێشانی پێوەیەو هـەروا بە ئاسانی سنووریان بۆ دانانرێت».

ئەم کلتوورە گشتییە لە یەک سـەرچـاوە (نـاوچـە، خێڵ، دین، مـەزهـەب)وە نـەهـاتـووە، هەر بۆیە ئەو ڕایەڵانەی پچڕاندووەو تـێـپـەڕانـدووە، کـە لـەڕووی دەمارگیرییەوە دەیبەستنەوە بە «ناوچە، خێڵ، دین، مەزهەب» هەر ئەمەیە وای لێکردوون کاتێ زەکاتو باج سەندنی بە زۆری میرەکانی بابان لەپێناوی خۆشگوزەرانیی خۆیانو شـەڕی کورسی کردن لەنێوان خۆیاندا زیادی کرد، خەڵکی پایتەخت دژیـان بووەستێو لە ساڵی (١٨٨١) کاتێک کاربەدەستانی عوسمانلیو دەستەیەک لە شێخان زوڵـمو زۆرو بەرتیلو سەرانەو بێگاریی لە ڕادە دەرچوو، خەڵکی ئەمشارە ڕاپەڕیو لەتاو گەندەڵیی موتەسەڕیفی سلێمانی لە ساڵی (١٩٠٢) (عیصانی مـەدەنـی) بەرپاکردو مانگێک بازاڕی داخستو داوای (حریە) (عەدالە)تی سێجار پێشکەشی سوڵتان کردو لە ساڵی (١٩٢١)دا لە کۆی (١٩٠) موڵکداری سلێمانی (١٥٨)یان دەنگیان لە دژی لکاندنی کوردستان بە عێراقەوە داو داوای سەربەخۆییان کردوو لە ساڵی (١٩٣٠)دا ڕاپەڕینی (٦)ی ئەیلولی لە دژی ئینگلیز بەرپا کـردو قـورسـایـی ئـەو کـارەش لـە ئـەسـتـۆی خـوێـنـدەوارانو دەستەبژێری شارەکەدابوو. ئەم فاکتە مێژووییانەی باسمانکرد، حاڵەتی سایکۆلۆژی خەڵکی سلێمانیمان نیشان دەدات، کە کێشەی دەمارگیری نییە، بەڵکو بە درێژایی مێژووی خۆی دژی چەوساندنەوە ڕاوەستاوە، جا ئەو چەوساندنەوەیە سەرچاوەکەی بابان یان شێخان، یان تورک، یان ئینگلیز، یان عەرەب بووبێ.

واتە حاڵەتێکی سایکۆلۆژییە، کـە هەمیشە سـەیـری کـردەوە دەکـاتو بڕیاری لەسەر دەدات، واتە نە (ئینعزالیە) وەک کاک ئازاد جوندیانی تۆمەتباری دەکاتو نە (غەریبەش قبووڵ ناکات) هەروەک م. عەتا قەرداغی دەڵێت:

مامۆستا بۆ ئـەوەی بۆمان بسەلمێنێ گرفت لە سلێمانیدایەو بۆچوونەکەی ڕاستە نموونە لەسەر شێخ مەحمودو مەلا مستەفاو دواتر خۆیشی دەهێنێتەوە.

دەربـــارەی شێخ مەحمود پێماندەڵێت؛ نوخبەی سلێمانی لەگەڵ شێخ دا نەبوونو بەبێ ئەوەی ئەوەمان نیشان بدات، کە نوخبەی سلێمانی کێ بوونو کێیان ئەوەمان پێبڵێ هەر لە سەرەتاوە ناتەبا بوون، یان دواترو ئەوەشمان بۆ باس ناکات، کە کێشە لە حکومەتی شێخ مەحموددا بووە، یان نوخبەو خەڵکی سلێمانی.

پێماننالێت بۆچی جەمال عیرفان لە سەرەتاوە لە ڕێگەی دروسـتـکـردنـی ڕێـکـخـراوی سیاسییەوە هەوڵی داوە گوشار بخاتە سەر ئینگلیز بۆ ئەوەی شێخ لە تاراوگە «مەنفا» ئازاد بکرێو پاشان لە ساڵی (١٩٢٢) لەسەر بـیـروبـاوەڕی سیاسیی تیرۆر دەکرێو دواتر عارف سائیبیش بە دەردەکەی ئەو دەبرێت.

بۆمان باس ناکات بۆ قالەی ئایشەخان هەڵهاتو لە ترسی تـیـرۆرکـردن خـۆی گـەیـانـدە کەرکوکو ڕەشید جەودەتیش خۆی دایە پەنای سمکۆو دەربازبوو بۆ ئێران.

یان پێماننالێت، بۆ سەرەتا ڕەفیق حیلمی دژو دواتر هاوکاریی کردووە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە نوخبەی سلێمانی بە ڕەهایی پشتیوانی نە شێخو نە کەسی دیکەیان نەکردووە. هەرکاتێ کـاری باشیان کردبێ دەستخۆشیو بە پێچەوانەشەوە ڕەخنەیان لێگرتوون.

زۆرجار ئامۆژگاری شێخیان کردووە، هەروەک شوکری فەزڵی بە شیعر کردوویەتی وتوویەتی:

ئیشی ئەمڕۆ ڕوو لە هەورازە، سەرەولێژی نەکەی

بیری تێژیشی ئەوێ هەر بە دووعاو نوێژی نەکەی

گێرە شیوێنی کە کای کۆنی بەبادا لە کنت

چاکە هەر لێی خوری سەیری دەمو کاوێژی نەکەی

بەڵام کە شێخ گوێی نەدابێتێو هــــەروەک ڕەفـیـق حیلمی لە یاداشتەکەیدا دەڵێ: لەنێوان نوخبە «دەستەبژێرو حوکمداردا» دیوارێک لە خەنجەرو دەمانچە دروست کرابێ.

ئیتر ڕەخنەیان لێگرتووەو هەروەک حەمدی شاعیر بە ڕەخنەو تەنزەوە نووسیویەتی:

باسی تەشکیلاتی ئانی هەر ئەکەم بۆ پێکەنین

کەمترین بوو گەورەتر هەم گەورەتر بوو کەمترین

پـاشـان بـۆ ئــەوەی لێمان ئاشکرابێ، ئاخۆ هەموو نوخبەی سلێمانی دژی شێخ بوون؟ ئەوەندە بەسە سەیری کوێ ئەو شیعرانە بکەین، کە لە ستایشی شێخ دا وتراوە لە ژیانیو لەپاش مردنیشی، کە گەواهییە بۆ ئەوەی ئەو دەستەبژێرە سەرباری ڕەخنەکانیان بەرامبەر حوکمدارو مەلیکی کوردستان بێ وەفا نەبوونو ئەو دەستەبژێرە کوێرانە لەبەر خاتری شێخ مارفی نـودێ پشتگیرییو دوای شێخ نـەکـەوتـوونو بـڕوایـان وابـووە هەروەک مەحوی شاعیر دەڵێت:

واستەی ئەسڵو فەسڵ کەسی پێ نابێ بە خاوەن فەزڵ

کە تۆ کۆستەی بەتۆچی ڕیشی باوو باپیرت

واتــە کــردەوە پـێـوانـەی شایستەیی بەلای ئەو دەستەبژێرە بووە، «نەک ئەسڵو فەسڵ»، بۆیە ئەگەر جەنابی شێخ هەڵەی کردبێ باوباپیری نەیانتوانیوە ببن بە شفاعەت بۆی.


**خاوەنی ئیمتیاز:**
**کۆمپانیای وشە**

**سەرنووسەر:**
**ئاودێر شێخ عومەر**
٠٧٥٠١٥٨٧٧٧٧ - ٠٥٣٣١٩٢٠٠٣
awder.sh.omer@gmail.com

بەڕێوەبەری نووسین
**سیروان ڕەشید - هیوا جەمال**
٠٧٥٠١٥٢٢٥٢٨ — ٠٧٧٠١٥٧٦٩٠٦
serwan_rm@yahoo.com — hiwa.jamal@yahoo.com

کارگێڕیو ڕیکلامو ئاگاداری
٠٧٤٨٠١٢١١٤٤ - ٠٧٧٠١٢٠٣٩٤٩
info. rozhnama@gmail.com
riklam. rozhnama@gmail.com

**دابەشکردن:**
کۆمپانیای نێوەند ٠٧٧٠١٥١٧٥٣٣ - ٠٧٧٠١٥٤٤٧٨٠

**ئۆفیسی سەرەکیی:**
سلێمانی – بەختیاری – پشت بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پەروەردەی سلێمانی

**ئۆفیسی هەولێر:**
شەقامی زانکۆ ٩٤ نزیک چوارڕیانی حەمرین، تەنیشت بەڕێوەبەرایەتی ژینگەی هەولێر
٠٧٥٠٤٤٤٧١٠٩










چاپ: چاپخانەی زەرگەتە ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٩ - ٠٧٤٨٠٤١٢٣٦٨ - ٣١٩٠٥١٩

